کەمال سەعدی

# شەوانی باکۆ

رۆمان



رۆمان

# شەوانی باکۆ

ڕۆمان

# شەوانی باکۆ

کەمال سەعدی

کوردستانی عێراق/ هەولێر
سالی ٢٠٢٠ زایینی

* ناوی کتێب: رۆمانی شەوانی باکۆ.
* نووسەر: کەمال سەعدی.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* پیتچنین: دانەر.
* چاپخانە: تاران.
* چاپ: چاپی یەکەم، تاران ٢٠٢٠ .
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* نرخ: (٣٠٠٠) دینار.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٣٥٦) ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| لە هەولێرەوە بۆ باكۆ | ١٥ |
| پاركی تاركۆڤی | ٢٥ |
| بازاڕی باكۆی كۆن | ٢٩ |
| چەنەقەڵا | ٣٧ |
| ستاتوس كلاب | ٤٣ |
| قەڵاتی شەهیدان | ٥١ |
| قەسر و جەمع | ٥٥ |
| خیابانی نیزامی | ٦١ |
| مەلەوانگە | ٦٥ |
| گۆبەندی كەچەڵ | ٧٥ |
| بەرماڵ و قیبلەنامە | ٨٣ |
| گەڕانەوە | ٨٩ |
| یادگاری و لێپرسینەوە | ٩٣ |
| باكۆ و گەشتی سەری ساڵ | ٩٩ |
| لێپێچینەوەی گەشتیاریی | ١٠٧ |
| میترۆ خەتائی | ١١٧ |
| ژنە سەماكەرەكە | ١٢٥ |
| پێنج لیتر شیر | ١٣٥ |
| پیرەژنە هێلكە فرۆشەكە | ١٤٥ |
| ژنەكەی میترۆ كافێ | ١٥١ |
| تەنها گەوادی بۆ مایەوە | ١٦٣ |
| دەرپێی لەشفرۆشەكان | ١٦٩ |
| شەوێك لە لێواری دەریای خەزەر | ١٧١ |
| لە گەشتەوە بۆ كۆرۆنا | ١٩٥ |

هەرچەند جارێ زۆرم ماوە خانەنشین بم، بەڵام دەمێکە نـاوی خـۆم لە سەنتەری باخی شار تۆمـار کـردووە، ئێـواران لـەجیاتی سـوڕانەوە بـە دەوری قەڵات، دەچمە ئەوێ و لەژێر سێبەری دارێك دادەنیشـم. ئەوانـەی دێنە ئەو باخە، زۆربەیان کەسانی خانەنشین و بە تەمەنن، هەندێکیان لـە وەختـی بەسەرچـوودا دەژیـن و بـە گۆپـاڵ، یـان داری حـەیزەران خۆیـان ڕاگرتووە، تا دەگەنە ژوورەوە لە بێهێزییان نرکەیان لێوە دێت.

زۆریش هەن خانەنشین بوونە، بەڵام نایەن بۆ باخی شار، لە توانجی هاوڕێکانیان دەترسن نەك پێیان بڵێن گون شۆڕ، یان کێر مردوو! !

بۆیە هەموو کەسێك بوێری ئەوە ناکات بێتە ئەوێ، چونکە ئەو باخە چواردەوری تێلبەندە و لە دەرەوە زۆر بە جوانی ناوەوە دەبیندرێ.

زۆر حەزم لە کەش و هەوای ئەم باخەیە، ئەگەر لە ئێوارەوە تا خۆر ئـاوابوون لێـی دابنیشـم، قـەت بێـزار نـابم، بـەڵام کێشـەکە لێرەدایـە، هاوڕێیـەکم هەیـە لـە بـەر قسـەو قسـەڵۆکی خـەڵك شـەرم دەکـات لـەوێ دابنیشێت. بۆیە کە دێتە بازاڕ، لە بەر دەرگا چاوەڕێم دەکات، تەلـەفۆنم بۆ دەکات و دەڵێ وا هاتم. کە ئەو دێـت، ناچـار دەبم دەسـتبەرداری ئـەو شوێنە خۆشە بم و لەگەڵ ئەو فیتە بە دەورەیـەکی پشـت قـەڵات بکـەم و دواتریش بەیەکەوە بۆ شەقامی شێخەڵلا شۆڕ دەبینەوە و هەندێك میوە و

سەوزە دەکرین، دوایی بەرەو پردی سەیداوە شۆڕ دەبینەوە، چونکە ئۆتۆمبێلەکەی لە نزیك پردی سەیداوە ڕادەگرێت.

ئەو ماڵی لە گەڕەکی کورانە، بەڵام من لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ گەڕەکی ئازادی، ئینجا دەچێتە ماڵەوە.

نزیکەی ساڵێك دەبێت، تەنها ڕۆژانی هەینی لێ دەرچێت، هەموو ڕۆژێك ئەوە بەرنامەمانە. تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەشی بۆتە هاوڕێمان و لە دوورەوە دەمان ناسێتەوە، لە ناو دەیان ئۆتۆمبێلی سەر شەقامەکە، سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و بە زمانی جەستە بانگمان دەکات و پێمان دەڵێ وەرن، من لێرەم.

ئەو هاوڕێیەم، بێ لەو ئۆتۆمبێلە مۆدێل کۆنە، لاندکرۆزەرێکی لیکزسیی مۆدێل نوێشی هەیە، بەڵام بۆ هەموو شوێنێك نایبات، تەنها بۆ هەندێك شوێنی تایبەت نەبێت. زۆر جار ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی خراپ دەبێت ، بەڵام ئەو بەرنامەی خۆی تێك نادات، لەماڵەوە بە پیادە دێتە بازاڕو لاندکرۆزەرەکەی لێناخوڕێت. منیش پێی دەڵێم: (ئۆتۆمبێلە کۆنەکەت هیچی بە سەر هیچەوە نەماوە، کەوتۆتە ناو مەسرەف، لەجیاتی ئەوەی مانگانە ئەو پارە زۆرەی لێ خەرج بکەیت، باشتر نیە بیفرۆشیت و بە لاندکرۆزەرەکەت هاتوچۆ بکەیت؟).

ڕۆژێك پەیوەندییێکی تەلەفۆنیم بە ژمارەیەکی نەناسراو بۆهات، کە وەڵامم دایەوە، کەسێکی نەناسراو قسەی لەگەڵ کردم، وتی: من کڕیاری ئۆتۆمبێلی هاوڕێکەی تۆم.

منیش پێم وت: جا ئەوە چ پەیوەندییێکی بە منەوە هەیە؟

وتی: ئەو پێی وتم کە قسە لەگەڵ تۆ بکەم، ئەگەر تۆ ڕازی بیت، پێم دەفرۆشێت.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: من ڕازیم و بە دوو هەزار دۆلار پێتی دەدەم.

که وام پیێ وت، وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی، من دوو هەزارو حەوت سەد دۆلارم پێی داوە، ئەو داوای زیاتر دەکات.

ئەمەی وت و هاوڕێکەم تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرت و قسەی لەگەڵ کردم ئینجا وتی: چۆن دڵت دێت ئەم نرخە کەمە بۆ ئۆتۆمبێلەکەم دابنێیت؟

منیش وتم: دەمەوێ خزمەتت بکەم، لە خەرجییە زۆرەکانی چاککردنەوەی ڕزگارت بکەم.

ئەو هاوڕێیەم کەسێکی نوێژکەر بوو، لە گەڕانەوەماندا، کە مەلای مەغریب بانگی دەدا، دەچووە مزگەوت و نوێژی مەغریبی بە جەماعەت دەکرد. ماوەیەك بەرگەم گرت، دواتر بێزار بووم، پێم وت: ئەگەر تۆ بەردەوام دەبیت لە چوونە مزگەوت، بۆ خۆت بە تەنها وەرە، پێویست ناکات بەیەکەوە بگەڕێینەوە.

ئەلحەقی بە گوێی کردم و دڵی نەشکاندم، وازی لە چوونە مزگەوت هێنا. تا ماوەیك، کە دەگەیشتینە بەر دەرگای مزگەوتەکە، ئاوڕێکی لێی دەدایەوە و دەیوت: چی دەڵێی بچم بە خێرایی نوێژەکەم بکەم؟

منیش دەموت: مرۆڤ یەکجار قسە دەکات، ئەگەر بچیت، جارێکی تر لەگەڵت ناگەڕێمەوە.

لە ڕاستیدا، من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ مزگەوت نەبوو، بەڵکو جۆرێك هەستیاریم لەگەڵ کۆلکە مەلاکان بە گشتی و مەلای ئەو مزگەوتە بە تایبەتی هەبوو. ماوەیەك لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم دەچوومە ئەو مزگەوتە، پێش ئەوەی نوێژی جەماعەت دەست پێ بکات، دەچووینە ژووری مەلای مزگەوتەکە و لەگەڵی دادەنیشتین. چایەو ئاوی ساردمان دەخواردەوە و باسی هەندێك بابەتی ئایینیشمان دەکرد.

جارێك وتم: هەرچەند من لە حوجرەی مزگەوت نەمخوێندووە، بەڵام بە قەد نیوە مەلایەك لە شەریعەت دەزانم.

ئەویش وتی: لە کویٚ فێربوویت؟

وتم: هەر خۆی ئێمە لە چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ، چوار بابەتی سەرەکی شەریعەتی ئیسلامیمان خوێندووە، تەنها ئەوەندەش نا، بەڵکو بە حوکمی وەزیفەکەم، پەیوەندییێکی باشم لەگەڵ هەندێك زانای ئایینی هەبووە و زۆر شتیان لیٚ فێر بووم.

وتی: کێن ئەو زانا ئایینیانە؟

منیش ناوی سیٚ لەو مامۆستایانەم پێی وت.

کە گوێی لە ناوی ئەوان بوو، وتی: هەرچەندە ئەوان لە جامیع ولئەزهەر خوێندوویانە و دکتۆرایان لە شەریعەت هەیە، بەلاٚم تێڕوانینێکی مارکسیان بۆ ئایین هەیە و بە کەیفی خۆیان چەمکە ئایینییەکان لێك دەدەنەوە، هیچ بەهایەکیان بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەهێشتۆتەوە.

منیش وتم: بە داخەوە بۆ تۆ، وامزانی باش لە ئایین دەگەیت، بۆیە لەلات دادەنیشتم، ئەگەر بمزانیبایە ئەم بێڕێزییە بەرامبەر ئەم زاناو دانا گەورانە دەکەیت، ئامادەنەبووم بۆ یەك چرکەش لەگەڵت دابنیشم.

ئەمەم وت و هەستام چوومە دەرەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە سەرم بەو مزگەوتەدا نەکردەوە.

ڕۆژێك، وەکو ڕۆژانی پێشوو، فیتە بە دەورەمان بە دەوری قەلاٚتدا دەکرد، چاوم بە خاڵی هاوڕێیەکەم کەوت کە لە سوید گەڕابۆوە کوردستان، دوای سلاٚو کردن ، لێی پرسیم، وتی: خوارزایەکەم کەسێکی چۆنە؟

منیش وتم: کەسێکی باشە، بەلاٚم یەك عەیبی هەیە، کە مەلای مەغریب بانگ دەدات، خۆی دەکات بە نزیکترین مزگەوتدا و نوێژی بە جەماعەت دەکات.

ئەویش بە پێکەنینەوە پێی وتم: پێی باوەڕ مەکە، لە ترسی باوکی نوێژ دەکات، دەنا نایکات.

هاوڕێکەشم وتی: خوا بتانگرێت، بە خۆت و بە خاڵم هەر ئەوە مابوو پێمی بڵێن.

منـیش وتم: مـن هیچـم نـەوتووە، بـەڵام خاڵـت لـە مـن باشـتر تـۆ دەناسێت، بۆیە وات پێ دەڵێت.

کە ئەمەم وت، پێکەنی و هیچی نەوت.

بەم شێوەیە، لەو ڕۆژەوە هاوڕێیەکەم لە کاتی گەڕانـەوەمان هیچـی تر نەی دەوت: بچمە مزگەوت نوێژ بکەم!

مـن و ئـەم هاوڕێیـەم لەگـەڵ یـەکتری زۆر گونجـاو بـووین، زۆربـەی ئێـواران لـە بـازاڕ یـەکتریمان دەبینـی و بـە یەکـەوە لـە دەورەی قـەڵات دەسوڕاینەوە و دواییش یاغر یاغر بۆ شەقامی شێخەڵڵا شۆڕ دەبووینـەوە و میوەو تەڕەمان دەکڕی.

وای لێهاتبوو ئەگەر ڕۆژێك یەکتریمان نـەبینیبا، وام دەزانـی شـتێکم لێ ون بووە.

لە هاوینان دوو گەشتم بۆ دەرەوەی وڵات دەکرد، یەکێکیان لەگـەڵ هاوسەر و منداڵـەکانم، یـەکێکی تـریش لەگـەڵ گرووپـی گەشـتیاری. ئـەو کاتانەی کـە گەشـتم دەکـرد، هاوڕێیەکـەم هەسـتی بـە تـەنیایی دەکـرد و کاتی لێ نەدەڕۆیشت، کە دەگەڕامـەوە، پێـی دەوتم: ئـەم مـاوەی کـە تـۆ لێـرە نـەبوویت، بـۆ مـن زۆر نـاخۆش بـوو، بـە تـە نیـا بـە دەوری قـەڵات دەسوڕامەوە.

منیش پـێم دەوت: ئـەم گەشـتانە بـۆ مـرۆڤ زۆر پێویسـتن، مێشـکی مرۆڤ ساف دەکات و ئەو لۆدەی لەسەریەتی کەمی دەکاتەوە.

ئـەو وەکـو مـن نـەبوو، چـوونە دەرەوەی وڵاتــی نـەبوو، زۆربــەی کاتەکانی لە شاری هەولێر بەسەر دەبرد. ئێوارەیەك بە یەکەوە پیاسەمان دەکرد لە نکاوڕا وتی: منیش بڕیارمدا لەمەودوا هـەموو هاوینـان گەشـتێك بۆ ئەورووپا بکەم.

که ئەمەی وت، پێکەنینم بە قسەکەی هات، پێم وت: جارێ تۆ ئەم وڵاتانەی دەوروبەرمان ببینە، ئەوجا باسی چوونە ئەوروپا بکە!

وتی: بە ڕاستیمە، ئەگەر تۆ لەگەڵم بێیت، ئەم هاوینە دەچینە سوید،ماڵی خاڵم لەوێیە، تەنها پارەی پلیتی فڕۆکە دەدەین، خواردن و خەوتنمان لە ماڵی خاڵم دەبێت.

منیش وتم: بۆچی خۆمان بکەینە ئەرك لە سەر ماڵی خاڵت. ئەگەر تۆ بە ڕاستیتە، لەجیاتی سوید دەچینە وڵاتێکی نزیك، وەکو وڵاتی سوید خۆش بێت، ئەو برە پارەیەش کە بە پلیتی فڕۆکەی دەدەین بۆ چوونە سوید، دەیدەینە کۆمپانیایەکی گەشتیاری و بە ئازادی گەشت دەکەین.

کە وام پێی وت، قسەکەی منی پەسند کرد، وتی: پێت چۆنە دوای جەژن بچین؟

منیش وتم: خراپ نیە.

چەند ڕۆژێکی کەمی مابوو بۆ جەژنی قوربان، قسەی هاوڕێکەم زۆر بایەخیم پێنەدا، لەو باوەڕەدا نەبووم بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکات، بۆیە بە هەندم وەرنەگرت.

دوو ڕۆژی مابوو بۆ جەژن، درەنگی شەو تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: تۆزێك پێش ئێستا سەیری فێسبووکم کرد، کۆمپانیایەك ڕیکلامی بۆ وڵاتی ئازربایجان دەکرد. پێت چۆنە بۆ ئەوێ گەشت بکەین؟

وتم: منیش ئازربایجانم نەبینیوە، هیچ وڵاتێکی دەوروبەری عێراقیش نەماوە بۆی نەچووبم، سێ جاریش بۆ وڵاتی میسر چوومە، بۆیە ئەم بیرۆکەیەم پێ باشە، ئەوانەی گەشتیان بۆی کردووە، دەڵێن وڵاتێکی خۆش و دڵڕفێنە.

وتی: دیارە تۆ زانیاریت لەسەری هەیە؟

وتم: ئەوانەی کە بۆی چوونە، وەکو باسی دەکەن، زیاتر گەنجان ڕووی تێ دەکەن. ئەوەندەی بۆ کەسانی سەڵت دەست دەدات، بۆ خێزان دەست نادات.

وتی: مەبەستت چیە؟

وتم: بە کورتی شوێنی ڕابواردن و خۆشییە.

کە وام پێی وت، بە پێکەنینەوە وتی: کەواتە ئەو حۆریانەی کە مەلاکان باسی دەکەن، لەوێنە؟

منیش وتم: ڕێك ئەوهایە، وڵاتێکی گەشتیارییە، پێشتر بەشێك بووە لە یەکێتی سۆڤێت، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی، لە ٣٠ ئۆغستۆسی ساڵی ١٩٩١ لێی جیابۆتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە. وەکو ئێمە قوربانییێکی زۆریان لە پێناوی سەربەخۆیی داوە، یەکێکە لەو شەش دەوڵەتەی ناوچەی قەوقاز لە ئۆراسیا، دەکەوێتە سەر دەریای قەزوین.

ئەویش وتی: کەواتە با چاوەڕێی جەژن نەکەین، بەیانی سەردانی نووسینگەکانی گەشتیاری بکەین، ناوی خۆمان لە نووسینگەیەك تۆمار بکەین، نەوەك دوای جەژن شوێن نەمێنێت.

منیش وتم: زۆر نەماوە دەوامی قوتابخانە و کۆلێژ و پەیمانگاکان دەست پێ بکاتەوە، بۆیە منیش پێم باشە زووتر ناوی خۆمان تۆمار بکەین، نەوەك لە بەر دەستپێکردنەوەی دەوام، نەتوانین بڕۆین.

ئەوەبوو ڕۆژی دواتر پێش نیوەڕۆ لەگەڵ هاوڕێیەکەم بەیەکەوە ڕۆیشتینە بازاڕ. چەند نووسینگەیەکی گەشتیاریمان بەسەر کردەوە، نرخی گەشتەکانیان وەك یەك نەبوو، بۆیە بە دوای نرخێکی هەرزان گەڕاین.

لە شەقامی سی مەتری، لە نزیك گازینۆی عەنتەر چووینە نووسینگەیەکی گەشتیاری، دوای سڵاوکردن، وتم: دەمانەوێ بۆ وڵاتی ئازربایجان گەشت بکەین.

بەڕێوەبەری نووسینگەکەش وتی: ئێمە حەفتانە گرووپی گەشتیاریمان هەیە بۆ ئەوێ، بە پاسی گەشتیاری (ڤی ئای پی) گەشتیاران دەبەین.

منيش وتم: نەفەری بە چەند دەبەن؟

وتی: نەفەری بە دوو سەد و حەفتا و پێنج دۆلار دەبەین.منيش وتم: دەكرێ بزانين بەرنامەی گەشتەكەتان چۆنە؟

وتی: لە هەولێرەوە بە پاسی گەشتياری بەڕێ دەكەوين، لە ڕێگەی هاملتۆن، لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە بەرەو ئێران بەڕێ دەكەوين. بە شارەكانی ورمێ و تەورێز و ئەردەبيل ڕەت دەبين، لە وێشەوە لە مەرزی (بيلە سوار) دەپەڕينەوە و دەچينە ولاتی ئازربايجان.

منيش وتم: بەو پێيە بێ، كاتێكی زۆر بە ڕێگاوە دەبين؟

وتی: لە هەولێرەوە تا شاری باكۆ كە پايتەختی ئازربايجانە، نزيكەی شانزە كاتژمێری پێ دەچێت. بەلاَم ئەو پاسانەی كە گەشتيان پێ دەكەن، ڤی ئای پين و لە دانيشتن بێزار نابن. ئەمە و لە چەند وێستگەيەكيش، بۆ حەسانەوە و خۆبەتالكردن و نانخواردن، ڕادەوەستێ.

وتم: من زۆر حەزم لە لێواری دەرياية، ئەگەر شوێنی حەوانەوەمان لە ڕۆخی دەريا نزيك بێت، زۆر باش دەبێت.

وتی: ئەو هوتێلەی كە بۆ ئێوەمان گرتووە، پێنج ئەستێرەيە و لە دەرياش نزيكە، ژەمی نانخواردنی بەيانيانيش بە خۆڕاييە.

وتم: هوتێلەكە ناوی چيە؟

وتی: هوتێل كراون.

وتم: لە ئەنتەرنێت سەيری دەكەم، ئەگەر پێنج ئەستێرە نەبوو، هەروەها لە دەرياش نزيك نەبوو، گلەييتان لێ دەكەم.

وتی: ئەگەر وانەبوو، هەقی گلەييتان هەيە.

ئەوەبوو پاسپۆرتەكانمان دايە دەستی، پسوولەيەكی بە بڕی پارەكە پێداين و گەڕاينەوە ماڵەوە.

## له هەولێرەوە بۆ باكۆ

دوای حەفتەیەك پەیوەندییێكی تەلەفۆنیم بۆ هات، وتی: ڤیزەی گەشتكردنەكەتان بۆ ئازربایجان گەڕاوەتەوە، هەروەها ڤیزەی ئێرانیش بۆ هەردوو سەر دابین كراوە، خۆتان ئامادەبكەن ڕۆژی هەینی كاتژمێر حەوتی بەیانی لە تەرمینالّی هەولێر بەڕێ دەكەوین. منیش پەیوەندیم بە هاوڕێیەكەم كرد و پێم وت: هەواڵێكی خۆشم بۆتۆ پێیە؟

وتی: ناكات ڤیزەكانمان گەڕابێتەوە؟

وتم: چۆن زانیت؟

وتی: دڵم خەبەری پێدام، دەمزانی ئەمڕۆ هەواڵێكی خۆشم پێ دەگات.

منیش وتم: تا سواری پاس نەبیت، بڕوا ناكەم كە تۆ گەشت دەكەیت.

ئەویش بە پێكەنینەوە وتی: ئەوە نیە بلیتی گەشتكردنم بڕیوە، نیازیشم نییە پەشیمان ببمەوە و پارەكەم لە دەست بدەم.

وتم: بزانین چۆن دەبێ!!

وتی: ئێوارە لە بازاڕ یەكتر دەبینین و دەچینە نووسینگەكە، بۆ وەرگرتنەوەی پاسپۆرتەكانمان، هەروەها هەندێك شت بۆ ڕێگا دەكڕین.

وتم: زۆر چاکە، لە بازاڕ چاوەڕێت دەکەم.

ئێوارە چومە لای ئومێد لە کتێبخانەکەی، چایەکی تاڵم خـواردەوە، دوای تۆزێك ئاراس و کامەرانیش هاتنـە ئـەوێ. ئومێـد ڕووی تـێ کـردم و وتی: بەچی خەریکی، بەنیازنیت ئەم هاوینە گەشتێك بکەیت؟

وتم: نیازم وایە لەگەڵ ئاکۆ بە یەکەوە گەشتێك بۆ وڵاتی ئازربایجان بکەین و بچینە شاری باکۆ.

کە وام وت، بـە سـەر سـوڕمانەوە وتـی: ئـەوە تـۆ چـی دەڵێـی، بـە چاوی خۆم ئاکۆ ببینم، بڕوا ناکەم.

منیش وتم: بۆچی وا دەڵێی؟

وتی: ئاکۆ قاچێکی لە مزگەوتە و قاچەکەی تری لە ماڵەوەیە، چـۆن دێتە وڵاتێکی وەك ئازبایجان و شارێکی وەك باکۆ، کە بە وڵاتـی ڕابـواردن و خواردنەوە و شـەوانی سـوور ناوبـانگی دەرکـردووە. ئەگـەر نـاوی هـەر کەسێکی ترت بوتبا، باوەڕم دەکرد، بەڵام ئەو نا.

منـیش وتم: منـیش وەکـو تـۆ بڕواناکـەم، پـێم وتـووە تـا سـنووری کوردستان بەجێ نەهێڵین بڕوا ناکەم.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، زەنگـی مۆبایلەکـەم لێـی دا. ئومێـد وتـی: دەزانم ئەوە ئاکۆیە تەلەفۆنت بۆ دەکات، پێی بڵێ با بێتە ئێرە.

مۆبایلەکــەم لــە گیرفــانم دەرهێنــا و وەڵامــیم دایــەوە، ســڵاوی ئامادەبووانم پێی گەیاند و وتم: ئومێد و برادەرانی تر دەڵێن بێتە ئێرە.

ئـەویش وتـی: ئێسـتا لـە نزیـك پـردی سـەیداوەم، ئۆتۆمبێلەکـەم ڕادەگرم و دێمە لاتان.

ئومێد وتـی: دیـارە کـە دێتـە بـازاڕ ئۆتۆمبێلەکـەی لـە نزیـك پـردی سەیداوە ڕادەگرێت؟

منیش وتم: ئەوە بۆ پێـنج سـاڵ دەچـێ، لەگـەڵی هاتوچـۆ دەکـەم، هەنـدێك جـار ئۆتۆمبیلەکـەی لـە سـەر شـەقام لـە نزیـك پـردی سـەیداوە ڕادەگرێت، دەنا بە زۆری لە گەراجێك لە گەڕەکی عەرەبان ڕای دەگرێت.

ئەویش وتی: ئەگەر بزانیت مانگی چەندی دەداتێ؟
منیش وتم: هیچی ناداتێ.
وتی: شتی وا چۆن دەبێ؟
وتم: منیش وەکو تۆ سەرم لێی سوڕمابوو، نەم دەزانی بۆچی پارەی ناداتێ. وام دەزانی ناسیاوی خاوەن گەراجەکەیە، یان هاوڕێی منداڵین، تا ڕۆژێك لەگەڵ برای ئاکۆ گەڕامەوە، لە کاتی چوونە دەرەوە، هەزار دیناری دایە خاوەن گەراجەکە. کە ئەم دیمەنەم بینی، پێم وت (بۆچی پارەت نەدا؟)
وتی: حەزناکەم بۆ هەزار دینار چاوی خۆم پان بکەمەوە، ئەگەر پارەی نەدەمێ، ئەویش هەر ڕۆژەی داوایەکم لێ دەکات، منیش حەزم لەو شتانە نیە، پارەی خۆم دەدەم، باشترە لەوەی منەتی هەڵگرم.
منیش وتم: دەنا ئاکۆی برات قەت دەست ناخاتەوە گیرفانی و پارەی گەراج نادات.
ئەویش وتی: ئەو کەیفی خۆیەتی ، من وەکو ئەوم پێ ناکرێ.
کە ئەوەم وت، ئومێد وتی: کە ئەو دڵی نەیەت هەزار دیناری گەراج بدات، چۆن دڵی دێت برە پارەیەکی زۆر بۆ گەشتکردن خەرج بکات؟
منیش وتم: ئەو پارەی گەشتەکەی داوە، تۆ بڵێی لە دوا چرکەدا پەشیمان بێتەوە ! !
کە وام وت، ئاراس وتی: واز لەم قسانە بینن، بۆچی ئێوە خۆتان بەم شتە سەرقاڵ دەکەن.
ئەمەی وت و ڕووی لە من کرد و وتی: ئەگەر گەشتت کرد، چیم بە دیاری بۆ دەهێنیت؟
وتم: تۆ دەڵێی کێرم خەوی لێ کەوتوو، لەوێ دەرمانێکی باشت بۆ دێنم، شێت و هاری بکات و لەو خەوە قورسە وەئاگای بێنێت.
کە ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: هەچەند بڕوا ناکەم وەئاگا بێت، بەڵام بۆم بهێنە بزانم چی لێ دەکات.

ڕووم لە ئومێد کرد و پـێم وت: تۆشـم لـەبیر نـەکردووە، دەزانم ئـەم ماوەیــە لەگــەڵ نــازدار حەیرانەکــەت چــوونە دەرەوەتــان زۆر بــووە و پێویستت بە دەرمانە. دانەیەکیش بۆ تۆ دێـنم، تـا کێـرت چـالاك بکـات و بتوانیت بە ئەرکی خۆت هەستیت.

ئەویش وتی: بزانین چۆن دەبێت.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، ئاکۆ هاتە لامـان. دوای سـڵاوکردن، ڕووی لــە مــن کــرد و پێــی وتم: کاتەکــەی درەنگــە، بابچــینە بــازاڕ، جانتــای گەشتکردنم نیە، دەمەوێ جانتایەکی گەورە بکرم بۆ گەشتەکەی باکۆ.

کە ئەمەی وت، ئومێد پێی وت: وەکو زانیومە باکۆ، شاری خۆشی و ڕابواردنە، لەوەتی تۆش دەناسم، قاچێکت لە مزگەوتـە و قاچـەکەی تـرت لە ماڵەوەیە، تاکو ئێستا بـۆ هـیچ وڵاتێـك نەڕۆیشـتوویت، چـۆنە دەچـیتە ئەوێ؟!

ئـاکۆش وتـی: مـن بـۆ ڕابـواردن ناچـم، دەمـەوێ کـەش و هەوایـەك بگۆڕم و گەشتێك بە ناو سروشتە دڵڕفێنەکەی ئەو وڵاتە بکەم.

ئەمــەی وت و بــە یەکــەوە چــوینە بــازاڕ، لــە بــازاڕی قەیســەری بەرماڵێکی نوێژکردنی کڕی، منیش پێم وت: ئەم بەرماڵەت بۆ چییە، ناکـا لەگەڵ خۆت بیهێنیتە باکۆ؟!

وتی: چۆن زانیت؟

وتم: بڵێم چی، ئەگەر بۆ ئەوێت نەبێ ئەی بۆ چیتە، هیچ ماڵێـك نیـە بەرماڵی نوێژکردنی تیا نەبێت.

وتی: ئەم بەرماڵە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەرماڵەکانی تر، بە تایبەتی بـۆ گەشـتکردن دروسـت کـراوە، قیبلەنامەیـەکی لـە پێشـەکەی چەسـپ کراوە، لە هەر شوێنێك دایبنێیت، بە هۆی قیبلەنامەکەی، دەزانـین قیبلـە ڕووی لە کوێیە.

منیش وتم: کەواتە تۆ بە نیاز نیت لەگەڵ من بێیتە یانـەی شـەوان و هۆلی دیسکۆ و مەلەوانگە و لێواری دەریا؟

وتـی: تـۆ ئازادیـت دەچـیتە کـوێ و کاتـەکانت لـەوێ چـۆن بەسـەر دەبەیت. هەقیشت لە سەر من نەبێت، ئەگەر نوێژ بکەم و بچمە مزگەوت.

منـیش وتم: ئەگـەر لەبـەر مزگـەوت دێیتـە ئـەوێ، باشـترە بچـیتە مەککە و مەدینە، حەج و عومرە بێنیتەوە.

وتی: لە بەرنامەم دانیە وا زوو حەج و عومرە بکەم.

منـیش وتم: تـۆ ئازادیـت، زۆریـت لێ ناکـەم، کـە گەیشـتینە ئـەوێ، ئەگەر ویستت لە یانەی شەوان و لێواری دەریا لەگەڵم بەشدار بە، دەنا بۆ کوێ دەچیت و چۆن کات بەسەر دەبەیت، وا بکە.

بـە دەم ئـەم قسـانەوە، لـە نـاو بـازاڕ دەخولاینـەوە، گەیشـتینە شەقامی سیروان، چاوی بە هەندێك جانتـا کـەوت، ڕووی تێکـردم و وتـی: ئەمە یەکەم جارمە بۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەم، تـاکو ئێسـتا جانتـای گەشتم نیە، دەمەوێ لەم دوکانە، جانتایەکی گەورە بکڕم.

منیش وتم: مـن سـاڵانە بـۆ دەرەوەی وڵات گەشـت دەکـەم، هـەموو سـاڵێك جانتایـەکی نـوێ دەکـڕم، چـونکە منداڵـەکانم دەیبـەن و نایگەڕێننەوە.

ڕۆیشتینە لای جانتا فرۆشەکە، جانتایەکم لێ کڕی. ئـەویش بـە نیـاز بوو جانتایەکی لێ بکڕێت، بەڵام لە سەر نرخەکەی نەگەیشتنە یـەك، ڕووی لە من کرد و وتی: لـە ژێـر زەمینەکـە هەنـدێك دووکـانی جانتـا فرۆشـتنی لێیە، با بچین بۆ ئەوێ، بە نرخێکی کەمتر دەیکڕم.

منـیش وتم: نـاتوانم ئەوەنـدە لـە سـەر قاچـەکانم بوەسـتم، ئـەژنۆم دێشێ، من دەچمە پارکی نیشتمان لە سەر کورسیێك دادەنیشم، تا تۆ لە مەعامەلەی خۆت دەبیتەوە و جانتایەك دەکڕیت.

بـەم شـێوەیە ئـەوم لـەوێ بـەجێ هێشـت و منـیش چـوومە پـارکی نیشتمان لەوێ پشووم دا. دوایی ئەویش هاتە لام و بە پێکەنینـەوە وتـی: تۆ نازانی مەعامەلە بکەیت، خۆت بە شت دادەدەیت، بـە نرخێکـی کـەمتر لە نرخی جانتاکەی تۆ کڕیم.

منیش وتم: ئەوەی بە تۆ دەکرێ، بە من ناکرێ، من ئەو سەلیقەیەم نیە، بۆ کڕینی شتێك یەك کاتژمێر مەعامەلە بکەم.

بە هەرحاڵ، جانتاکەمان هەڵگرت و بە پیاسە بەرەو شەقامی شێخەڵلاَ ڕۆیشتین، لە وێشەوە چووینە لای ئۆتۆمبێلەکەی لە نزیك پردی سەیداوە. جانتاکانمان خستە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکە و چووینە نووسینگەی گەشتیارییەکە و پاسپۆرتەکانمان وەرگرتەوە و دوایش بۆ ماڵ گەڕاینەوە.

بەیانی پێش کاتژمێر حەوت، کوڕەکەم بە ئۆتۆمبێلەکەی منی بردە تەرمیناڵ، دوای تۆزێك ئاکۆی هاوڕێشم هات و سواری پاسەکە بووین و بەرەو وڵاتی ئازربایجان بەڕێ کەوتین.

پێش نیوەڕۆ گەیشتینە مەرزی حاجی ئۆمەران و لە وێشەوە پەڕینەوە و بەرەو شارۆچکەی خانێ بەڕێ کەوتین.

لە خانێ لاماندایە ڕیستورانتێك، نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، دوای پشوێکی کورت، سواری پاسەکە بوین و بەرەو شاری ورمێ بەڕێ کەوتین، ئێوارە گەیشتینە ورمێ. لە وێشەوە بێ ڕاوەستان بۆ شاری تەورێز بەڕێ کەوتین. شاری تەورێز لە شاری ورمێوە سەدو چل و پێنج کیلۆمەتر دوورە، دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە ئەوێ.

لە تەورێز لاماندایە ڕیستورانتێك، پشوویەکی کورتمان دا و نانی ئێوارەشمان لەوێ خوارد، دوایی بەرەو شاری ئەردەبیل بەڕێ کەوتین. ئەردەبیل دوو سەد و بیست و یەك کیلۆمەتر لە تەورێزەوە دوورە، دوای سێ کاتژمێرو نیو گەیشتینە ئەوێ.

پێش ئەوی بچینە مەرزی بیلە سوار، لاماندایە ڕیستورانتێك، پشوێکی کورتمان دا و چایەکی دیشلەمەشمان فڕ کرد و ئینجا ڕۆیشتینە مەرزەکە.

بەر لەوەی بگەینە مەرزی بیلە سوار، پاسەکەمان بە هۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە ڕاوەستا، ئاسمان تاریك و ڕوون بوو، ئەو

شوێنەی پاسەکەی لێ ڕاوەستا، شوێنێکی چۆڵ بوو، لە ئێمە بەولاوە کەسی تری لێ نەبوو. گەشتیارەکان دەستیان بە پرتە و بۆڵە کرد، شوفێری پاسەکەش بێ ئەوەی گوێ بە پرتە و بۆڵەی ئێمە بدات، لەگەڵ سەکنەکەی چوونە ژێر پاسەکە و خەریکی چاکردنەوەی بوون. ئەوان بە زمانی فارسی دەئاخافتن، ئێمە هیچیان لێ تێنەدەگەیشتین، ناوە ناوەش بەسەر دەکەوتن و سلفێکیان لە پاسەکە دەدا و هەندێکی تر دەڕۆیشتن.

تا گەیشتینە مەرزی بیلە سوار، لە سێ کاتژمێر زیاتر لە کاتی خۆی دواکەوتین و ڕۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان. جانتاکانمان خستە ناو ئامێری پشکنین و پاسپۆرتەکانمان مۆر کرد و ڕۆیشتینە مەرزی ئازربایجان. لەوێش جارێکی تر جانتاکانیان پشکنین و مۆریان لە پاسپۆرتەکانماندا.

کە لە مەرزی ئازربایجان پەڕینەوە، شوفێرەکەمان بۆ چاکردنەوەی پاسەکەی، لە بەردەم دوکانێکی پەنچەرچی، پاسەکەی ڕاگرت. بەلاَم پەنچەرچییەکە سەیری نەکرد، وتی: سەرم لێی دەناچێ. بۆیە شوفێرەکە و سەکنەکەی بە ناچاری جارێکی تر چوونەوە ژێری و هەندێك خەریکی بوون.

گەشتیارەکانیش لە شوێنی خۆیان دەستیان کردەوە بە پرتەو بۆڵە بۆڵ، زۆر لەناو پاسەکە ماینەوە، لە ماندوو بوونان قاچەکانمان ڕەق ببوون. زۆر هەوڵمان لەگەڵ دا کە تەلەفۆن بۆ تەرمینالێ بکات و پاسێکی ترمان بۆ بەکرێ بگرێت، بەلاَم سوودی نەبوو، ئەو هەر ڕشت بوو لە سەر ئەوەی بەو پاسە شرە بمانگەیەنێتە شاری باکۆ.

ئەو شوێنەی کە لێی ڕاوەستابووین، لە دووکانی ئەو پەنچەرچییە بەولاوە هیچ دووکانی تری لێ نەبوو. من و ئاکۆ و هەندێك گەشتیاری تر، ڕێککەوتین کە لە سەر خەرجی خۆمان مینی پاسێك بگرین و بچینە باکۆ.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆیشتینە سەر شەقامی سەرەکی و نزیکەی نیو کاتژمێر ڕاوەستاین، دەستمان لە زۆر ئۆتۆمبێل ڕاگرت، هیچیان ڕایان نەگرت. بۆیە بە ناچاری گەڕاینەوە لای پاسەکەمان.

به هـەرحاڵ، جـارێکی تـر شـوفێرەکە سـلفی لـە پاسـەکە دایـەوە و بـەرەو بـاکۆ بـەڕێ کـەوتین. بـەهۆی کێشـە تەکنیکییەکەیـەوە، پاسـەکە هاوسەنگی لـە دەسـت دابـوو، دەتـوت کـۆتری بـاڵ شـکاوە، بـە لایەکیـدا چەمابۆوە، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئێستا نا ئێسـتا وەردەگـەڕێت، ئەگـەر نەشمرین، کەل و کرۆم دەبین). لە گیانی خۆمان وەڕس ببووین.

شوفێری پاسەکە لە ترسی وەرگەڕانی پاسەکەی، لە سی زیاتر لێـی نەدەخوڕی. بۆیە تا گەیشتینە شاری بـاکۆ، ئێوارەمـان بـە سـەر داهـات. ئێمەی بردە بەردەم هوتێلی کراون و وتی: ئێرە شوێنی حەوانەوەتانە.

ژن و پیاوێك لە بەردەم هوتێلەکە ڕاوەستا بوون، چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، کە چاویان بە ئێمە کەوت، پێشوازییان لێکردین. پیاوەکە قـۆڵ و باسـکی تـا ئانیشـکی تـاتۆ کردبـوو، خـۆی پـێ ناسـاندین وتـی: نـاوم ئەحمەدە، ڕێبەری گەشتیاری گرووپەکەتانم. ژنەکەش فستانێکی سووری کورتی لەگەڵ تیشێرتێکی نیو قۆڵی یاخە کراوەی پەمەیی پۆشی بوو، لـە دوورەوە بە سەماکردن هاتە لامان و خۆی پێ ناساندین وتـی: نـاوم سـارا ئازەرییە و یاریدەدەری ئەحمەدم.

سارا ئازەری ژنێکـی جـوان و ناسـك و خـوێن شـیرین بـوو، دەم بـە خەندە و ڕووخۆش بـوو، دەتـوت ئاسـکە، لەگـەڵ ڕۆیشـتن هـەموو لەشـی دەلەریەوە. کە چاومان پێی کەوت، ماندووبوونی ڕێگامان لە بیر چۆوە.

ئەحمــەد ڕووی تێکـردین وتــی: مـن تورکمـانم، عێـراقیم، خــەڵکی شارۆچکەی پردێم. ماوەی دوو ساڵە لە کۆمپانیای پاندا کار دەکـەم، ئـەو خاتوونەش یارمەتیدەری منە.

لەبەر سارا ئازەری ئاگام لـە ڕێبـەرە گەشـتیارییەکەمان نـەبوو چـی دەڵێ، زەینم لای سارا ئازەری بوو. زۆر سەرسـام بـووم بـە جوانیەکـەی، دەتـوت حـۆری دەریایـە، چـاوەکانی شـینێکی قـەزوانی بـوون، شـەڕیان لەگـەڵ ئاسمـان دەکـرد، هێنـدە ڕوون بـوون، وێنـەی خـۆمم لـە ناویـان

دەبینیەوە، بەژن و باڵای شووشەیی بوو، دەتوت دار چنارە، دووگمەکانی سینەی کرابوونەوە، خەیاڵم لای مەمکەکانی بوو، دەتوت سێوی لاسورن بە دارێوە، لە تاوان ئاو لە دەمم دەهات، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت دەستیان پێدا بێنم و بە نەرمی بیانگوشم).

لێمان نزیك بۆوە و بە زمانی تورکی سڵاوی لێ کردین و لە بارەی پرۆگرامی گەشتەکەمان قسەی بۆ کردین.

ئەوانەی زمانی تورکیان دەزانی، سەری خۆیان بۆی لەقاند و بە زەردەخەنەیەك وەڵامیان دەدایەوە. منیش هیچی لێ تێنەگەیشتم، وەکو کەڕولاڵ لە بەرامبەری وەستابووم، لە دڵی خۆمدا دەموت (دوو وشەی تورکیم بزانیبا، بۆ ڕۆژێکی وا باش بوو، تا لەبەر جوانییەکەی موجامەلەم بکردبا)، بەڵام ئەفسووس ڕقم لە تورکیای عوسمانی داگیرکەر دەبۆوە، هەر بۆیە ڕۆژێك هەولم نەدا فێری زمانی تورکی بم. تەنانەت لە دوای ڕاپەڕینیش، سەرۆکی زانکۆ پێی وتم: دوانزە کورسی خوێندنی دکتۆرامان لە تورکیا بۆ تەرخان کراوە، یەکێك لەو کورسییانە دەدەینە تۆ، ساڵی یەکەم کۆرسی زمانی تورکی وەردەگرن، دواتر دەست بە خوێندن دەکەن.

کە سەرۆکی زانکۆ ئەوەی پێ وتم، لە جیاتی سووپاسگوزاری بم و بۆ خوێندن بچمە تورکیا، بە ڕەقی وەڵامیم دایەوە و پێم وت: دەتەوێ بەو ئاخیری تەمەنم ببمە تۆرانی و لە بەر خاتری بڕوانامەیەك بە زمانی تورکی بخوێنم؟.

ئەگەر دەمزانی ڕۆژێك دێت، خۆم لە بەرامبەر شاجوانێکی ئازەری دەبینمەوە، قەت لەو فرسەتەم باز نەدەدا، لەبەر خاتری ئەو خۆم فێری زمانی تورکی دەکرد.

ڕێبەری گەشتیاری گرووپەکەمان پاسپۆرتەکانی لێ وەرگرتین و وتی: ئێوە لە هۆڵی هوتێلەکە دابنیشن و پشوێك بدەن، تاکو لەگەڵ بەڕێوەبەری هۆتێلەکە ژوورتان بۆ تەرخان دەکەین.

ئیتر ئەوەبوو دوای پشوێکی کورت، ئێمەیان بە سەر ژوورەکان دابەش کرد، من و ئاکۆ بە یەکەوە لە نهۆمی سێیەم ژوورێکیان بۆ تەرخان کردین. بەر لەوەی جانتاکانمان هەڵگرین و بچینە ژوورەکەمان، ڕێبەرە گەشتیارییەکەمان پێی وتین: ئەم شەو هیچ بەرنامەمان نیە، سبەی ئێوارە کاتژمێر چوار بە کاتی باکۆ دەچینە پارکی (تارکۆڤی) لە ڕۆخی دەریای قەزوین و بە دەم دیمەنە دڵڕفێنەکانی ئەوێ پیاسە دەکەین و هەر لەوێش دەچینە بازاڕی ڤینیسیا کە بازاڕێکی قەشەنگەو وەکو شاری ڤینیسیای ئیتاڵی چوار دەوری بە ئاو گیراوە، ئەگەر حەز بکەن، بە سواری بەلەم گەشتێك بە ناو ئاوەکە دەکەین.

کە وای وت، بازاڕی ڤینیسیای تورکیام بە بیر هاتەوە، لە هاوینی ساڵی ڕابردوو، خۆم و هاوسەر و منداڵەکانم کە لە ئەستەنبۆڵ بووین ئێوارەیەك چووینە ئەوێ، بە سواری بەلەم لە ناو ئاوەکەی سوڕاینەوە.

# پارکی تارکۆڤی

ڕۆژی دواتــر دوای نــانی نیــوەڕۆ، ڕێبــەرە گەشــتیارەکەمان کــۆی کردینەوە و بە پاسێك ئێمەی بـردە پـارکی تـارکۆڤی لـە لێـواری دەریـای قەزوین. ئەم پارکە دەڕوانێتە سەر دەریا و ڕووبەرەکەی زۆر گەورەیە، بە گوڵ و گوڵزاری جوان و چیمەنی سەوز ڕازاوەتەوە و ناوە ناوەش کورسی لە ناو هەیە بۆ پشوودان، هەروەها هەندێك کوشکی خنجیلانەی فرۆشـتنی ساردی و شیرینەمەنی تیایە.

دیمــەنی دەریــا زۆر دڵڕفێنــە، باڵنــدە ماســی گرەکــان لــە هــەموو لایەکەوە ڕوویـان تێـی کردبـوو، نـاوە نـاوە ماسـیێکی بچـووکیان لـە نـاو ئاوەکە دەردەهێنا و دەیانخوارد، هەروەها کۆترە کێویەکانیش بە ئازادی و بە بێ تـرس لـە نـاو چـیمەنەکە دەخولانـەوە. کۆترەکـانی ئـەوێ وەکـو ئەوانەی لای خۆمان نەبوون، کە لێیان نزیك دەبووینەوە، نـەدەفڕین، زۆر هۆگری مرۆڤ بوون، دڵنیا بوون لەوەی کە کەس ئازاریان نادات.

کـە ئـەم دیمەنـەم بینـی، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (لای خۆمـان کـۆترە کێویــەکان ڕاو دەکــەن و لــە بــازاڕی ئیســکان و تــەعجیل بــە کــولاوی دەیانفرۆشن، هەر بۆیە کە چاویان پێمان دەکەوێ، لە ترسان لـە شـەقەی باڵ دەدەن و دەفڕن).

ئەمەو کۆمەڵێك کارمەندی ژن بە ناو پارکەکەدا بڵاو بووبوونەوە و خۆڵ و خاشاکی پارکەکەیان پاك دەکردەوە. لە ڕێبەرە گەشتیارەکەمانم پرسی وتم: بۆچی لێرە ژن لە جیاتی پیاو کاری پاك کردنەوە دەکات؟

وتی: لێرە ڕێژەی ژن لە پیاو زیاترە، بۆیە لەجیاتی سەرقاڵکردنی پیاوان بەم کارە، ئەم ئەرکەیان بە ژنان سپاردووە. لێرە هەموو کەسێك کاردەکات بۆ ئەوەی بژیت، وەکو لای خۆمان نیە، هەندێك کار بکات و هەندێکیش تەماشایان بکات!!

لەگەڵ ئاکۆ بە دەم ڕۆیشتنەوە باسی جوانی ئەو شارەمان دەکرد، لە دوورەوە زاهید و ئیبراهیممان بینی، بەرامبەر سارا ئازەری ڕاوەستابوون، بە سەرسامیەوە تێیان دەڕوانی. هەرچەند ئەوان دوو پیاوی بە تەمەن بوون، بەڵام دڵیان تەڕ بوو، بە بینینی ئەو خاتوونە بە جلی نیمچە ڕووتەوە، ئاو لە دەمیان دەهات.

سارا ئازەریش لە ژێر سێبەری دار چنارێك ڕاوەستابوو، چاویلکەی لە چاوەکانی کردبوو، ستراپێکی سووری کورتی پۆشی بوو، وەکو ژنە هیندۆزەکان سکی بە ڕووتی دیاربوو، مەمکەکانی بە قەد قەبارەی پرتەقاڵ بوون، لە بەر توندو تۆڵییان، لە سەر سینەی ڕەق ڕاوەستابوون.

لێی نزیك بوومەوە، داوام لێی کرد وێنەیەکی لەگەڵ بگرم. بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دامەوە و مۆبایلەکەی لە دەست وەرگرتم و بە دەستە نەرم و نۆڵەکانی وێنەیەکی سێلفی لەگەڵ گرتم.

کە ئاکۆ ئەمەی بینی، ئەویش هاتە لای و داوای لێ کرد کە وێنەیەکیش لەگەڵ ئەو بگرێت. وینەیەکی لەگەڵ ئەویش گرت.

ئاکۆ تەسبیحێکی سەوزی پێ بوو، لە هەولێر کڕیبووی، زۆر شانازی پێوە دەکرد، هەموو جار دەیوت ئەم تەسبیحە بەوە نیە کە بچووکە، لای من زۆر بە نرخە، کە دەچمە مزگەوت لەگەڵ خۆمی دەبەم، کە لە نوێژ دەبمەوە تاعەتی پێ دەکەم. تەسبیحەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و

پێشکەشی سارا ئازەری کرد و پێی وت: ئەم تەسبیحەت بۆ یادگاری، بە دیاری پێشکەش دەکەم.

کە زاهید و ئیبراهیم ئەوەیان بینی، ئەوانیش شەرمیان شکا و هاتنە لای، داوایان لێی کرد وێنەیەکیش لەگەڵ ئەوان بگرێت.

دوای ئەوە هەموومان پێکەوە ڕۆیشتینە بازاڕی ڤینیسیا کە تۆزێك لە سەرەوەی ئەو شوێنەبوو کە ئێمەی لێ بووین.

# بازاڕی باکۆی کۆن

ئێوارە گەڕاینەوە هوتێل، ڕێبەرە گەشتیارەکەمان لە ڕێگا پێی وتین: دوای خۆرئاوابوون، بە پاسێك دەتانبەم بۆ بازاڕی باکۆی کۆن، بۆ سەیرکردنی ئاسەوارەکانی شاری باکۆی کۆن و کڕینی دیاری و کاری دەستی. ئینجا لەوێوە دەتانبەم بۆ یانەی شەوانی (چەنە قەلاّ) و لەوێ شوێنم بۆتان گرتووە، نەفەری بە چل مەنات، بە خواردن و خواردنەوەوە.

هەندێك دادوەر و داواکاری گشتیمان لەگەڵ بوو، کە گوێیان لە یانەی شەوان بوو، خۆیان دزیەوە و لەگەڵمان نەهاتن. ئاکۆش پێی وتم: من تەنها لەگەڵتان بۆ بازاڕی باکۆی کۆن دێم، بۆ یانەی شەوان نایەم.

منیش وتم: بۆچی؟

وتی: دانیشتن لەو شوێنانە حەرامە، من کەسێکی نوێژکەر و ڕۆژوو گرم، لەوەتی خۆم ناسیوە، سەرم بە شوێنی وادا نەگرتووە.

منیش وتم: خەڵکی ئێرە زۆربەیان موسڵمانن، وابزانم مزگەوتیشی لێیە، دەتوانی بچیتە مزگەوت، یان بگەڕێیتەوە هوتێل، تا دێینەوە بۆخۆت هەر نوێژ بکە.

کە گەڕاینەوە هوتێل، لە گەرماوەکە دوشێکمان وەرگرت و جلەکانمان گۆڕی و جلی ترمان لەبەرکرد و چووینە ساڵەی هوتێلەکە

دانیشتین. دوای تۆزێک ڕێبەرەکەمان لەگەڵ سارا ئازەری یاریدەدەری هاتنە لامان. دوای سڵاوکردن، ڕێبەرەکەمان وتی: بۆچی هەندێک لە هاوڕێیەکانتان دیارنین، دیارە نایانەوێ بێنە چەنە قەلاّ؟

ئاکۆش وتی: ئەوان وەکو ئێمە نین، وەزیفەیەکی هەستیاریان هەیە، لە قسەی خەڵک دەترسێن بۆیە نایەنە شوێنی وا.

ڕێبەرەکەشمان وتی: بۆچی ئەوان پیشەیان چییە؟

ئاکۆش وتی: هەندێکیان دادوەر و ئەوانی تریش داواکاری گشتین.

ڕێبەرەکەشمان وتی: ئەو شوێنەی ئێمە بۆی دەچین، شوێنێکی موحتەرەمە و هەموو جۆرە کەسێک بۆی دەچێت، دەترسم ئەوان بە شوێنێکی خراپ تێی گەیشتبن؟!

ئاکۆش وتی: لای ئێمە هەموو کەسێک ناچێتە یانەی شەوان.

ئەویش وتی: ئەگەر شوێنێکی خراپ بێت چۆن دەتانبەم.

ئاکۆش وتی: منیش بۆ شوێنی وا نایەم، تەنها بۆ بازاڕی باکۆی کۆن لەگەڵتان دێم.

ڕابەرە گەشتیارییەکەشمان وتی: دیارە تۆش وەکو ئەوان لە وەزیفەکەت دەترسیت؟

ئاکۆش وتی: من دادوەر نیم، تا لە وەزیفەکەم بترسێم، لە خوا دەترسێم، بۆ شوێنێک ناچم خواردن و خواردنەوەی تیا بێت.

کە ئەمەی وت، ڕابەرە گەشتیارییەکەمان ڕووی لە من کرد و وتی: ئەی تۆ چی دەڵێی، تۆش وەکو ئەو نایەیت؟

منیش وتم: ئێمە لەگەڵ یەک ڕێککەوتووین، نە من هەقم بە سەر ئەوە دەبێت، بۆ کوێ دەچێت و دەڕوا، نە ئەویش هەقی بە سەر منەوە دەبێت.

کە وام وت، بە پێکەنینەوە وتی: کەواتە تۆ لەگەڵمان دێیت؟

منیش وتم: ئەی بۆچی هاتووم، ئەگەر بۆ دوو شوێنی وا نەچم، لە شاری هەولێر دەمامەوە.

ئەویش وتی: سەیرم بە هەندێك كەس دێت، كە دێنە ئێرە و شەرم دەكەن بچنە ئەمجۆرە شوێنانە.

لە درێژەی قسەكانیدا وتی: خەڵكی ئێرە لەم ژیانە ڕاهاتوون، ئەوان وەكو ئێمە نین، بە جۆرێكی تر سەیری چەمكی شەرەف دەكەن، درۆكردن و خیانەتكردن و نادەستپاكی بە لەكەداركردنی شەرەف دەزانن، نەك خواردن و خواردنەوە و سەماكردن.

سارا ئازەریش جل و بەرگی خۆی گۆڕی بوو، تەنوورەیەكی كورتی لە بەر كردبوو، بستێك لە سەر چۆكەكانی بوو، قەمیسێكی سووری قۆڵ كورتیشی لەگەڵ لە بەر كردبوو، دووگمەكانی كردبوونەوە، هەردوو مەمكەكانی لە ناو ستیانە پەمەییەكەی وەكو چرا دەدرەوشانەوە. لە بەرانبەرمان، لە سەر كورسییێك دانیشت و قاچەكانی خستنە سەر یەك و بە دانیشتنەوە لە شوێنی خۆی سەمای دەكرد و دەلەریەوە.

زۆر بە جوانییەكەی سەرسام بووم، سەیری چاوەكانیم دەكرد، خەیاڵم لای سینە و مەمكی بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (دیارە كاتی خۆی ڕەسوڵ گەردیش كچێكی وەها شۆخ و شەنگی بینیوە، وەكو من پێی سەرسام بووە، بۆیە حەیرانی بەسەردا وتووە و بە نازدار حەیران ناوی بردووە).

لە بینینی نازدار حەیرانەكەم تێر نەبوو بووم، ڕابەرە گەشتیارەكەمان وتی: پاسەكە لە بەردەم دەرگای هوتێلە، ئەگەر ئامادەن بفەرموون با بڕۆین.

سواری پاسەكە بووین و بەرەو بازاڕی باكۆی كۆن بەڕێ كەوتین، لە ڕێگا ئاكۆ زۆر هەوڵیدا پەشیمانم بكاتەوە، نەچمە چەنە قەلاّ، بەلاّم بێ سوود بوو.

كە گەیشتینە بازاڕی باكۆی كۆن، ڕێبەرە گەشتیارەكەمان وتی: كاتژمێرێك لەم بازاڕە دەمێنینەوە، دوای ئەوە لە لای پاسەكە ئامادەبن،

دەچینە یانەی شەوانی چەنە قەلا، ئەوەی دواش بکەوێ بەجێی دەهێڵین، بۆیە تکاتان لێ دەکەم کەس دوا نەکەوێت.

گەشتیارەکانی گرووپەکەمان لە ناو بازاڕەکە بلاو بوونەوە، من و ئاکۆش بە دوو قۆڵی بە ناو دوکان و شوێنە گەشتیارییەکانی ئەو بازاڕە دەسووڕاینەوە.

لەو بازاڕە شوێنێکی لێبوو، وەکو بەردەم مزگەوتی خانەقای لای خۆمان بوو، کۆمەڵێك تەسبیح فرۆشی لێبوو، منی بردە لای ئەوان، دەیویست تەسبیحێك بۆ خۆی بکڕێت.

منیش وتم: لای خۆمان، لەم تەسبیحانە جوانتری لێیە، نرخیشیان لە نرخی ئەوانەی ئێرە هەرزانترە، بۆچی لای خۆمان نایکڕیت؟

وتی: ناتوانم بێ تەسبیح بم، وا دەزانم شتێکم ون کردووە، تا نەیکڕم ئاسوودە نابم.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: کە ئەوەت دەزانی بۆچی تەسبیحەکەی خۆت دایە سارا ئازەری؟

ئەویش وتی: دەزانم تۆ بە توانج وام پێ دەڵێیت؟

منیش وتم: بێ گومان وایە، دەنا سارا ئازەری و تەسبیح، کوجا مەرحەبا !

ئەویش وتی: کە وێنەم لەگەڵ گرت، لەو تەسبیحەی دەستم هیچ شتێکی ترم شك نەبرد کە بە دیاری بیدەمێ، بۆیە تەسبیحەکەم پێشکەش کرد.

ئەو بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی: کە تەسبیحەکەم دایە زۆر کەیفی هات، پێی وتم ئەمە جوانترین دیارییە، بۆ یادگاری هەڵیدەگرم.

منیش وتم: نازانم چی پێوتی، بەلام بینیم کە تەسبیحەکەت پێی دا، پێکەنینی پێ هات و خستیە گیرفانی.

ئەویش وتی: ناکا قەشمەریت پێ بێت؟

منیش وتم: تۆ لە من باشتر دەزانی، ئەو ئافرەتە ژیانێکی جیاوازی هەڵبژاردووە، ئاخر ئەو بەستەزمانە چی لەو تەسبیحە بکات، ناکا لە دڵی خۆشت بڵێی تەسبیحاتی پێدەکات!

ئەویش وتی: مەرج نیە تەسبیحاتی پێ بکات، دەتوانێ وەکو ملوانکە لە ملی خۆی بکات.

منیش وتم: ئەی ئیمامەکەی چی لێ بکات، چۆن بیشارێتەوە.

کە وام وت، سەری خۆی لەقاند و وتی: من هەڵە بووم، چی دەڵێی برۆم لێی وەربگرمەوە.

منیش وتم: کورد وتەنی (سواری کەر عەیبێکە، هاتنەخوارەوەی دوو عەیبە) بۆیە بەردێکی لە سەر دابنێ و دەنگ مەکە. بەڵام جارێکی تر شتی وا مەکە، یان دیاری بە کچ مەدە، یان دیارییێکی شیاوی پێ بدە.

ئەویش وتی: مەبەستت چیە؟

وتم: لەبیرتە سالی پار، مانگی ڕەمەزان بوو، چووینە پارکی شانەدەر، لەوێ دوو کچی جوانمان ناسی، پیاسەمان لەگەڵ کردن و دواییش وێنەمان لەگەڵ گرتن. من برێك پارەم پێ دان و پێم وتن: ببورن شتێکی وەهام لا نیە کە بە دیاری بتاندەمێ، بۆیە ئەم برە پارەیەم لێ قبوڵ بکەن. بەڵام تۆ وەکو ئێستا، تەسبیحەکەی دەستت دایە یەکێك لە کچەکان  و پێت وت: ئەم تەسبیحەت بۆ یادگاری دەدەمێ تا منت بیربێتەوە.

کە وام وت، ویستی لێم توڕە بێت، بەڵام دانی بەخۆی داگرت و وتی: من خەمی ئەوەم نیە کە هەموو شتێکم لێ بە مانا وەردەگریت، لە زمانت دەترسم، تۆ هیچ نهێنیت پێ ڕاناگیرێت، دەزانم لای خەڵکی تریش باسی دەکەیت.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: هەرکاتێك ئەم قسەیەت گوێ لێ بۆوە، ئینکاری بکە، بڵێ وانیە، من لێت عادز نابم.

زۆر لە ناو تەسبیح فرۆشەکانماینەوە، چەند تەسبیحێکی دەست دایە، لە بەر گرانی نرخەکانیان، دایانەوەو هیچی نەکڕی.
منیش وتم: بزانە خۆت خستە چ بارودۆخێکەوە، ئەو تەسبیحەی داتە سارا ئازەری، لای خۆمان بە هەزار دینارە، کەچی لێرە تەسبیحێکی وەکو ئەو بە پێنج قاتی نرخی ئەوە.
کە وام وت، گەڕایەوەو بە توڕەییەوە تەسبیحێکی سووری کڕی و وتی: وا دەزانی دڵم نایەت ئەو پارەیەی پێ بدەم.
منیش وتم: زۆر دواکەوتین، ئەی گوێت لە ڕابەرە گەشتیارەکەمان نەبوو وتی: ئەوەی لەکاتی خۆی دوا بکەوێ بەجێی دەهێڵین.
ئەویش وتی: دەبا بەجێمان بهێڵێ، لەجیاتی بچینە ئەو یانەیە، بۆخۆمان لێرە بە ناو ئەو بازاڕە کەلتوورییە دەسووڕێینەوە، زۆر خۆشترە.
منیش وتم: تەسبیحەکەت کڕی و ڕزگارمان بوو، با بچینە شوێنی پاسەکە، بەڵکو فریا بکەوین و لێیان دانەبڕێین.
ئەویش وتی: ئەگەر تۆ دەچی، لەگەڵیان بچۆ، من نایەمە شوێنی وا.
ویستم بەجێی بێڵم، لە دوام هات وتی: تا شوێنی ڕاوەستانی پاسەکە لەگەڵت دێم، بەڕێت دەکەم و منیش دەگەڕێمەوە هوتێل.
بە خێرایی خۆمان گەیاندە شوێنی ڕاوەستانی پاسەکە، بەلاَم پاسەکەمان لەوێ نەبینی. هەندێك چاومان گێڕا، کەسمان لە گەشتیارانی گرووپەکەمان نەبینی. زۆر خەفەتم خوارد، ڕووم لە ئاکۆ کرد و پێم وت: بۆ کڕینی تەسبیحێك چیت لێکردم، ئەگەر هێندە مەعامەلەت نەکردبا، دوا نەدەکەوتین و بەجێ نەدەمام.
ئەویش وتی: خێری تێدا بوو، تووشی ئەو گوناحەش نەبوویت، تا درەنگی شەو لەم بازاڕە دەمێنینەوە.
منیش وتم: من بۆ ئەوە نەهاتوومەتە باکۆ، تاکو لە ناو بازاڕ بخولێمەوە، ئەو شتانەی لێرە هەیە، هەمووی لای خۆمان هەیە و

نرخەکانیان کەمتریشە. ئەو مۆلانەی لای خۆمان هەن، زۆر لە مۆلەکانی ئێرە گەورەتر و جوانترن. من هاتووم جەویێك بگۆڕم و بچمە ئەو شوێنانەی کە لای ئێمە نین.

ئەویش وتی: ئێستا چی دەکەیت، ئەوان ڕۆیشتوون، ناچاریت لەگەڵ من بمێنیتەوە.

منیش وتم: ناچارنیم لەگەڵ تۆ بمێنمەوە. ئەوەم وت و دەفتەری یاداشتنامەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و پێم وت: بەر لەوەی بۆ ئێرە بێم، حیسابی هەموو شتێکم کردووە، ناوی هەموو شوێنە گەشتیارییەکانی شاری باکۆ بە ناونیشانەکانیشیانەوە لەم دەفتەرەم نووسیوە، پیشانی شوفێری تەکسییێکی دەدەم و داوای لێ دەکەم بۆ ئەوێم ببات.

کە وام وت، بە پێکەنینەوە وتی: هێشتان سووری لەسەر ئەوەی بچیتە ئەوێ؟

منیش وتم: ئەی بۆچی هاتووم!

ئاکۆ کە زانی هەر دەچم، وتی: مادام وایە، منیش لەگەڵت دێم، پشتم لە ستێج دەکەم، نامەوێ سەماکەرەکان ببینم، لە خواردنەوەش بەشداریتان لەگەڵ ناکەم.

منیش وتم: تۆ گۆشتی برژاو بخۆ و بە میوە خواردن خۆت خەریك بکە.

ئەویش وتی: لەبەر دڵی تۆ نەبێت، بۆ شوێنی وا نایەم.

# چەنە قەلا

تەکسییێکم ڕاگرت و ئەدرەسی یانەی شەوانەی چەنە قەلآم پیشان دا و بە ئاماژە تێم گەیاند کە بمانبات بۆ ئەو شوێنە. شوفێری تەکسییەکە بە زمانی تورکی پێی وتین بە دە مەنات دەتانبەم بۆ ئەوێ. ئێمەش بەو نرخە ڕازی بووین، سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و بەرەو چەنە قەلا بەڕێ کەوتین.

لە ڕێگا جارێکی تر ئاکۆ جەختی لە سەر قسەکانی کردەوە و وتی: ئیش لەو سەرە خۆشە، تکات لێ دەکەم، لەوێ زۆریم لێ مەکە، سەما لەگەڵ سەماکەرەکان بکەم، یان تەماشایان بکەم. خۆت دەزانیت من کەسێکی نوێژکەر و تۆبە کارم، لەبەر خاتری تۆش نەبێت، نایەمە شوێنی وەها.

منیش وتم: بۆ لەبەر خاتری من دێیت، ئەگەر لەگەڵیشم نەیەیت، هیچ گلەییت لێ ناکەم، ئێرە چۆن یانەی شەوانی لێیە، ئەوهاش مزگەوتی لێیە، دەتوانی بچیتە مزگەوت، تا ماندوو دەبیت نوێژ بکە.

ئەویش وتی: تا ئێستا هیچ مزگەوتێکم بەرچاو نەکەوتووە، پێ ناچێت ئێرە مزگەوتی لێ بێت.

منیش وتم: ئەم وڵاتە پێش ئەوەی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت، بەشێك بوو لە یەکێتی سۆڤێت، بۆیە وێڕای ئەوەی بەشی زۆری خەڵکەکەی موسڵمانن، بەڵام لەگەڵ ئایین زۆر دۆست نین.

هێندەی نەبرد گەیشتینە چەنە قـەڵا، شـوفێری تەکسـی وتـی: ئـەم بینایەی کە دەیبینن، چەنە قەڵایە.

ئـەوەبوو، مـن و ئـاکۆ چـووینە ژوورەوە. باخچـەی یانەکـە سـەدان کورسی و مێزی تیا بوو، یانەکە لە ژن و پیاو جمەی دەهات، هیچ شوێنی بەتاڵی تیا نەمابوو، چاومان گێڕا هـیچ شـوێنی بـەتاڵمان نەدۆزیـەوە لێـی دابنیشین، لەو کاتەدا کارمەندێکی یانەکە هاتـە لامـان و پێـی وتـین ئێـوە لەگەڵ چ گرووپێکی گەشتیاری هاتوون؟

منیش وتم: لەگەڵ گرووپی پاندا هـاتووین، ڕابـەرە گەشـتیارەکەمان ناوی ئەحمەدە.

کە وام وت، بە دەست ئیشارەتی بۆ مێزێك کردو وتی: گرووپەکەی ئێوە لە پشت ئەو مێزە دانیشتوون.

کە لە ئەحمەد نزیك بووینەوە، لەبەرمان هەستایەوە و پێشـوازییێکی گەرمی لێکردین و وتی: بۆچی دواکەوتن و لەگەڵ ئێمە نەهاتن؟

منیش وتم: ئاکۆ بۆ کڕینی تەسبیحێك ئێمەی دواخست.

ئەویش وتی: ئـەو بـازاڕەی ئێـوەم بـۆی بـرد، تەسـبیح فرۆشـی زۆر بوو، نەدەبوو دوا بکەون.

منیش وتم: تەسبیحەکانی ئەوێ لە تەسبیحەکانی لای خۆمان گرانتر بـوون، بۆیـە دەسـتی لـە پارەکـە نـەدەبۆوە. هەرچـەند دوایـی ناچـاربوو بیکڕێت.

ئەحمەد شوێنێکی لە تەنیشت خۆی بۆ من و ئاکۆ کـردەوە و وتـی: لـە تەنیشـت مـن دابنیشـن زەرەر ناکـەن، کارمەنـدەکانی ئـەم یانەیـە هەموویان دەمناسن، زۆر بایەخمان پـێ دەدەن و خزمـەتگوزاری باشمـان پێشکەش دەکەن.

ئێمە لەم قسـانەدا بـووین، سـارا ئـازەری هـات، سـڵاوی لێکـردین و چووە تەنیشت ئەحمەد دانیشت و لە بەر چـاوی ئێمـە دەمـی خسـتە نـاو دەمی و ماچی کرد.

منیش سەرم خستە ژێر گوێی ئەحمەد و پێم وت: خۆزگەم بە خۆت ئەو کچە جوانە ماچی کردیت.

ئەویش وتی: حەزت لێیە بیخەمە باوەشت؟

منیش وتم: جا لەوە خۆشتر دەبێت؟

کە وام پێی وت، ڕووی لە سارا ئازەری کرد و ئیشارەتی بۆ لای من کرد و پێی وت: دەستی ئەم پیاوە قۆزە بگرە و لەگەڵ خۆت ببە سەر ستێج و سەمای لەگەڵ بکە.

سارا ئازەریش دەستی گرتم و منی بردە ناو سەماکەرەکان و سەمای لەگەڵ کردم. لەو کاتەدا هەستم بە خۆشییەکی زۆر کرد، وامزانی کە لە هەرەتی لاوێتیدام، دەستێکم خستبووە سەر شانی و بە دەستەکەی تریشم دەستە نەرم و نۆڵەکانیم گرتبوو، لەگەڵ سەماکردنیش، ناوە ناوە ماچێکم لە ڕوومەتە سپی و تەنکەکانی دەکرد، ئەویش بە زەردەخەنەیەك وەڵامی دەدامەوە و هیچی نەدەوت. لەو کاتەدا لە دڵی خۆمدا وتم (خۆزگە زمانی تورکیم بزانیبا، هەتا بە زمانێکی ڕۆمانسی قسەم لەگەڵ بکردبا). ئەویش دەیزانی کە ناتوانم بە زمانی ئەو قسە بکەم، بۆیە بە چاوە جوانەکانی و خەندەی لێوەکانی بە ئاماژە قسەی لەگەڵ دەکردم.

یەکەم جارم بوو لەگەڵ ژن سەما بکەم، سەمام نەدەزانی، بە شەرمەوە دەستیم گرتبوو، لەجیاتی سەماکردن تەنها لە شوێنی خۆم دەلەریمەوە.

سارا ئازەری هەستی کرد کە سەما نازانم، بۆیە هەوڵی دەدا فێری سەماکردنم بکات. بۆ من زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لە بەر جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی دەستم لێی بەرنەدەبوو. بە ناچاری پەردەی شەرمم فڕێدا و بەردەوام بووم لەگەڵی.

کە ئاکۆ من و سارا ئازەری بەم شێوەیە بینی، ئەویش حەزی چووە ئەم حاڵە، بەڵام لە شەرمان نەیدەزانی چی بکات.

تا گۆرانییەکە تەواو بوو، من و سارا سەمامان کرد، دوایی ماچێکی تەرم لە ڕوومەتە خڕو پڕەکانی کرد و بە یەکەوە گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

ئەحمەد ڕووی تێکردم و بە پێکەنینەوە وتی: باش لەگەڵ یەك گونجا بوون، وابزانم ئەویش تۆی خۆش دەوێ بۆیە دەستی بەرنەدەدایت.

منیش وتم: سووپاست دەکەم، سارا کچێکی ناوازەیە، سەماکردن لەگەڵ ئەو، تام و چێژێکی تایبەتی هەیە.

کە ئەوەم وت، ئاکۆ ڕووی تێکردم و وتی: تۆ لە هەموومان بەختت زیاترە، ئەو کچە جوانە هۆگری تۆ بووە، لە چاوەکانیدا دیارە، کە تۆی خۆش دەوێ، هەر بۆیەش سەمای لەگەڵ کردیت و تا گۆرانییەکە تەواو بوو لەگەڵت مایەوە.

منیش وتم: ئەی پێم نەوتی، لەم گەشتەمان ئەگەر چەنە قەلای لەگەڵ نەبێ، فلسێکی سوور ناهێنێ! !

ئەویش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، گۆرانی و ئاوازەکانیشیان جیایە، مرۆڤ مەست دەکات.

منیش وتم: دەنگیان هێندە خۆشە، مرۆڤ دەهێنێتە سەما.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، سارا سەیری کردم و بە چاوە تەلیسماویەکانی ئیشارەتی بۆ کردم کە بۆ سەماکردن لەگەڵی بچمەوە سەر ستێج.

منیش بە چاوەکانم وەڵامیم دایەوە، کچێکی زۆر هەستیار بوو، هەر زوو تێم گەیشت و لە شوێنی خۆی هەستا و دەستی گرتم، بە یەکەوە چوینەوە سەر ستێج و دەستمان بە سەما کردەوە.

ئەمجارە، خاتونێکی تر لەگەڵ ئیقاعێکی نەرم گۆرانی دەوت، پیاو و ژنە سەماکەرەکانیش دەستی یەکتریان گرتبوو، لە شوێنی خۆیان بە نەرمی دەلەرینەوە. منیش شەرمم شکا، لە چاو جاری پێشوو باشتر سەمام دەکرد.

ئاکۆ کە ئێمـەی بینـی، خـۆی پـێ نـەگیراو هاتـەلامان، بـە کـامێرای مۆبایلەکـەی وێنـەی ئێمـە و سـەماکەرەکانی تـری گـرت. کـە ئـاکۆم بـە کامێراوە بینی، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەوەیە دەڵێن کابرا بە دە کەسان نـە دەچووە ناو شایی، دواییش بە بیست کەس دەرنەدەهات).

ئەو شـەوە چـەند جـارێکی تـریش مـن و سـارا ئـازەری بـە یەکـەوە سەمامان کرد و ئـاکۆی هاوڕێشـم هەرچـەند سـەمای لەگـەڵ نـەدەکردین، بەڵام بە کامێرای مۆبایلەکەی وێنـەی دەگـرتین و خۆشـی لەگـەڵ دەنگـی مۆسیقا و گۆرانییەکان لە شوێنی خـۆی دەلەریـەوە و بـە نـەرمی سـەمای دەکرد.

گەڕاینەوە شوێنی خۆمان و لە پشت مێزەکە دانیشـتین. کارمەنـدی یانەکە هاتە لامان و داوای لێکردین کە نەفەری چل مەناتی بدەینێ.

ئاکۆ سەری هێنا ژێر گوێم و وتی: ئەو پارەیـە زۆرە، تـەنها هەنـدێك شـەربەت و ئـاو و میوەیـان لـە سـەر مێزەکـەمان دانـاوە، چـۆن دەبـێ پارەیەکی وا زۆر وەرگرن؟

منیش وتم: وەکو بیستوومە ژەمە خواردنێکی خۆشیشمان هەر بـەو پارەیە دەدەنێ.

کە ئەوەم وت، ئینجا ئارام بۆوە، دەستی خسـتەوە نـاو گیرفـانی و چل مەناتی دەرهێنا و دایە دەستی.

دوای تۆزێك گەرسۆنەکە هاتە لامان و وتی: خواردنتان بۆ بێنم؟

ئەو نیوەڕۆیە ئاکۆ نانی نەخواردبوو، زۆری برسی بـوو، بۆیـە وتـی: بۆ ئێمەی بێنە، ئەوانی تریش کەیفی خۆیانە کەی داوای دەکەن.

ڕێبـەرە گەشـتیارەکەمان ئەحمـەد ڕووی تێکـردم وتـی: تـۆ وەکـو ئەوانی تر نیت، کەسێکی بە زەوقی، چی دەڵێی دوای نانخواردن بتانبـەم بۆ یانەی دیسکۆ؟

منـیش وتم: لێـرە ئاسـوودەین، ژنـە سـەماکەرەکانی ئێـرە جـوان و شۆخ و شەنگن، چ پێویست دەکات بۆ ئەوێ بڕۆین؟

وتی: ئەگەر چاوت بە کچە جوانەکانی ئەوێ بکەوێت، سەرسام دەبیت بە جوانیان، دەڵێی ئەم حۆریانە چین! گەورەکەیان تەمەنی لە بیست ساڵ ڕەتی نەکردووە، هەندێکیشیان هێندە سپی و تەنکن، دەڵێی ڕێواسی ژێر بەفرن، هەست ناکەیت کە خۆر لێی دابن، هەندێکی تریشیان ئەسمەر و خوێن شیرینن، بە تۆ بێت بیانخۆیت.

منیش وتم: وات لێ کردم، بە پەلە نانەکەم بخۆم و لەگەڵت بێم.

## ستاتوس کلاّب

هێشتان  پرۆگرامی چەنە قەلاّ تەواو نەبوو بوو، ژنە گۆرانی بێژە دەنگ خۆشەکان، گۆرانیان دەوت و سەماکەرە شۆخ و شەنگەکانیش بە جۆش و خرۆشەوە سەمایان دەکرد، کاتێك ڕێبەرە گەشتیارەکەمان ئەحمەد وەسفی کچە سەماکەرەکانی یانەی دیسکۆی ستاتوسی بۆ کردم، بە ئاکۆم وت: بە نیازم لەگەڵ سارا ئازەری و ڕێبەری گەشتیاری بچمە یانەی دیسکۆ، ئەگەر تۆش لەگەڵمان دێیت، خۆت ئامادە بکە تۆزێکی تر دەڕۆین.

ئەویش وتی: کە لە هەولێرەوە هاتین، پێم وتی من بۆ ئەم جۆرە شوێنانە نایەم، تۆ بۆ کوێ دەچی بچۆ، گلەیی لە من مەکە، من نایەم.

منیش وتم: گلەییت لێ ناکەم، حەزم کرد پێت بڵێم نەوەك دوایی گلەییم لێ بکەیت و بڵێی بۆ پێت نەوتم.

ئەویش وتی: ئەو شوێنەی بۆی دەچن چ جیاوازییێکی لەگەڵ ئەم یانەیە هەیە؟

وتم: من نازانم، بەلاّم بە قسەی ئەحمەد بێت کچە سەماکەرەکانی ئەوێ زۆر لەو ژنانەی ئێرە جوانتر و ناسکترن.

کە ئەوەم وت، وتی: دڵت ناشکێنم، لەگەڵت دێم.

ئیتر ئەوەبوو، دوای تۆزێك هەرچوارمان، چەنە قەڵأمان بەجێهێشت و ڕۆیشتینە ئەوێ.

تکیتی چوونە ژوورەوەی یانەکە نرخی بیست مەنات بوو، ئاکۆ کە گوێی لە نرخەکەی بوو، هەردوو برۆیەکانی جووت بوون، تووکی سەریشی وەکو تووکی ژووژك بۆ سەرەوە بەرز بۆوە، ویستی قسە بکات، پارەکە نەدات، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت و دەستی بردەوە گیرفانی و بیست مەناتی دەرهێنا و دایە تکیتفرۆشەکە.

لە کاتی چوونە ژوورەوە، سەری خستە ژێر گوێم و بە ئەسپایی پێی وتم: دیارە ئەم پارەیە لە بری خواردن و خواردنەوەیە؟

وتم: منیش وەکو تۆ یەکەم جارە بێمە ئەم شوێنە، کە دانیشتین هەموو شتێك دەزانین.

ڕابەرە گەشتیارەکەمان ئێمەی بۆ گۆشەیەکی هۆڵی یانەکە هەڵکشاند و وتی: بەر لەوەی بەڕێ بکەوین، قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری یانەکە کردبوو، ئەم شوێنەیان بۆ ئێمە گرتووە، شوێنێکی ستراتیژیمان هەیە، لە شوێنی سەماکردنەکە نزیکین و سەماکەرەکان لە بەردەمی ئێمی سەما دەکەن، تا من هەبم، ئەم شوێنە نادەن بە کەس.

ئەوانەی خزمەتگوزارییان لە یانەکە پێشکەش دەکرد، زۆربەیان ژن بوون. لە نزیك ئێمەشەوە کوڕێکی گەنج ئامێرێکی مۆسیقای دیجەی لە بەردەم بوو، دەیژەنی، لە ناوەڕاستی هۆڵی یانەکەش کۆمەڵێك کچی جوان و ناسك ، جلی نیمچە ڕووتیان لەبەر بوو، لەگەڵ ئاوازەکە سەمایان دەکرد و بە چاوە جوانەکانیشیان ئیشارەتیان بۆ ئێمە دەکرد کە بچین سەمایان لەگەڵ بکەین.

ئاکۆ بە بینینی ئەم دیمەنە زۆر سەرسام بوو، سەری هێنا ژێر گوێم و وتی: ئەمانە هێشتان منداڵن، چۆنە دایك و باوکیان لێدەگەڕێن کارێکی وەها بکەن؟

منیش وتم: ئەوان وەکو ئێمە نین، کە هەژدە ساڵیان تەواو کرد، خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان دەدەن.

ئەویش وتی: پێناچێ ئەوانە تەمەنیان گەیشتبێتە هەژدە ساڵ.

منیش وتم: تۆ تەماشای بەژن و باڵایان مەکە، ئەوان لە بەر ئەو سرووشتە جوانە و کەش و هەوا سازگارەی کە تیایدا دەژین، گەورەییان پێوە دیار نیە.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، خاتوونێکی گەرسۆن هاتە لامان وتی: چی دەخۆن بۆتان بێنم؟

ڕابەرە گەشتیارەکەمان بۆ خۆی و سارا ئازەری داوای دوو پێک وێسکی کرد، منیش داوای یەك پێك شەڕابم کرد، ئاکۆش داوای هیچی نەکرد.

ژنە گەسۆنەکەش لێی دووبارە کردەوە کە چی دەخوات تا بۆی بێنێت. ئەویش ڕووی لە ئەحمەد کرد و پێی وت: خواردن و خواردنەوەی ئێرەش وەکو چەنە قەلاّ لە سەر تکیتەکەیە؟

ئەویش وتی: نیزامی ئێرە لەگەڵ ئەوێ جیایە، لێرە هەموو شتێك بە پارەیە، ئەو بلیتەی بڕیومانە، تەنها بۆ هاتنە ژوورەوەیە.

کە وای وت، ڕووی لە گەرسۆنەکە کرد و پێی وت، من هیچ ناخۆم.

ئەحمەدیش پێی وت: جوان نیە هیچ نەخۆیت.

کە وای پێ وت، کەمێك داما، دوایی ڕووی لە گەرسۆنەکە کرد و پێی وت: بێ لە خواردنەی کهولی چیتان هەیە؟

ئەویش وتی: تۆ حەزت لە چیە؟

وتی: چایەکی تاڵ.

گەرسۆنەکەش سەیرێکی ئێمەی کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: چایەمان نیە.

ئاکۆش وتی: مادام وایە قاوەیەکی تاڵم بۆ بێنە.

گەرسۆنەکەش وتی: قاوەشمان نیە.

کە وای وت، ئەحمەد ڕووی لە گەرسۆنەکە کرد و پێی وت: کۆکا کۆلایەکی بۆ بێنە.

ئەحمەد دەیزانی من زۆر سەرسامم بە سارا ئازەری، بۆیە داوای لێکرد، دەستم بگرێت و سەمام لەگەڵ بکات.

ئەویش هاتە لام، دەستی گرتم و منی لەگەڵ خۆی بردە ناو کچە سەماکەرەکان و سەمای لەگەڵ کردم.

کە دەستی خستە ناو دەستم، لە خۆشیان وەخت بوو ببوورێمەوە. کچێکی زۆر جوان و ڕۆمانسی بوو، دەتوت فریشتەی دەریایە، وەکو شەنگە بی، لەگەڵ ئاوازی دیجاکە هەموو لەشی دەلەریەوە. چاوەکانی وەکو ئاوی دەریا شین و جوان بوون، کە سەیرم دەکرد، خەیاڵم دەڕۆیشت و لە ناویاندا نقوم دەبووم. هەرچەن من زمانی تورکیم نەدەزانی، تاکو بە بەژن و بالآی دا هەڵبڵێم، بەلاَم بە زمانی جەستە قسەم لەگەڵی دەکرد، ئەویش بە زەردەخەنەی سەر لێوەکانی و چاوە تەلیسماوییەکانی، برووسکەی سۆز و ئەوینی بۆ دڵم ڕەوانە دەکرد.

کە سەمام لەگەڵ سارا ئازەری دەکرد و لە ئامێزی دا بووم، هەستم بە بێ دەسەلأتی خۆم دەکرد، چونکە نەم دەتوانی گوزارشت لە ناخی خۆم بکەم و ئەوەی دەمەوێ پێی بڵێم. لە بیری خۆمدا دەموت (خۆزگە ئەو کاتەی کە ماڵمان لە گەڕەکی سێتاقان بوو، هەڵمان نەدەکوتایە سەر منداڵەکانی قەلأت و بە بەردەقانی بەردمان تێ نەدەگرتن، لە جیاتی ئەوە، هاوڕێیەتیمان لەگەڵ بکردبان و دوو وشەی تورکییان لێ فێربووبایین).

لە ڕاستیدا، تەنها خەتای ئێمە نەبوو، کە شەڕە بەردمان لەگەڵ دەکردن، ئەوانیش بە چاوی سووک سەیری ئێمەیان دەکرد و پێیان دەوتین کرمانجی شەڕوال لە پێ و ئێمەیان قبووڵ نەبوو.

به هەرحاڵ، هیچ شتێك نیە جێگرەوەی نەبێت، منیش لەجیاتی ئەوەی بەزار قسەی لەگەڵ بکەم، ئەوەی دەمویست، بە جووڵەی چاوەکانم و ئیشارەت تێم دەگەیاند. ئەویش بۆ هەموو جووڵە و ئیشارەتێکی من، بە زەردەخەنەی سەر لێوەکانی و چاوە تەلیسماویەکانی وەڵامی دەدامەوە.

ئاکۆش کە ئێمەی بەو شێوەیە بینی، کە خزاوینەتە ئامێزی یەکتر و دەستمان لە سەر شانی یەك داناوە و سەما دەکەین، چاوەکانی لە سەر ئێمە دانابوو، نەی دەهێنانە خوارەوە.

کە سەیری چاوەکانی ئاکۆم دەکرد، دەمزانی لە من زیاتری پێ خۆشە، لەگەڵ ئەو کچە سەماکەرانە سەما بکات و دەستە ئارمووشیەکانیان بگوشێت، بەڵام لە شەرمان نەیدەزانی چی بکات، لەوە دەترسا ئەگەر ڕۆژێك باسی نوێژ و ڕۆژووم بۆ بکات، ئەمەی بە چاو دابدەمەوە و گاڵتەی پێ بکەم.

لەگەڵ سارا ئازەری زۆر سەمامان کرد، پێش ئەوەی بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، دەمم خستە ناو دەمی و ماچێکم لە لێوە تەنك و ناسکەکانی کرد.

ئاکۆ مۆبایلەکەی دەستدایە و وتی: زۆر سەرسامم بە سەمای ئەو کچانە، دەچم وێنەیان دەگرم.

هەستایە سەر پێ، ویستی وێنەیان بگرێت، بەڕێوەبەری یانەکە پێی وت: نابێ وێنەیان بگریت، وێنە گرتن قەدەغەیە، ئەگەر حەزت لێیە، دەتوانی سەمایان لەگەڵ بکەیت.

ئەویش وتی: داوای لێبووردن دەکەم، نەمزانی وێنەگرتن قەدەغەیە.

ئەمەی وت و لە شوێنی خۆی دانیشتەوە.

ئەحمەد کە ئەمەی بینی، سەری هێنایە ژێر گوێم و وتی: سەرم لەو برادەرەی تۆ دەرناچێت، ئەگەر مەشروب نەخواتەوە و سەما نەکات، بۆچی هاتۆتە ئێرە؟!

منيش وتم: لە بەر خاتری من هاتووە، دەنا بە ویستی ئەو بێ، حەزدەکات بیست و چوار کاتژمێر لە مزگەوت بێت.

کە وام وت، وتی: ئەوها !

تا درەنگی شەو بە دەم خواردنەوە و سەماکردنەوە لە یانەکە بووین هەندێك کوڕی گەنج لە نزیك ئێمە لە پشت مێزێك دانیشتبوون، هەندەی بخۆنەوە، سەرخۆش ببوون.

کچێکی سوور و سپی، لە چاو کچە سەماکەرەکانی تر، زۆر بچووك بوو تازە بنی مەمکی دانابوو، زەمبیلێکی پڕ لە گوڵی بە دەستەوە گرتبوو، لە ناو هۆڵی یانەکە، بە بەردەم ئامادەبووان دەسووڕایەوە، ئەو کەسەی بیویستبا پەیوەندی لەگەڵ یەکێك لەو کچە سەماکەرانە دروست بکات، گوڵێکی لێدەکڕی و بە دیاری پێشکەشی دەکرد. منیش بانگم کرد و گوڵێکم لێکڕی و پێشکەشی سارا ئازەریم کرد.

ئاکۆ کە بینی پێنج مەناتم دایە کچە گوڵفرۆشەکە لە بری دانەیەك گوڵ، وتی: وەکو برایەك پێت دەڵێم، باش نیە هێندە دەست بڵاو بیت و پارەی خۆت بە شتی وا بێ مانا خەرج بکەیت.

منیش وتم: پێشکەشکردنی ئەو گوڵانە واتای خۆیان هەیە، بۆ ڕێزلێنانە لە جوانی و شۆخ و شەنگی ئەو کچە جوانانە، کە خۆشیمان پێ دەبەخشن و لە ئامێزی گەرمی خۆیانمان دەگرن و سەمامان لەگەڵ دەکەن.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، ئەحمەد وتی: چی دەڵێن حیسابەکە بدەین و بڕۆین؟

منیش وتم: هەرچەن مرۆڤ لە دانیشتنی ئێرە تێر نابێت، بەڵام کاتەکەی درەنگە و ئێمەش ماندووین، بانگی کاشێرەکە بکە، با پارەکەمان لێ وەربگرێت.

ئەوەبوو، بە کاشێرەکەی وت: لیستی حیسابەکەمان بۆ بێنە، دەمانەوێ هەستین.

کاتێك کاشێرەکە هاتە لامان و لیستی حیسابەکەی بۆ هێنایین، پارەی ڕابەرە گەشتیارەکەمان و سارا ئازەری بە جیا وەرگرت و هاتە لای ئێمەش وتی: هەقی مێزەکەی ئێوە دەکاتە شێست مەنات.

منیش وتم: من تەنها یەك پێك شەڕابم خواردۆتەوە، بۆچی ئەوەندە وەردەگرن؟

وتی: ڕاستە تۆ تەنها یەك پێك شەڕابت داوا کردووە و هاوڕێکەشت یەك کۆکا کۆلای داوا کردووە، بەڵام نرخی هەر مێزێك نابێ لە شێست مەنات کەمتر بێت، بۆیە هەقمان لەوە نیە کە چیتان خواردۆتەوە یان نا، دەبێ شێست مەناتی هەقی مێزەکە تەواو بکەن.

کە وای وت، ئاکۆ وتی: من کۆکا کۆلایەکەم نەخواردۆتەوە، دەتوانن بیبەنەوە، کە هیچم نە خواردبێت، بۆچی پارەی مێزەکە بدەم؟

بەر لەوەی کاشێرەکە وەڵامی بداتەوە، ڕابەرە گەشتیارەکەمان ئەحمەد وتی: لێرە هەر مێزێك نرخی خۆی هەیە، بەوە نیە کە تۆ هیچت نەخواردۆتەوە، بەڵام بەشدار بوویت لە تەماشاکردنی ئەو کچە سەماکەرانە و خۆشیت لێوەرگرتوون، بۆیە شەرمەزارمان مەکە و حیسابی خۆت بدە.

ئاکۆش سوور بوو لە سەر قسەی خۆی و وتی: کە هیچم نەخواربێت، بۆچی پارە بدەم.

منیش کە زانیم ئاکۆ نیازی نیە پارەی خۆی بدات، دەستم بردەوە گیرفانم و شێست مەناتم دەرهێنا و دامە دەستی و پێم وت: تۆ هەقت لەو نەبێ، حسابی مێزەکە لە من وەربگرە.

# قەڵاتی شەهیدان

بۆ ڕۆژی دواتر من و ئاكۆ چووینە قەڵاتی شەهیدان، قەڵاتەكەش بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، چونكە شوێنەكەی بەرزە و وەكو گردێك وایە، بە سەر شاری باكۆ دەڕوانێت و مەزاری شەهیدانی ڕاپەڕینی مانگی ئایاری ساڵی (١٩٩١) ی لێیە.

لە ڕۆژی ١٩ئایار ١٩٩٠ خەڵكی ئازربایجان لە دژی حوكمڕانێتی یەكێتی سۆڤێت ڕاپەڕین و داوای سەربەخۆیی وڵاتەكەیان كرد، لە ئاكامدا سەدان كەسی خەڵكی ڕاپەڕیو بوونە قوربانی. یەكێك لەو كەسانەی كە لە ڕاپەڕینەكە ڕزگاری بووە ناوی (سلطان عظیم زادە) یە، لە بیرەوەرییەكانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ (شەوی١٩ ئایار ١٩٩٠ لە یەكێك لە دەروازەكانی شاری باكۆ گردبووینەوە، ناڕەزاییمان لە دژی دەسەڵاتدارانی یەكێتی سۆڤێت دەربڕی، هەرچەندە ئەو كاتە یەكێتی سۆڤێت وڵاتێكی زلهێز بوو، زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو، بەڵام ئێمەش باوەڕێكی بەهێزمان بە خۆمان و دۆزی ڕەوای گەلەكەمان هەبوو. بۆیە لە بەرامبەری وەستاینەوە و بەرگریمان لە خۆمان كرد. لەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەدا، دەیان كەس كوژران و بریندار بوون، منیش فیشەكێكم بەركەوت و بریندار بووم. هەرچەندە تاكو ئێستاش ئازاری ئەو فیشەكەم

لـه بـیر نەچـۆتەوە، بـەڵام شـانازی پێـوە دەکـەم، کـە یـەکێك بـووم لـە بەشداربووەکانی ڕاپەڕین لە پاڵ هاونیشتمانیانی تری گەلەکەم).

هەروەها یەکێکی تر لە بەشداربووانی ئەو ڕاپەڕینـە کـە نـاوی (والـە حەسینۆف) ە دەگێڕێتەوە و دەڵێ (ئەوکاتە من قوتابی قۆنـاغی یەکـەمی کۆلێژی پزیشکی بووم، کە بەشداری ڕاپەڕینم کرد، لـە دژی سـۆڤێتەکان، سـێ دەبابـەیان بـۆ بـلاوە پێکردنمـان هێنـا بەرامبـەرمان. بـەر لـەوەی فیشـەکمان پێـوە بنـێن، زۆر جـوێنی ناشـیرینیان پـێ دایـن و ئیهانـەیان کردین، کە زانیـان ورەمـان بـەرزە و لـە بەرامبـەریان چـۆك دانـادەین، لـە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەرمان و نزیکەی سەدو پەنجا کەسـیان لێ کوشتین، لە نێوان کوژراوەکان ژن و منـداڵیش هـەبوون. لـەو هێرشـەدا منیش فیشەکێکم بەرکـەوت، بـەڵام بـە هـەوڵ و تەقـەلای پزیشـکەکان لـە مردن ڕزگارم بوو، بەڵام بە کەم ئەندامی مامەوە).

بـەم شـێوەیە، ئازەرییـەکان بـۆ ڕێزلێنـان لـە شـەهیدانی ڕێگـای ڕزگـاری، هـەموو سـاڵێك لـە بیسـتی کـانوونی دووەمـی هـەموو سـاڵێك سەردانی مەزاری شەهیدان دەکەن و تاجەگوڵینە دەخەنە سەر گۆڕی ئەو شەهیدانە کە بوونەتە سمبولی قەتل و عامەکەی ساڵی ١٩٩٠.

لەگەڵ ئاکۆ گەشتێکمان بە ناو مەزاری ئەو شەهیدانە کرد، کـە وەك مۆنیمۆنتێك خۆی پیشان دەدات، بە شێوەیەکی زۆر جـوان بـە چـیمەن و گوڵ و گوڵزار ڕازێندراوەتەوە.

لە پشت گۆڕی هەر یەکێك لەو شەهیدانە، وێنەی شەهیدەکە و ناو و ساڵی لە دایك بوون و ڕۆژی شەهیدبوونی لە سـەر پارچـەیەك بـەردی مـەڕ مەڕی ڕەش هەڵکەندراوە. لە کۆتایی مەزارەکـەش نەسـەبێکی کـۆنکریتی گەورە کە بەرزیەکەی نزیکەی پانزە مەتر دەبوو، وەکو هێمایەك بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە دروسـت کرابـوو، لـە ناوەڕاسـتی نەسـەبەکەش گـڕی ئاگرێکی زەرد بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە.

کــە چــاوم پێــی کــەوت، ڕووم لــە ئــاکۆ کــرد و پــێم وت: گــەلی ئازربایجــانیش وەکــو گــەلی ئێمــە لــە پێنــاوی ئــازادی و ســەربەخۆییدا ڕاپەڕیون. ئەوان لـە دژی داگیرکـەرە سـۆڤێتەکان ڕاپـەڕیون، ئێمـەش لـە دژی ڕژێمی بەعس. ئەوان تەرمی شەهیدەکانیان لە یـەك شـوێن بـە خـاك سپاردووە و ئەم مەزارە جوانەیان بۆ دروست کردوون، تا لە بیر نەکرێن و ساڵانە یادیان بکرێتەوە و تاجەگوڵینەیان لەسەردا بنێن، بەڵام شـەهیدانی ڕاپەڕینی گەلی ئێمە، کەس نازانێ گۆڕەکانیان لە کوێیـە، هـەر یەکـە و لـە شوێنێکە.

ئەویش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەوان ڕێزیان لەو شـەهیدانە نـاوە، بۆیە لە مەزارێکی وا کۆیان کردوونەتـەوە و ئـەو نەسـەبە گەورەشـیان بـۆ کردوونە و ئەو گڕی ئاگرەش کە لـە نـاوی بـەرز دەبێتـەوە، هێمایەکـە بـۆ ئەوەی کە ئەوان هەر بە زیندوویی لە بیری گەلەکەیان دەمێننەوە.

ویستمان بۆ یادگاری وێنەیەك لەگـەڵ نەسـەبی شـەهیدەکە بگـرین، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی و ئاپۆڕەی گەشتیارانی ئێرانی کە هاتبوونـە ئـەوێ و سەیریان دەکرد، نەمان توانی وێنەکە بگرین.

بەرلـەوەی قەڵاتەکـە بـەجێ بهـێڵین، لاماندایـە ڕیسـتورانتێك کـە دیوارەکانی هەمووی لە شووشـە دروسـت کرابـوون، لـە هـەموو لایەکـەوە قەڵاتەکـەی لێ دیـار بـوو، پشـوێکی کورتمـان دا و دوو قـاوەی تاڵمـان خواردەوە.

کە لە ڕیستورانتەکە هاتینـە دەرەوە، چـاوم بـە مزگـەوتێك کـەوت، دیزاینەکەی جیاوازی هەبوو لەگەڵ مزگەوتەکانی ئێمە، نـە گومبـەت و نـە منارەی بەرزی هەبوو، بەڵام ئەوەی بە وردی سەیری بکردبا، دەیزانی کـە مزگەوتە.

ڕووم لە ئاکۆ کرد و پێم وت: چیت دەوێ وا مزگەوتم بۆت دۆزیـەوە، دەتوانی لەمەودوا ڕۆژانە بێیتە ئێرە و بە جەماعەت نوێژەکانت بکەیت.

كە وام پێ وت، زۆر کەیفی هات، وتی: لەوەتی هـاتووین، چـاوم بـە هیچ مزگەوت نەکەوتووە، ئەگەر پێت ناخۆش نەبێ، نوێژی نیـوەڕۆ لـەوێ دەکەم و قەرزەکانیشم دەدەمەوە.

منـیش لەگـەڵی چـوومە لای مزگەوتەکـە، ئـەو ڕۆیشـتە ژوورەوە و منیش لە دەرەوە لە ناو چیمەنەکە دانیشتم و چاوەڕێم کرد تا نوێژەکـەی کرد و هاتە دەرەوە.

پێم وت: بۆچی وا زوو هاتیتە دەرەوە؟

وتی: لە من زیاتر کەسی لێ نەبوو، نوێـژی نیـوەڕۆم کـرد لەگـەڵ دو ڕەکعات نوێژی سونەت.

منیش وتمك لاخوابێت دانیشتووی ئێرە زۆربەیان موسـڵمان و شـیعە مەزهـەبن، کەچـی وا پـێ دەچـێت زۆر لەگـەڵ ئـایین دۆسـت نـەبن، هـەر بۆیەش ئەم مزگەوتە وا چۆڵە.

ئەویش وتـی: لـە هـەمووی سـەیرتر، ئـامێرێکی سـۆناری پشـکنینی ئەلیکترۆنیان لە ناو دەرگای مزگەوتەکـە دانـاوە، ئـەوەی بچـێتە ژوورەوە دەبـێ بـە نـاو ئـەو ئـامێرەدا بـڕوات، نـەك هـەر ئـەوە، بـەڵکو لـە هـەموو گۆشەیەکی مزگەوتەکە کامێرای چاودێری لێ بوو.

منیش وتم: ئـەوان وا دەزانـن ئـەوەی بچـێتە مزگـەوت تیرۆریسـتە و خۆی دەتەقێنێتەوە، بۆیە ئەم ڕێکارە ئەمنییە توندەیان گرتۆتە بەر.

ئـاکۆش وتـی: ئەگـەر ڕاسـتیت دەوێ، منـیش ترسـام، بـە خێرایـی نوێژەکـەم کـرد و هاتمـە دەرەوە، نـەوەك لـە کـامێرای مزگەوتەکـە کـە دەمبینن، بە کەسێکی خراپ لێم تێ بگەن.

بـەم شـێوەیە، قـەڵاتی شـەهیدانمان بـەجێ هێشـت و گەڕاینـەوە هوتێلەکـەمان. هوتێلەکـەمان لـە قەڵاتەکـە نزیـك بـوو، بۆیـە بـە پیاسـە گەڕاینەوە.

## قەسرو جەمع

دوای نیـوەڕۆ گەڕاینــەوە هوتێـل، لــە شــوێنی پشــووی هوتێلەکــە جاهیدم بینی، لە سەر قەنەفەیەك بە تەنها دانیشتبوو، سلاّوم لێـی کـرد و پێم وت: بۆچی تەنهای؟

وتی: ئیبۆی هاوڕێم ئەمڕۆ هاوڕێیەکی ژنـی پەیـدا کـردووە و لەگـەڵ خۆی بردوویەتە ژوورەوە، خەریکی دەستبازین.

منیش وتم: ئەگەر بێتاقەت بوویت، وەرە ژووری ئێمە، پشوێك بدە.

ئەویش وتی: پێویست ناکا، زۆریان پـێ ناچـێت، دوای کاتـژمێرێکی تر دێنە دەرەوە.

منیش وتم: کەواتە بـە تـەنها بـەجێت نـاهێڵین، تـا ئیبـۆ دێتـە لات، لەگەڵت دادەنیشین.

جیهـاد و ئیبـۆ دوو پیـاوی بـە تەمـەن بـوون، پرچـی خۆیـان بۆیـاخ کردبوو، ڕیش و سمێڵیشیان تاشی بوو، بۆیە پیرییـان پێـوە دیـار نـەبوو. جیهاد کەمێك زمانی دەگـیرا و تەتەڵـەی دەکـرد، تـا وەلاّمـی دەداینـەوە، دەموچاوی سوور هەڵدەگەڕا، لە ژێر فشارێکی دەروونی زۆر دابوو، دەبوو لـە کـاتی قسـەکردندا هێـز بداتـە بـەر خـۆی تـا وشـەکان لـە دەمـی بێنـە دەرەوە.

ئیبـۆش بـەرگ دروو بـوو، جـل و بـەرگی سـەربازی بـۆ لەشـکری کوردستان دەدووری و بە نرخی جوملە دەیفرۆشت.

یەکەم ڕۆژ کە ئاکۆ چاوی بە وان کەوت پێی وتم: ئەقڵم ئـەم ئیبۆیـە ناگرێت، لە ڕەفتاریدا دیارە، کەسێکی نوێژنەکەر و ئەهلی زەوقـە، ژن لـە کویٚ بێت، چاوی لە سەریانە و هیچ حیسابێك بۆ تەمەنی خۆی و هەسـتی بەرامبەر ناکات.

جا کـە جیهـاد پێـی وتـین (ئیبـۆ هـاوڕێی ژنـی پەیـدا کـردووە و لـە ژوورەوە لەگەڵی خـەریکی دەسـتبازییە) سـەری خـۆی لەقانـد و پێـی وتم: چیم پیٚ وتی، نەموت ئـەقڵم ئـەم ئیبۆیـە ناگرێـت، ئـەو کەسـێکی ئـەهلی زەوقە و چاوی لەسەر ژنانە.

منیش وتم: ئێرە شوێنی ڕابواردن و خۆشـییە، هـەر کەسـێك ئـازادە چۆن ژیانی بەسەر دەبات.

ئەویش وتی: گەنج لێی ناگیرێت هەرچی بکات، بەڵام ئـەو کەسـێکی بە تەمەنە و ڕەنگە نەوەشی هەبێت، لە سەرو ڕیشی ناوەشێتەوە مێبـازی بکات.

منیش وتم: هەرکەسێك لە هەڵسوکەوتی خۆی بەرپرسە، هەقمان بـە سەریەوە نیە.

کـە وام وت، ڕووی لـە جیهـاد کـرد و پێـی وت: بۆچـی ئامۆژگـاری ئیبۆی هاوڕێت ناکەیت، واز لەم ڕەفتارە ناشیرینە بهێنێت، ئـەو کەسـێکی بەتەمەنە، پێویستە ببێتە پێشەنگ بۆ هەمووان.

ئەویش وتی: تۆ ئیبۆ ناناسـیت، یەکـەم جـاری نیـە بـۆ ئێـرە بێـت، چەند جارێکی تریش هاتووە، ئەگەر لەبەر مێبازی نەبێت، نایەت.

کە ئەمـەی وت، ئـاکۆ بـە سەرسـوڕمانەوە وتـی: پـەکو لـەو پیـاوە، توخوا گوناح نیە، ئەو پارە جوانە لەم ژنانە خەرج بکات؟!

جیهادیش وتی: ئێمە لە مێژە یەکتری دەناسین، ئیبۆ هاوڕێی منداڵیمە، لەوەتی دەیناسم، هەر خەریکی مێبازی بووە، تازە پێی تەرك ناکریّ.

ئاکۆش وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، من لە یەکەم ڕۆژەوە کە ئێوەم بینی، ئەقڵم ئەم پیاوەی نەگرت، بەلاّم تێڕوانینم بۆ تۆ جیاواز بوو، کە تۆم بینی لە سەروسیمات دیار بوو کە کەسێکی ئیماندار و لە خوا ترسیت.

ئەمەی وت و ئیشارەتی بۆ من کرد و وتی: ئەم هاوڕێیەی منیش وەکو ئیبۆ ئەهلی زەوقە و لەگەڵ مزگەوت دۆست نیە، لەمەودوا من و تۆ بە یەکەوە دەچینە مزگەوت و بە جەماعەت نوێژ دەکەین.

جیهادیش وتی: بم بەخشە، من نوێژ ناکەم.

کە وای وت، ئاکۆ چاوی زەق بووەوە، ڕووی لە من کرد و بە سەرسوڕمانەوە وتی: دەرچوو هەموویان وەکو تۆن، تەنها من نوێژ دەکەم!!

منیش وتم: تۆ بە هەڵە هاتوویت بۆ ئێرە، دەبوو بۆ مەککە و مەدینە بچیت، لە جیاتی گەشتکردن بۆ ئێرە، حەج و عومرەت بکردبا!

ئێمە لەم قسانەدا بووین، ئیبۆ هاتە لامان، ڕووی لە جاهید کرد و پێی وت: من کاری خۆم لەگەڵ ئەو ژنە تەواو کرد، ئەگەر تۆش حەزت لێیە، بڕۆ لای، هەندێك لەگەڵی ڕابوێرە.

کە وای وت، جیهاد هەستایە سەر پیّ، ڕووی لە ئێمە کرد و بە پێکەنینەوە وتی: دەمزانی ئیبۆ لەبیرم ناکات.

ئەمەی وت و ڕۆیشت.

ئاکۆ کە ئەم دیمەنەی بینی، سەری سوڕما، ڕووی لە من کرد و وتی: بۆچی ئەم خەڵکە وایان لێهاتووە، هەموان جڵەوی ئەقڵیان لە دەست کێریانە. من دەمێکە بە شان وباڵی جاهیددا هەڵدەڵێم، کەچی دەرچوو ئەویش وەکو ئیبۆ وایە!

منیش وتم: وەکو پێم وتی، ئێرە شوێنی ڕابواردن و خۆشییە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت، ئەم هەموو خەڵکە ڕوو لێرە ناکەن. وڵاتی خۆمان سرووشتەکەی زۆر جوانتر و دڵڕفێنترە، تەنانەت ئەو هەموو مۆڵ و شوێنە بازرگانی و گەشتیارییانەش کە لەلای ئێمە هەن لێرە نین.

بەم شێوەیە، ئێمەش گەڕاینەوە ژوورەکەی خۆمان و لە گەرماوەکە دوشێکم وەرگرت. ئاکۆش دەستنوێژی هەڵگرت و کۆمەڵێك نوێژی کۆکردەوە و بە قەسرو جەمع کردنی.

کە لە نوێژەکەی بۆوە، پێم وت: ئەم قەسرو جەمعە مانای چی بوو؟

وتی: مادام لە سەفەرین، دەکرێ نوێژەکان بە قەسرو جەمع بکەین.

منیش وتم: خۆ تۆ لە بیابان نیت، تا قەسرو جەمع بکەیت، تۆ لە هوتێلێکی گەشتیاری پێنج ئەستێرە دابەزیویت، ئەمە چ پاساوێکە لەجیاتی پێنج فەرز نوێژ بکەیت، کورتیان دەکەیتەوە.

ئەویش وتی: من وام دانەناوە، زانایانی ئایینی و شەریعەتی ئیسلام ڕێگایان پێ داوە.

کە وای وت، چەند ساڵێك لەمەو بەرم بیرهاتەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ عومەر ئاغای سورچی کە چووینە ئێران، لە تاران لە خیابانی وەلی عەسر، لە هوتێلی کەوسەر دابەزین، دەعوەتی ئاغای محەمەدی ڕاوێژکاری هاشمی ڕەفسەنجانیی سەرۆك کۆمار بووین، ئێمە لە نهۆمی دووەمی هوتێلەکە دابەزیبووین، سەرکردەی یەکێك لە گرووپە ئیسلامییەکانیش لە نهۆمی سێیەم دابەزی بوو، ئەویش وەکو ئێمە میوانی ئاغای محەمەدی بوو. ڕۆژێك عومەر ئاغا بۆ نوێژی ئێوارە چووە لای ئەو داوای لێکرد کە پێشنوێژمان بۆ بکات و لەگەڵ ئەو نوێژی ئێوارە بە جەماعەت بکەین، ئەویش وتی (ئێمە لە سەفەرین، بۆیە نوێژی ئێوارەم لەگەڵ نوێژی نیوەڕۆ بە قەسر و جەمع کردووە، بمبوورن، کاتم نیە، دەعوەتنامەیەکم لە نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ

هـاتووە، دەبـێ ئێسـتا بـڕۆم، لـە فڕۆکـە خانـە ئامـادەبم). کـە ئەمـەم بیرکەوتـەوە، لـە بـیری خۆمـدا وتم (ئـەو ئیسـلامیانە ئـەوهان، دەرچـەی شەرعییان بۆ هەموو شتێك هەیە، تەنانەت بۆ کەمکردنەوەی ڕەکعاتەکانی نوێژیش، پەنای بۆ دەبەن).

## خیابانی نیزامی

دوای پشـووێکی کـورت، ئێـواره خۆمـان گـۆڕی و چـووینه لێـواری دەریای قەزوین، لـه پـارکی تـارکۆڤی بـه پیاسـه بـەرەو خیابـانی نیزامـی شۆڕبووینەوە. ئەو خیابانه وەکو شەقامی تەقسیمی وڵاتـی تورکیایـه. لـه ئێوارەوە گەنجان به هەردوو ڕەگەز، ڕووی تێدەکـەن و تـا درەنگـی شـەو لێی دەمینێنەوە، کاتێکی خۆش له شەقام و ڕیستورانت و یاناکانی ئـەوێ بەسەر دەبـەن. لـه سـەر شۆسـتەی شـەقامەکانیش، نـاوه نـاوه کورسـی چەسپاو بۆ دانیشتن دانـراوه، هـەروەها هەنـدێك کوشـکی بچـووکی لێیـه، سەندویچی دۆنەر و ساردەمەنی و خواردنەوەی کهولی تیا دەفرۆشن.

به زۆری ئـەو ژنانـەی لـەو خیابانـه پیاسـه دەکـەن، کـەپڵی خۆیـان هەیه، هەندێکیشیان سینگڵن و تەنهان، به چەشنێك خۆیان ڕازاندۆتەوە و جلی ڕەنگا و ڕەنگ و نیمچه ڕووتیان لەبەر کردووه، چاویان لێیه کەسـێك هۆگری جوانیان بێت و کاتێکی خۆشیان لەگەڵ بەسەر ببەن.

تـا ڕۆژ ئـاوابوو، بـه دەم قسـه کردنـەوە، لـه خیابانەکـه بـه پیاسـه دەهاتین و دەچووین. دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن بوو، لەوێ هەموو شـتێك جـوان بـوو، تەنانـەت ژنەکانیشـیان جیاوازیـان هـەبوو لەگـەڵ ژنـانی لای خۆمان، ئەوان دڵێکی گەورەیان هەبوو، داوامان لێ کـردن وێنـەیان لەگـەڵ

بگرین، به لایانەوە ئاسایی بوو، دڵیان نەشکاندین، وێنەیان لەگەڵ گرتین و خەندەیان پێ بەخشین.

بۆ نانی ئێوارەش لاماندایە لای یەکێك لەو کوشکانەی کە سەندویچی دۆنەری دەفرۆشت، سەندویچی دۆنەرمان خوارد و دووبارە دەستمان کردەوە بە پیاسە کردن. لە شوێنێکی ئەو خیابانەن دوو کچی زۆر جوان و ناسکمان بینی، جلێکی جوان و نیمچە ڕووتیان لەبەر کردبوو، وەك بووك خۆیان ڕازاندبۆوە، کە ئێکمەیان بینی، لێمان نزیك بوونەوە و داوایان لێکردین وێنەیان لەگەڵ بگرین. ئەوان بۆ پارە وایان دەکرد بە پۆشینی ئەو جلانە و ڕازاندنەوەی خۆیان، سەرنجی پیاوانیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا.

به ئاکۆم وت: پێت چۆنه بە یادی ڕۆژی هاوسەرگیرمان، وێنەیان لەگەڵ بگرین؟

ئەویش وتی: ئەم کچانە زۆر جوانن، بۆچی لە جیاتی ئەوە، هاوسەرگیری ناکەن، کچانی خۆمان، وەکو ئەوانەش جوان نین، کەچی بە هەموو کەسێك ڕازی نابن هاوسەرگیری لەگەڵ بکەن.

منیش وتم: ئێستا چیت وت، وێنەیان لەگەڵ بگرین یان نا؟

وتی: لە بەر باوکم ناتوانم وێنەیان لەگەڵ بگرم، ئەگەر لەگەڵ ئەوانم ببینێ، سەرزەنشتم دەکات.

منیش وتم: ڕەحمەت لە خاڵت، لە هەموو کەسێك باشتر تۆی دەناسی، لە بیرتە کە وتی (بڕوای پێ مەکە، کە دەچێتە مزگەوت و نوێژ دەکات، ئەو لە ترسی باوکی نوێژ دەکات، دەنا باوەڕی پێی نیە).

کە ئەمەم وت، ئاکۆ وتی: واز لە قسەی خاڵم بێنە، ئەو کەسێکی کۆمۆنیستە، باوەڕی بەم شتانە نیە، بۆیە وا دەڵێ. ئەگەر تۆ حەزت لێیە وێنەیان لەگەڵ بگرە و واز لە من بێنە.

منیش وتم: بۆیە وام پێوتی، تا نەڵێی پێی نەوتوومە، من بۆ تۆمە، ئەو دوو کچە جوانانە  دەڵێی حۆرین، من حازر بە قەرز ناگۆڕمەوە، بۆ یادگاری وێنەیان لەگەڵ دەگرم.

ئەوەم وت و چوومە ناوەندیان، دەستم خستە سەر شانیان و وێنەیەکم لەگەڵ گرتن و دوایش یەکەو ماچێکم لە ڕوومەتە تەنك و ناسکەکانیان کرد. ئینجا بە ئاکۆم وت: من بە حۆریەکانی خۆم گەیشتم و تۆش تا ڕۆژی قیامەت چاوەڕێ بە، تا حۆریت دەدرێتێ یان نا!

کە لە کچەکان دوور کەوتینەوە ئاکۆ وتی: کە ماچت کردن، لە دڵی خۆمدا وتم ئێستا قسەیەکی نەشیاوی پێ دەڵێن، کەچی ئەوانیش پێیان خۆش بوو.

منیش وتم: دەزانم تۆش حەزت دەکرد وێنەیان لەگەڵ بگریت، بەڵام لە ترسی باوکت نەتگرت.

## مەلەوانگە

ڕۆژی دواتر، لە سالۆنی هوتێلەکە دانیشتبووین، چاوەڕێی ڕابەری گەشتیاریمان دەکرد، دوای تۆزێك، خۆی و سارا ئازەری هاتنە لامان.

سارا ئازەری لە دوورەوە بە سەماکردن هاتە لامان، خۆی ڕازاندبۆوە، قەمیسێکی سووری لەبەر کردبوو، دوگمەکانی کردبۆوە، مەمکەکانی وەکو سێوە لاسوورە لە دوورەوە دیار بوون، قەمیسە سوورەکەی لە سەر مەمکە ناسکۆڵەکانی تیشکی دەدایەوە. بستێك لە سەر ناوکی تا سەر لیباسی ژێرەوەی ڕووت بوو، لە سپێتیان، دەتوت پەنیری کوردیە و هەتاوی بەرنەکەوتووە، شەپقەیەکی گەورەی سووریشی لە سەر نابوو، دەتوت سەندرێلایە، کە چاوم پێی کەوت، لە بەر جوانیەکەی خۆم ڕانەگرت، چوومە لای ئەحمەد و پێم وت: وای لەو جوانیە، ئەمڕۆ سارا ئازەری وەکو فریشتە دەرکەوتووە!

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: دەزانم تۆ زۆر پێی سەرسامیت، ئەویش دەزانێت کە تۆ پێی سەرسامیت، خۆی بۆ تۆ ڕازاندۆتەوە. لە یەکەم ڕۆژەوە کە هاتین، خۆی لە تۆ نزیك کردەوە، منیش وەك تۆ پێی سەرسامم، بەڵام نازانم بۆچی قسە لەگەڵ من ناکات.

منیش وتم: کە لە یانەی دیسکۆ سەمام لەگەڵ کرد، زۆر شت هەبوو دەمویست پێی بڵێم، بەڵام ئەفسووس زمانی تورکی نازانم، بۆیە تەنها

سەیری چاوە جوانە تەلیسماوییەکانیم دەکرد و کە لە سەماش بووینەوە، دەمم خستە ناو دەمی و شیلەی لێوەکانیم مژی.

ئەویش وتی: بۆچی بە زمانی عەرەبی قسەت لەگەڵ نەکرد؟

منیش وتم: بۆچی ئەو زمانی عەرەبی دەزانێت؟

وتی: سارا عەرەبییێکی باش دەزانێت، ئـەو پەیمانگـەی گەشـتیاری تەواو کردووە و لەوێ فێری زمانی عەرەبی بووە.

کە وای وت، زۆر کەیفم هات، چوومە لای سارا و تەوقەیـەکی گـەرمم لەگەڵ کرد و بە زمانی عەرەبی قسەم لەگەڵ کرد و پێم وت: بمبـوورە کـە چەند ڕۆژێکە وەکو کەڕولاڵ لەبەردەمتم، نەم دەزانی کـە زمـانی عـەرەبی دەزانیت، دەنا هەگبەی دڵی خۆمم بۆت دەکـردەوە و بـەو زمانـە لەگـەڵت دەئاخافتم.

ئـــەویش وتـــی: ئـــەمڕۆ تۆڵـــەی دەکەینـــەوە و لـــە مەلەوانگـــە قســـە دەکەین.

بەرلـەوەی سـواری پاسـەکە بـین و بـەڕێ بکـەوین، بـە کـامێرای مۆبایلەکەم وێنەیەکی سـێڵفیم لەگـەڵ گـرت و پـێم وت: ئـەمڕۆ زۆر جـوان دیاریت، وا دەزانم بووکی دەریایت، ئەم وێنەیـە لەگـەڵ وینەکـەی تـر، بـۆ یادگاری لای خۆم هەڵیان دەگرم.

کە وام وت، مۆبایلەکەی لێ وەرگرتم و ژمـارەی خـۆی لـە نـاو تۆمـار کرد و وتی: ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەمە، هەردوو وێنەکانم بە واتـس ئـاپ بۆ بنێرە، منیش لای خۆم بۆ یادگاری هەڵی دەگرم.

گەشتیارەکانی گرووپەکەمان لە ناو پاسەکە ئامادەبوون، چـاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، بە سارام وت: دەگەڕێمەوە هوتێـل، بـزانم بۆچـی ئـاکۆی هاوڕێم نەهاتووە.

کە چوومەوە هوتێل، ئـاکۆم بـە تـەنیا بینـی، لەسـەر قەنەفـەیك بـە خەمباری دانیشتبوو. پێم وت: هەمووان لە ناو پاسەکە چاوەڕێی ئێمـەن، بۆچی لێرە دانیشتووی؟

وتی: نیازم نیە لەگەڵتان بێم.

وتم: بۆچی؟

وتی: سەر دەریا و مەلەوانگە ژنی ڕووتی لێیە، بە بینینیان گوناهبار دەبم.

ئەو مەلەوانگەیەی بۆی دەچین، ڕیستورانتی هەیە، دەتوانیت لەگەڵ ئێمە نەیەیتە ناو ئاوەکە، لە وێ دابنیشیت و چاوەڕێمان بکەیت تا دەگەڕێینەوە.

ئەویش وتی: وەکو بیستوومە ئێوە تا ئێوارە ناگەڕێنەوە، من ئەو ماوە زۆرە لە ڕیستورانتەکە چی بکەم؟

منیش وتم: کەواتە بە دڵی خۆت بکە، بەلاّم ئەوە بزانە ئێمە تا ئێوارە ناگەڕێینەوە.

کە وام پێوت، هەستایە سەر پێ و وتی: نیازم نەبوو بێم، بەلاّم لەبەر خاتری تۆ دێم و ئوباڵی ئەو گوناهەش بە ئەستۆی تۆ بێت.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: وەکو یانەی دیسکۆ و چەنە قەلاّی لێ مەکە وتت نایەم، کەچی کە هاتیت، چاوەکانت وەکو دووربین لێکردبوون، خستبوونتە سەر سینگ و مەمکی ژنە سەماکەرەکان و لە سەریان هەڵت نەدەگرتن!

وتی: ئەوەت لە کوێ هێنا، لە بەر خاتری تۆ نەبووایە، نەدەهاتم.

منیش وتم: ئەگەر نەهاتبایت دەبوو بە تەنیا لە بازاڕ بخولایتەوە.

کە وام پێی وت، هەندێك داما، دوایی ڕووی تێکردم و وتی: ئێستا دەڵێی چی، لەگەڵتان بێم؟

منیش وتم: خۆت دەزانیت، بەلاّم لە بیرت نەچێت، ئەو ژنەکانی مەلەوانگە هەموویان ڕووتن تەنها سوخمە و شۆرتێکی مەلەوانیان لە بەرە.

ئەوەم پێ وت و بە جێم هێشت و چوومە لای پاسەکە، سواری پاسەکە بوو، بەر لەوەی پاسەکە بڕوات، خۆی گەیاندە پاسەکە و لەگەڵمان هات.

منیش پێم وت: دەمزانی لەگەڵمان دێیت.

وتی: لەگەڵتان نایەمە ناو مەلەوانگە و ڕۆخی دەریا، لە دەرەوە چاوەڕێتان دەکەم تا دێنە دەرەوە.

منیش وتم: وەکو دەیزانم، مەلەوانگەکە لە دەرەوەی شارە و هیچ ڕیستورانتێکی لێ نزیک نیە، لێی پشوو بدەیت. وتی: خوا کەریمە، شوێنێك دەدۆزمەوە لێی پشوو بدەم.

ئەوەبوو پاسەکە ئێمەی بردە دەرەوەی شار، دوای نیو کاتژمێر، لە بەردەم دووکانێك ڕایگرت و ڕابەرە گەشتیارەکەمان وتی: گەیشتینە مەلەوانگەکە، بەر لەوەی بچینە ژوورەوە، ئەوەی جلی مەلەوانی نیە، لەم دووکانە بۆ خۆی بیکڕێت، لەوێ تەنها پەشتەماڵی خۆوشککردنەوەتان دەدەنێ.

شۆرتی مەلەوانی و نەعلی لاستیکم نەبوو، بۆیە چوومە دووکانەکە تاکو بیان کڕم.

ڕابەرە گەشتیارەکەمان دەیزانی کە نازانم بە زمانی تورکی قسە بکەم، بۆیە لەگەڵم هاتە ژوورەوە، منی بردە لای هەندێك شۆرت و نەعل و وتی: ئەمانە بکڕە، لەوانی تر هەرزانترن، تەنها ئەمڕۆ مەلەوانی دەکەین، پێویست ناکات پارەکی زۆری پێ بدەیت.

لەو کاتەی کە من لە دووکانەکە خەریکی کڕینی ئەو شتانە بووم، ئاکۆ لە ناو دەرگای دووکانەکە بە دەنگێکی بەرز وتی: دانەیەکیش لەم شۆرت و نەعلانە بۆ من بکڕە، دوایی پارەکەت دەدەمەوە.

منیش وتم: دیارە بڕیاری خۆت گۆڕیوە؟

وتی: ئەی بە تەنیا لە دەرەوەی مەلەوانگە چی بکەم.

به هەرحاڵ، پێویستیەکانی خۆمـان لـە دووکانەکـە کـڕی و چـووینە مەلەوانگە. ڕابەرە گەشتیارەکەمان وتی: تکیتی چوونە ژوورەوە بـۆ یـەك کەس، بیسـت مەناتـە، کـە چـوونە ژوورەوە، لـە لای دەسـتە ڕاسـت، بـە سەدان سـندووقی ئاسـنی لێیـە، خۆتـان بگـۆڕن و کـەل و پەلەکانیشـتان بخەنـە نـاو سـندووقەکان و دوایـی وەرەنـە نـاو مەلەوانگەکـە. سـەدان گەشـتیاری لێیـە مەلـەوانی دەکـەن، تـاکو کاتـژمێر پێنجـی ئێـوارە لێـرە دەمێنینـەوە، دوای ئـەوە لای پاسـەکە چـاوەڕێتان دەکـەم، ئـەوەی دوا بکەوێت، بەجێی دەهێڵێن و چاوەڕێی ناکەین. بۆیـە هەوڵـدەن پـێش ئـەو کاتە لە ناو ئاوەکە وەرنە دەرەوە و بگەڕێنەوە ناو پاسەکە.

ئاکۆ کە گوێی لە نرخی بلیتەکە بوو، دەموچاوی وەکو خورما سوور هەڵگەڕا، ڕووی تێکردم وتی: بیست مەنات پارەی ژەمێك خواردنە، ئەگەر بمزانیبا چوونە ژوورەوە لە سەر خۆمانە، نەدەهاتم.

منیش وتم: تەنها بیست مەنات نیە، منیش چل مەنانم لە جیاتی تـۆ داوە بۆ کڕینی نەعل و شۆرت.

کەوام وت، لە تاوان نیوچەوانی گرژ بۆوە و برۆیەکانی جـووت بـوون و پرچی وەکو تووکی ژووژك بۆ سەرەوە چوو، بە تووڕەییەوە وتی: ئەگەر بـە قسـەت بکردبـام و بـۆ ئێـرە نـەهاتبایت، منـیش تووشـی ئـەو زیانـە گەورەیە نەدەبووم.

منـیش وتم: ئەگـەر نەیەنـە ئێـرە و نەچـینە یانـەی شـەوان و دوو شوێنی خۆش ئەی بۆچی هاتووین؟

کە وام پێ وت، دەستی بردەوە ناو گیرفانی و چل مەناتی دەرهێنـا و بە تووڕەییەوە خستییە ناو دەستم و وتی: بگرە، ئەمەش هـەقی شـۆرت و نەعلەکەکەم.

دوای ئـەوەی کـەل و پەلـەکانمان خسـتە نـاو سـندووق، شـۆرتی مەلەوانیمان لەبەرکرد و چووینە ناو مەلەوانگە. مەلەوانگەیەکی زۆر گـەورە

بوو، نزیك بوو لە لێواری دەریاكە، لە ناوەوە جگە لە خشخشۆكێی ئـاوی، چەند مەلەوانگەیەكی تریشی تیا بوو. هەندێك لەو مەلەوانگانە، بۆ منداڵان و مێرد منداڵان بـوو، زۆر قـوڵ نـەبوو، تەنانـەت ئـەوانی تـریش، زۆر جـۆر بوون، هەندێكیان بەژنێك قووڵ بوون، ئەوانی تریش دوو مەتر قوڵ بوون.

ئەمـەو جگـە لـە مەلەوانگەكـە، بـە دەیـان گەشـتیار بـۆ مەلـەوانی چووبوونە ناو ئاوی دەریاكە. مـن مەلـەوانیم نـەدەزانی، زۆریـش لـە ئـاوی دەریا دەترسام، بۆیە دوودڵ بووم لەوەی بچمە ناو ئاوەكە.

ئاكۆ لەگەڵ هەندێك كوڕی گـەنج ڕۆیشـت و منـیش بـە دەم خـەیاڵی سارا ئازەرییەوە بـۆلای خشخشـۆكە ئاویەكـە ڕۆیشـتم. ژنێكـی زۆر لـەناو ئاوەكە بوون، هەندێكیشیان لە لێوی مەلەوانگەكە لە سەر تەختە لە سـەر پشت لێی ڕاكشابوون، خۆیان دابووە بەر تیشكی خۆر. ژنەكان زۆر جـوان بوون، ناو قەد باریك بوون، بالآیان بەرز بوو دەتووت دار چنارن، پرچـیان وەكـو ئاوریشـم بەسـەر لەشـیان شـۆڕ ببـۆوە، مـەمكی هەنـدێكیان وەكـو فنجانی قاوە بچووك بوو، هەندێكی تریش مەمكیان وەكو پرتەقاڵ خڕوپـڕ بوون، لە ناو سوخمەكانیان وەكو گڵۆپ دەتریسكایەوە.

لە لێواری مەلەوانگەكە ڕاوەستابووم، بـیرم لای سـارا ئـازەری بـوو، چاوم لێی دەگێڕا، بینیم لە ناو ئاوەكە وەكو ماسی مەلەوانی دەكات. كـە چاوی بە من كەوت، دەستی بەرز كردەوە و بانگی كردم.

لـە خۆشـیان خـۆم هەڵدایـە نـاو ئاوەكـە، لـە قووڵیـان قاچـەكانم نەكەوتنـە سـەر زەوی، لەگـەڵ شـەپۆڵی ئاوەكـە خـۆم بـۆ نـەگیرا، بـە دەستەكانم هەندێك شەپە شـەپم كـرد، ویسـتم خـۆم بگەیەنمـە لای ئـەو، بەلآم نەمتوانی. سارا ئازەریش لە دوورەوە بە دەستەكانی ئیشارەتی بـۆ دەكردم و هـانی دەدام كـە نەترسـێم، بـەلآم ئەفسـووس مەلەوانگەكـە لـە بەژنی من قوڵتر بوو، ئاو چووە ناو سیەكانم و هێندەی نـەمابوو بخنكـێم. لەو كاتەدا گەنجێتی خۆمم بیركەوتەوە، كە سەرپـەرشـتیاری مەلەوانگـەی

هاوینەهەواری پیرمام بووم، کچە بەغدادییێکی شۆخ و شەنگ لەو ماوەیەی کە لە پیرمام بوو، ڕۆژانە دەهاتـە مەلەوانگـە و مەلـەوانی دەکـرد، هـەموو جارێکیش بەرلەوەی خۆی بخاتە ناو ئاوەکە، بە جلی مەلەوانیەوە دەهاتە بـەر دەمـم و داوای لێ دەکـردم کـە مەلـەوانی لەگـەڵ بکـەم، لـە شـەرمان مەلەوانیم لەگـەڵ نـەدەکرد. جارێـك زۆر هـەوڵی لەگـەڵ دام کـە مەلـەوانی لەگەڵ بکەم، منـیش وەکـو جـارانی پێشـوو دڵـیم شـکاند و داواکـەم ڕەت کردەوە. جا کە لێم بێ ئومێد بوو، بە تووڕەییەوە بە دەنگێکی بـەرز پێـی وتم (قلبك مثل الحجر). جا کە سـارا ئـازەریش بـانگی کـردم، خەیاڵـەکانم منیان بردەوە بۆ ئـەو سـەردەم، بـەڵام ئـەمجارەیان لـە شـەرمان نـەبوو، بەڵکو لە ترسان بوو، نەمتوانی مەلەوانی لەگەڵ بکەم.

ویستم لە ئاوەکە بێمە دەرەوە، یـەکێك پێـی وتم: لـە ئاوەکـە مەیـە دەرەوە، خۆت بگەیەنە لای سارا ئازەری، ئەم دەرفەتە لە دەستی خـۆت مەدە.

کە ئاوڕم لێی دایەوە بینیم جیهادە، لە ڕۆخی مەلەوانگەکە لـە سـەر تەختەیەك لەسەر پشت لێی ڕاکشابوو.

پـێم وت: لـە بـەژنی مـن قـوڵترە، خەریکـە بخنکـێم، ناچـارم بێمـە دەرەوە.بەم شێوەیە لە ئاوەکە هاتمە دەرەوە، چـوومە لای جیهـاد و لـە تە نیشت ئەو لە سەر تەختەیەك لە سەر پشت لێی ڕاکشام.

جیهاد وتی: خۆزگە منـیش وەکـو تـۆ هاوڕێیـەکی ژنم دەبـوو، خـۆم دەخستە ناو ئاوەکە و مەلەوانیم لەگەڵ دەکرد.

منیش وتم: دیارە تۆ مەلەوانی دەزانی؟

وتــی: لـە منداڵیـەوە فێـری مەلـەوانی بوومـە، لـە دەڤـەری ئێمـە سەرچـاوەی ئـاوی زۆری لێیـە، بۆیـە خـەڵکی ئـەو دەڤـەرە هـەموویان مەلەوانی دەزانن.

سارا ئازەری کە زانی من مەلەوانی نازانم، لێم بێ هیوا بوو، ڕۆیشتە لای هەندێك کوڕی گەنج، لەگەڵ ئەوان مەلەوانی کرد.

پاش ئەوەی پشوێکی باشم دا، لەگەڵ جیهاد چووینە ڕۆخی دەریا و لە تەنکاوەکە قاچەکانم تەڕ کرد.دوایی گەڕاینەوە مەلەوانگەکە و پیاسەمان کرد. ڕابەرە گەشتیارەکەمان لە لێوی مەلەوانگەکە بە سەرخۆشی خەوی لێ کەوتبوو.

سەیری کاتژمێرەکەم کرد، بۆ کاتی گەڕانەوەمان زۆری نەمابوو، بە جیهادم وت: چۆنە وەئاگای بێنین، نەوەك لە خەو هەڵنەسێتەوە و دوا کەوین.ئەویش وتی: ئیشمان بەو نیە، ئێمە دەچینە لای پاسەکە، ئەگەر تا ئەو کاتە نەهات، شوفێری پاسەکە پەیوەندی پێوە دەکات.

ئەوەبوو بەرەو لای پرسگەکە ڕۆیشتین لە نزیك ئەوێ، ئاکۆم لەگەڵ هەندێك ژن بینی، مەلەوانی نەدەزانی هەر خەریکی شەپە شەپ بوو.

پێم وت: زۆری نەماوە کاتمان تەواو بێت، وەرە دەرەوە با بچین خۆمان بگۆڕین.

وتی: ئێوە بڕۆن من هەندێکی تریش لە ناو ئاوەکە دەمێنمەوە.

منیش پێم وت: پێشینان ڕاستیان وتووە (بە دەیان نەدەچووە شایی، بە بیستیش دەرنەدەهات).

کەوام پێ وت، بە نادڵی لە ئاوەکە هاتە دەرەوە و لە بەر خۆشی هەر پرتە و بۆڵەی بوو.

ڕووم لە جیهاد کرد و پێم وت: ئەم ئاکۆیە دەبینی، لە وەتی هاتۆتە باکۆ، هەر پرتە و بۆڵەیەتی، بۆ چوونە چەنەقەلاَ و یانەی دیسکۆش وەکو ئەمڕۆی کرد. پێش ئەوەی بێینە ئێرە، دەیوت لەگەڵتان نایەمە مەلەوانگە، ژنی ڕووتی لێیە، گوناهبار دەبم. کەچی لە خۆشی ئەو ژنە ڕووتانە، نەیدەویست بێتە دەرەوە.جیهادیش ڕووی لە ئاکۆ کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: تۆش وەکو ئیبۆی هاوڕێم دەکەیت، یەکەم جار بە

زۆری لەگەڵم هاتە باکۆ، ئێستاش لەوەتی چاوی بەم ژنە جوانانـەی ئێـرە کەوتووە، تا من جارێك دێم، ئەو چوار جار دێتە ئێرە.

ئاکۆش وتی: تکات لێدەکەم من مەهێنە ڕێزی ئیبۆ، ئەو بەم تەمەنە لە خوا ناترسێت و لەگەڵ ژنی لەشفرۆش دەخەوێت.

ئەویش وتی: جیاوازی چیە، ئەوە نیە تـۆش لەگـەڵیان چـوویتە نـاو ئاو.

## گۆبەندی کەچەڵ

ئەم ئێوارەیە هیچ بەرنامەیەکمان نەبوو، نەمدەزانی بچم بۆ کوێ، بیرم لە چێشتخانەیەکی وەکو لای خۆمان دەکردەوە، ترش و برنجی هەبێت. ئەو چەند ڕۆژەی لە باکۆ بووم، بێزار بووم ئەوەندەی گۆشتی برژاو و کەباب بخۆم.

لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، ئاکۆ وتی: دیسان خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشت؟

منیش وتم: بیرم لای خواردنی برنج و شلە بوو.

ئەویش وتی: دیارە تۆ بۆ خواردنی برنج و شلە هاتوویت.

منیش وتم: ئەی چی بخۆین؟

وتی: دەچینەوە چەنەقەلاّ، لەوێ نانەکەش دەخۆین و جەوێکیش دەگۆڕین، گۆرانی بێژەکانی ئەوێ دەنگیان زۆر خۆشە، ستایلێکی جیاوازییان لە گۆرانی وتن هەیە، تێکست و ئاوازەکانیان فۆلکلۆرین و تایبەتن بە کەلەپووری نەتەوایەتی خۆیان.

منیش وتم: وایە، ئەو ئازەریانە میللەتێکن، زۆر شانازی بە کەلتووری نەتەوایەتی خۆیان دەکەن.

ئەویش وتی: کەواتە با بۆ ئەوێ بچین.

منيش وتم: ئەو شەوە بە زۆری لەگەڵمان هاتیت، دەتـووت نایەمـە شوێنێك گۆرانی و سەمای لێ بێت، کەچی ئێستا دەڵێی با بچینەوە ئەوێ.

وتی: ئەگەر پێت ناخۆشە ناچین.

وتم: ئەگەر هەموو شەوێك بچم، لێی بێزار نابم، بەڵام سـەیرم بـە تـۆ دێت، چۆن وا هۆگری بوویت؟

بە پێکەنینەوە وتی: دەزانم بۆچی وا دەڵێـی!! ئێسـتا پـێم خۆشـە بچینە چەنە قەڵا، دەزانم دەتەوێ ئەوە بڵێم.

ئەدرێسی یانەکەم لا بوو، دەستم خستە نـاو گیرفـانم، ئەدرێسـەکەم دەرهێنا و پەیوەندیم پێوە کردن، داوام لێکردن مێزێکمـان لـە شـوێنێکی باش بۆ بگرن.

بەر لەوەی هەستین، جیهاد و ئیبۆش هاتن، جیهاد وتی: ئـەم شـەو بە نیازن بچن بۆ کوێ؟

وتم: دەمانەوێ بچینەوە چەنەقەڵا.

کـە وام وت، زۆر کـەیفی هـات، وتـی: ئێمـەش دەمانویسـت بچـینە ئەوێ، بەڵام چۆن پەیوەندییان پێوە بکەین و مێزێك بگرین؟

وتم: من ئەدرێسی ئەوانم لەلایەن پێش ئەوەی ئێوە بێن، پەیوەندیم پێوە کردن، مێزم گرتووە. هەر خۆی مێزەکە شوێنی چـوار کەسـە، بۆیـە پێویست ناکات پەیوەندییان پێوە بکەن.

وتی: ئێستا زووە، تا شەو دادێت، لە هوتێل چی بکەین؟

وتم: بە پیاسە دەچینە ڕۆخی دەریا، لە پارکی (تـارکۆڤی) بـە دیـار دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی، کـات بـە سـەر دەبـەین، هـەر لـەوێوەش بـە تەکسییێك دەچینە چەنەقەڵا.

ئاکۆش ڕووی لە جیهاد کـرد و پێـی وت: ئێـوە لـە خۆتانـەوە بڕیـار دەدەنن کێ دەڵێ ئیبۆ پێی خۆشە بێتە چەنەقەڵا؟

بەر لەوەی ئیبۆ وەڵامی بداتەوە، جیهـاد وتـی: ئیبـۆ لـە هـەموومان زیاتر چەنەقەڵای پێ خۆشە.

وتم: بۆچی؟

وتی: دوو ڕۆژ پێش ئێستا، ئەو ژنەی کە بۆ هوتێل هێنابووی، لەویَ لەگەڵی ڕێك کەوتبوو، بۆ ئەو چەنە قەلاَ وەکو خەرمان وایە، شتی لیَ بەدەست دەکەویَ.

کەوای وت، ڕووم لە ئیبۆ کرد و پێم وت: بە چ زمانێك قسەیان لەگەلَ دەکەیت؟

وتی: زانینی زمانی ناوێت، ئەو ژنەی ئەقڵت گرتی، گوڵێکی لە کچە گوڵفرۆشەکە بۆ بکڕە و پێشکەشی بکە، ئەگەر لێی وەرگرتی، مانای ئەوەیە تۆی بە دڵە و لەگەڵت دێت.

وتم: چۆن دەزانی؟

وتی: من شارەزایان بوومە، چەند جارێکی تریش بە سەردان بۆ ئازربایجان هاتووم، کام ژن بمەویَ لەگەلَ خۆمی ببەم، گوڵێکی بۆ دەکڕم، ئەگەر هاوڕێی نەبێت، لێم وەردەگرێت و لەگەڵم دێت، ئەگەر هاوڕێشی هەبێت، ڕەتی دەکاتەوە.

ئاکۆش وتی: لە جیاتی ئەوەی ئەو پارە جوانە لەو ژنە لەشفرۆشانە خەرج بکەیت، بۆ ژنەکەت دیاری پیَ بکڕیت، باشتر نیە؟

ئەویش وتی: ژنەکەمم لە بیر نەکردووە، دیاریم بۆ ئەویش کڕیوە.

بە هەرحالَ، بە پیاسە شۆڕبووینەوە بۆ ڕۆخی دەریا، بە دەم قسەکردنەوە، بە نێو گولَ و گوڵزارەکانی پارکی تارکۆڤی دەڕۆیشتین، سەیری ئەو دیمەنە جوانانە و شەپۆڵی دەریاکەمان دەکرد، دیمەنێکی دڵڕفێن بوو، کچان و کوڕانی باکۆش خۆیان ڕازاندبۆوە، کچەکان جلێکی جوانی ڕۆمانسییان پۆشی بوو، دەستیان خستبووە ناو دەستی ئەو کوڕە گەنجانە و بە دەم ڕۆیشتنەوە یەکتریان ماچ دەکرد. ئاکۆ ڕووی تێکردم وتی: ئەگەر تۆش سارا ئازەریت لەگەلَ با، پیاسەت لەگەلَ دەکرد و وەکو ئەوان ماچت دەکرد.

وتم: بۆچـی تـۆش حەزناکـەیت هاوڕێیـەکی ژنـت هـەبێت، دەسـتی بگریت و پیاسەی لەگەڵ بکەیت، ناوە ناوەش ماچێکی لێبکەیت؟

وتی: هەر شتێك خوا پێی ناخۆش بێت، نامەوێ.

ئەمەی وت و ڕووی لە جیهاد کرد و پێی وت: بیستم ئەو ڕۆژە تـۆش لەگەڵ ئەو ژنـە لەشفرۆشـە خـەوتیت کـە ئیبـۆ هێنابوویـە هوتێـل. دەزانم ئەوە بە ویستی خۆت نەبوو، ئیبۆ پێی کردی، ئەگـەر تۆبـە بکـەیت، خـوا لێت خۆش دەبێت.

ئیبۆ پێکەنینی بە قسەکانی هات، وتی: تۆ زۆر نەزانی، دەڵێـی لـەم دونیایە ناژیت، پێت وایە ئەوەی بێتە باکۆ بۆچی دێت، مەگەر بۆ مێبـازی نەبێت!

جیهاد ویسـتی بابەتەکـە بگۆڕێـت، بۆیـە ڕووی لـە مـن کـرد و وتـی: هەنـدێك کـەسمان لەگـەڵ دابـوون، تۆیـان دەناسـی، تـەنها یەکـەم ڕۆژ ئەوانمان بینی، چیان لێهات، بۆچی دیارنین؟

منیش وتم: مەبەستت کێن؟

وتی: ئەوانەی ژوورەکەیان لە تەنیشت ژووری ئێوەیە.

وتم: مەبەستت بەرپرسە حکوومیەکانە.

وتی: بۆچی ئەوانە بەرپرسن؟

وتم: دووانیان بەرپرسی گەورەن، نایانەوێ تێکەڵی خەڵك بن و بچنە هەموو شوێنێك، ئەوان وەکو ئێمە نین، بە دەستنوێژ بۆ ئێرە هاتوون.

کـە وام وت، ئـاکۆش وتـی: ئـەوان خۆیـان بەچـی دەزانـن، مـن مامۆسـتام، سـەدانی وەکـو ئـەوانم پـێ گەیانـدووە، ئەگـەر لەبـەر کەسایەتییانە، ناگەنە کەسایەتی مامۆسـتایەکی سـەرەتایی، کـە دەچـمە چەنەقەلاّ، مانای ئەوە نیە کەسایەتی خۆمم بەلاوە کەم بێت.

کە شەو داهات، تەکسیێکمان گرت و لەگەڵی چووینە چەنەقەلاّ. کـە گەیشتینە ئـەوێ، پرۆگرامـی یانەکـە دەسـتی پیکردبـوو، وردە وردە ژنـە

سەماکەرەکان دەچوونە شوێنی سەماکردن و سەمایان دەکرد. ئێمەش بە دەم خـواردن و خواردنـەوەوە قسـەمان لەگـەڵ یـەکتری دەکـرد، کاتێـك ئاهەنگەکە گەرمتر بوو، ژنە سەماکەرەکانیش ژمارەیـان زیـاتر بـوو، ئـاکۆ ڕۆیشتە ناویان و بە کامێرای مۆبایلەکەی وێنەی دەگرتن.

جیهاد کە ئەمەی بینی، ڕووی تێکردم و وتی: وامزانی بەڕاستی ئـەو کەسـێکی نوێژکـەر و موسـڵمانێکی توندڕۆیـە، نەمـدەزانی ئەوەنـدە دڵـی تەڕە !

منیش وتم: ئەو موسڵمانە توندڕۆیانە وان، بە زمـان شـتێك دەڵـێن و بە دڵیش شتێکی تـر دەخـوازن. وەکـو ئـەو بەرپرسـانە وان، حـەزیان لـە هەموو شتێکە، بەڵام لە ترسی زمانی خەڵك خۆیان شاردۆتەوە.

ئـەوان وەکـو ئێمـە نـین، تـاکو ئێسـتاش خـەریکی خـەباتی ژێـر زەمینن.

کە وام وت، ئیبۆ لە قاقای پێکەنینی دا وتی: ئەم چەمکی خـەباتی ژێرزەمینەم پـێ خۆش بـوو، ئێمـە لـە سـەردەمی ڕژێمـی بـەعس خـەباتی ژێرزەمینمان دەکرد، ئێسـتاش بـە ئاشـکرا ڕادەبـوێرین، بـەڵام ئـەوان لـە ترسی وەزیفەکانیان بە نهێنی وادەکەن.

لە کەش و هەوایەکی ڕۆمانسیدا، ئـەو شـەوە لـە چـەنەقەڵا کـاتێکی خۆشمان بەسـەر بـرد. تـا کاتـژمێر دوانـزەی شـەو دانیشـتین، دوایـی بـۆ هوتێل گەڕاینەوە.

ئاکۆ چـەندین گرتـەی ڤیـدیۆیی گـۆرانی بێـژ و ژنـە سـەماکەرەکانی تۆمـار کردبـوو، گرتەیـەکی لـە وانـە، لـە ماڵپـەڕی خـۆی لـە فێسـبووك بڵاوکردەوە.

هێشـتان خۆمـان نـەگۆڕی بـوو، لـە دەرگـای ژوورەکـەمان درا، کـە دەرگام کردەوە، بینیم ئەو دوو بەرپرسـە باڵایانـەی ژوورەکـەی تەنیشـت ئێمەن. وتیان: کاتتان هەیە یەك دوو قسەتان لەگەڵ بکەین؟

منیش وتم: بێ گومان له خزمەت داین.

هاتنه ژوورەوە و بە توڕەیی دانیشتن، دەموچاویان مچومڕ بوو، لە توڕەییان ئاگر لە نیوچەوانیان دەباری، هەردووکیان بە توڕەییەوە سەیری ئاکۆیان کرد.

منیش وتم: قسەیەك ناکەن؟

یەکێیان ڕووی لە من کرد و وتی: خۆت دەزانیت ئێمە کەسێکی ئاسایی نین، هەردووکمان لە کوردستان پۆستی گەورەمان هەیە، ناحەزمان زۆرە، لە خوایان دەوێ شتێکی نەخوازراومان لێ ببینن تا لێمان بکەنە هەڵلا و شوێنمان بگرنەوە.

ئەوەی تریشیان وتی: من هیچم نەکردبوو، ماوەیەك بەر لە ئێستا یەکێك لە ناحەزەکانم ڕاپۆرتێکی پڕ لە درۆ و دەلەسەی لە دژم بەرز کردبۆوە و کۆمەڵێك بوختان و ئیفترای دەرهەق بە من کردبوو. بەڵام خوا پشت و پەنام بوو، هەر زوو درۆیەکانی ئاشکرا بوو و شەرمەزار بوو.

وتم: نازانم مەبەستتان چیە، خوانەخواستە شتێکی خراپتان لە ئێمە بینیوە، ئێوەی ناڕەحەت کردبێت؟

ئیشارەتی بۆ ئاکۆ کرد و وتی: ئەو برادەرەی تۆ گرتەیەکی لە فێسبووك بڵاو کردۆتەوە، ئەگەر ناحەزەکانمان ببینن، نان و پیازی پێوە دەخۆن و کێشەمان بۆ دەنێنەوە.

منیش وتم: جا ئەو گرتە ڤیدیۆیە چ پەیوەندییێکی بە ئێوەوە هەیە؟

ئەوەی تریان وتی: وێنەی یەکێك لەو کارمەندانەی فەرمانگەکەمانی لە ناو دەرچووە، کە لەگەڵ ئێمە لە چەنەقەڵا دانیشتبوو.

ئاکۆش وتی: من وێنەی گۆرانی بێژ و ژنە سەماکەرەکانم گرتووە، هەر خۆی ئێوەم لەوێ نەبینیوە تا وێنەتان بگرم.

ئەویش وتی: بەڵام وێنەی ئێمەت گرتووە.

وتم: من ئەو گرتە ڤیدیۆیەم نەبینیوە، با سەیری بکەم، ئینجا قسەیەکی لێوە دەکەین.

مۆبایلەکەم لە ئاکۆ وەرگرت و سەیری گرتە ڤیدیۆییەکەم کرد، هیچ وێنەیەکی ئەوانم لەناویدا بەدی نەکرد.

پێم وت: وێنەی کەستانم لە ناو گرتە ڤیدیۆییەکەدا نەبینی، دەکرێ ئێوە پیشانم بدەن بزانم لە کوێ وێنەتان دەرچووە؟

کە وام پێوت، مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و گرتە ڤیدیۆییەکەی لێداوە و لە سەر وێنەی هەندێك کەس ڕایگرت، کە لە دوورەوەی ئێمە، لە پشت مێزێك دانیشتبوون، وتی: ئەمە وێنەی ئێمەیە، کە لە پشت ئەم مێزە دانیشتووین.

وتم: ئەوانەی لە پشت ئەم مێزە دانیشتوون، پشتیان لە کامێراکەیە، دەموچاویان دیار نیە، ئەگەر ئێوەش بن، ناتان ناسمەوە، ئەی کەسێکی تر چۆن دەتانناسێتەوە.

ئەوەی تریان وتی: ئاخر بە سەرە کەچەڵەکەی هاوڕێکەمان ئێمە دەناسنەوە.

منیش وتم: بۆچی لەو یانەیە تەنیا هاوڕێیەکەی ئێوە سەری کەچەڵە تا بناسرێتەوە!

ئەویش وتی: ئاخر کەس نیە ئەو نەناسێتەوە، ئێمە لە ناو خۆشمان هەر بە کەچەڵ بانگی دەکەین.

منیش وتم: گریمان ئێوەیان ناسیەوە، کێشە چیە؟

وتی: ئاخر ئێمە بە ناوی باکووری ئێران هاتووین، لای کەس نەمانووتوە دەچینە باکۆ. ئەگەر بماننناسنەوە قسەمان لە سەر دەکەن و دەڵێن بۆ ڕابواردن چوونەتە ئەوێ.

ئاکۆش وتی: من مامۆستام، سەدانی وەکو ئێوەم پێ گەیاندووە و کەسایەتی خۆشم بە کەس نادەم، لە ژیانیشمدا شتێکم نەکردووە، لێی پەشیمان بم، ئێستاش کە بۆ ئێرە هاتووم، لە کەسی ناشارمەوە و بە شانازییەوەش ئەم گرتە ڤیدیۆیەم بڵاو کردۆتەوە.

ئەویش وتی: تۆ جیاوازیت، وەکو ئێمە کەس چاوی لە شوێنەکەت نیە، تا قسەت لەسەر بکەن، بەلاّم ئێمە پۆستەکانمان لە دەست دەدەین.

وتم: دەنا منیش گرتەیەکی ڤیدیۆییم گرتووە و بە نیازم لە فێسبووك بلاّوی بکەمەوە.

کە ئەمەم وت، حەپەسان، هەردووکیان بە یەکەوە وتیان: ئەگەر خاتری ئێمەت دەوێ، بلاّوی مەکەوە.

ڕوویان لە ئاکۆش کرد و پێیان وت: هیواداریین لێمان تێگەیشتبیت و گرتە ڤیدیۆییەکە ڕەش بکەیتەوە.

ئەویش وتی: مادام ئێوە وادەڵێن هەر ئێستا ڕەشیدەکەمەوە و گرتەیەکی تر بلاّو دەکەمەوە  کە هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نەبێت.

منیش وتم: هەر خۆی ئێمە ئێوەمان لە یانەکە نەبینی بوو، تا وێنەتان بگرین، مادام دەهاتن، بۆچی لەگەڵ ئێمە نەهاتن؟

وتیان: ڕاستیەکەی، ئێمە نیازمان نەبوو بێین، بەلاّم ئەو دوو کارمەندەی کە لە گەڵمان بوون، حەزیان لێبوو، لە بەر دڵی ئەوان هاتین.

## بەرماڵ و قیبلەنامە

ئاکۆ چووە گەرماوەکە و دوشێکی وەرگرت و هاتە دەرەوە، بەرماڵە بە قیبلەنامەکەی دەرهێنا و ڕایخست.

وتم: ئەم نوێژە هی چ وەختییە، بەم کاتە درەنگە، بە نیازی چیت؟

وتی: لەبەر گەڕان و سوڕان، زۆربەی نوێژەکانی ئیمڕۆم ڕۆیشتوون، بە نیازم قەزایان بکەمەوە ئینجا بخەوم.

وتم: خەوم نایەت، دەچمە ساڵۆنی ئەم نهۆمە، لەوێ هێڵی ئەنتەرنێت خێراترە، خۆم بە فێسبووکەوە خەریك دەکەم.

وتی: کات درەنگە، دیارە بە نیاز نیت بخەویت؟

وتم: خەوم نایەت، ئەگەر تۆ دەخەویت بخەوە، هەقت لە من نەبێت، کلیلی دەرگا لەگەڵ خۆم دەبەم، خۆم دەرگا دەکەمەوە.

چوومە دەرەوە، لەو نهۆمەی ژوورەکەی ئێمەی لێ بوو، ساڵۆنێکی بچووکی لێبوو، نیو تاخم قەنەفە و مێزێکی شووشەی گەورە و دوو مێزی بچووکی لێبوو. لەوێ هێڵی ئەنتەرنێتەکە خێراتر بوو لە ژوورەکەی خۆمان. لە سەر قەنەفەیەك دانیشتم و وای فای مۆبایلەکەم کردەوە و سەیری فێسبووکم دەکرد، لە پڕێکا گوێم لە دەنگی هەندێك ژن بوو، لە ژوورەکەی تەنیشت ئێمە بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، شێوازی

قسەکردنیان، تورەیی پێوە دیار بوو. زمانی تورکیم نەدەزانی، بۆیە لێیان حاڵی نەبووم، نەمدەزانی چی دەڵێن.

دوای تۆزێك دەرگای ئەو ژوورەی دەنگە دەنگەکەی لێوە دەهات کرایەوە، دوو کچی ناسك کە تەمەنیان لە دەوروپشتی هەژدە و نۆزدە ساڵی دەبوو، بەدیار کەوتن. یەکێك لە کچەکان زۆر سپی و تەنك بوو، دەتووت ڕێواسە، ئەوەی تریش ئەسمەرێکی خوێن شیرین بوون دەتووت گەنمی قەندەهارە. ستراپێکی کورت و تەنوورەیەکی یەك بستییان لەبەردابوو، سینگ و مەمکیان لەگەڵ نیوەی سکیان بە ڕووتی دیار بوو، لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و بەرە و لای مەسعەدەکە ڕۆیشتن.

یەکێك لە کچەکان تەماشای منی کرد و پێی وتم: سێکس دەکەیت؟

منیش بە زمانی ئینگلیزی وەڵامیم دایەوە و تێم گەیاند کە سێکسی لەگەڵ ناکەم، بەڵام ئەگەر ڕازی بێت، دەستبازی لەگەڵ دەکەم.

وتی: لاریت نابێت ئەگەر هاوڕێیەکەشم لەگەڵمان بێت.

وتم: ئەگەر ئەویش وەك تۆ ڕازی بێت دەسبازی لەگەڵ بکەم، ئەوکات بە هەردووکتان سەد دۆلارتان پێدەدەم.

کە وام پێ وت، قسەی لەگەڵ هاوڕێیەکەی کرد، زۆری پێ خۆش بوو. هەردووکیان لەگەڵم هاتن، دەرگاکەم کردەوە و چووینە ژوورەوە. ئاکۆ سەری خستبووە ژێر سەرچەف و لە پرخ و هۆڕی دیار بوو، لە گەرمەی خەودا بوو.

کچەکان خۆیان ڕووت کردەوە، منیش جلەکانی خۆم داکەند و تەنها بە شۆرت و فانیلەیەك مامەوە. یەکێك لە کچەکان لە ناو جانتاکەی کۆندۆمێکی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم وتی: ئەم کۆندۆمەم لێوەربگرە، ئینجا سێکس دەکەین.

لەو کاتەدا، ئاکۆ سەری لە ژێر سەرچەفەکە دەرهێنا، کە چاوی بە کچەکان کەوت، بە چاوی خەواڵوو بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەوانە کێن و لێرە چی دەکەن؟

وتم: ئەوانە حۆریەکانی بەهەشتن.

کە وام وت، لە سەر جێگایەکەی هاتە خوارەوە و ویستی پەلاماری یەکێکیان بدات. توند دەستیم گرت و پێم وت: نەکەی دەستی لێبدەیت، ئەگەر دەتەوێ لەگەڵی بیت، سەد مەناتی بدەرێ، ئەوجا چی لێدەکەیت بیکە.

کە وام وت، بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەوە تۆ چی دەڵێی، سەد مەنات زۆرە، بەو بڕە پارەیە، دوو ڕۆژ نان دەخۆین.

وتم: کەواتە لێیان دوورکەوەوە و بچۆوە ژێر سەرچەفەکەت و بۆ خۆت بخەوە. من ئەوانەم بۆ خۆم هێناوە نەك بۆ تۆ.ئەویش وتی: ئەی تۆ، چەند پارەت پێداون؟

وتم: سەد دۆلارم پێیان داوە، ئەگەر تۆش دەتەوێ لەگەڵ یەکێکیان بیت، دەبێ سەد مەناتی بدەیتێ.

وتی: نابێ سەد دۆلارەکە لەجیاتی منیش بێت؟

وتم: من ئەو پارەیەم لەجیاتی خۆم داوە، ئەگەر تۆش بتەوێ لەگەڵیان ڕابوێری، دەبێ پارەی خۆت بدەیت.

کە وام وت، چووە لای کەنتۆری جلکەکان و سەد مەناتی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا. پارەکەی بەلاوە زۆر بوو، لە تاوان، دەستەکانی دەلەرزین، دوودڵ بوو لەوەی ئەو بڕە پارەیەی بداتێ، چەند جارێك دەستی هێنا پێشەوە و دواتر دەیکێشایەوە.

کە ئەم دیمەنەم بینی، پێم وت: ئەگەر دەزانی دەستت لەو پارەیە بەرنابێت، وازی لێبێنە و بۆخۆت بخەوە.

ئەویش بە ڕقەوە سەد مەناتەکەی خستە ناو دەستی کچە ئەسمەرەکە و لە ئامێزی خۆی گرت و بردیە سەر تەختی نووستنەکە. جلەکانی خۆی داکەند و تەنها بە فانیلە و شۆرتێك مایەوە و دەمی خستە ناو دەمی و لێوەکانی دەمژی، بە دەستێکی مەمکەکانی دەگوشی و

دەستەکەی تریشی خستبووە ناو قوزی و میتکەی دەگوشی، دەتوت شتێکی بە نرخی لێ کەوتۆتە چاڵەوە و بە دوایدا دەگەڕێت. ناوە ناوەش بە ئینگلیزی پێی دەوت (It's good)، کچەکەش وەڵامی دەدایەوەو دەیوت: (It's very good).

منیش کچەکەی ترم لە ئامێز گرتبوو، مەمکە بچکۆڵەکانیم خستبووە ناو دەمم و وەکو منداڵی ساوا دەممژی، ناوە ناوەش گەزەیەکی نەرمم لە گۆیەکانی دەدا، لەگەڵ ئازاری گەستنی گۆی مەمکەکانی، هەڵدەبەزیەوە و بە دەنگی بەرز دەیوت: وەی نانە.

لەوکاتەدا، خەیاڵم گەڕایەوە سەردەمی منداڵی و قسەکانی دایکمم بە بیر دەهاتەوە. قەیرە کچێکی دراوسێمان هەبوو، هەر جارێك دەهاتە ماڵمان، دایکم پێی دەوتم (کە تۆ منداڵ بوویت، ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووم و لە سەر جێگا کەوتبووم، شیری مەمکەکانم وشك ببوو، باری داراییشمان زۆر باش نەبوو تا شیری تۆزت بۆ بکڕین، لەجیاتی شیر، قەنداومان بۆ دەگرتیتەوە و دەماندایتێ، بەڵام دڵت پێی دانەدەکەوت و هەر دەگریایت و دەتوت مەمە. ئەو کچە جوانە دەبینی، ڕووی سپی بێت، هەرجارێك بهاتبایەتە ماڵمان، تۆی لە باوەش دەگرت و دوگمەی کراسەکەی بۆ دەکردیتەوە، تۆش دەمت بە مەمکی وەدەنا و گۆیەکانیت دەمژی، تا شیری لێ بێنیت، کە بێ هیوا دەبوویت لەوەی شیرت پێ بدات، بە ددانە کەروێشکییەکانت گەزەت لێی دەدا، ئەویش لە تاوان هەڵدەزەقیەوە و هاواری لێ هەڵدەستا)، کە ئەو کچە لە تاو ئازاری مەمکەکانی هاواری کرد و وتی وەی نانە، خەیاڵم گەڕایەوە سەردەمی منداڵی و قسەکانی دایکمم بە بیر هاتەوە.

بەهەرحاڵ، هەندێك دەسبازیمان لەگەڵ کردن، کچەکان لە نێوان خۆیاندا بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، ناوە ناوەش زیقەیەکیان لێ بڵند دەبوو، نەمدەزانی بۆچی وادەکەن، ڕووم لە ئاکۆ کرد و پێم وت: وازی لێ

بێنه، تا لەگەڵ ئەم دەنگە دەنگە خەڵکیان لێ وەئاگا نەهێناوین، با بەڕێیان بکەین.

ئەویش وتی: ئێمە پارەی خۆمان داوە، با هەندێکی تریش لەگەڵیان بین.

وتم: وای دابنێ ئەم برە پارەیەمان بە خێر داونەتێ.

وتی: ئەگەر بمزانیبا پەلەم لێدەکەیت، چۆن سەد مەناتم پێدەدان.

ڕووم لە کچەکان کرد و تێم گەیاندن کە جلەکانیان بپۆشن و بچنە دەرەوە.

ئەوەبوو جلەکانیان لەبەرکرد و جانتاکانیان بە شانیان وەکرد و چوونە دەرەوە. کە کچەکان ڕۆیشتنن ئاکۆ وتی: پێت نەوتم، ئەو کچە جوانانەت چۆن پەیدا کرد؟

وتم: خۆیان هاتن.

وتی: شتی وا چۆن دەبێ.

وتم: ئیتر ئەوە بوو.

وتی: ئەمڕۆ تا درەنگی شەو هەر بە یەکەوە بووین، نەمدیت قسە لەگەڵ هیچ ژنێك بکەیت، سەرم سوڕما کە ئەمانەم لە ژوورەکەمان بینی.

وتم: بۆیە کە لە ژێر سەرچەفەکە سەرت دەرهێنا، بە سەرسوڕمانەوە وتت ئەمانەچین!

وتی: ئێستاش باوەڕناکەم کە چی ڕوویداوە، ئەو کچانە زۆر جیاواز بوون لە ژنە سەماکەرەکانی چەنە قەڵا، هەرزەکار بوون، لەوە نەدەچوو لە زوێکەوە ئەو کارەیان کردبێت.

وتم: بۆیە کاتێ تۆ وتت ئەمانە چین؟ منیش وتم ئەمانە حۆرین.

کەوام پێ وت، وتی: ئێستاش بڕواناکەم بەوەی کە بینیم، هەر وا دەزانم خەونە.

وتم: ئیتر خەون بێت، یان ڕاستی، تۆ کاری خۆت لەگەڵ کردن.

وتی: کە تۆ هاتیتە ژوورەوە، من خەوتبووم لەگەڵ دەنگە دەنگی ئەوان وەئاگا هاتم، کە ئەوانم بینی هێشتان خەو بەری نەدابووم، دەنا چۆن شتی وا دەکەم.

وتم: بەڵام لەو چرکە ساتەدا، تۆم وەکو کەسێکی تینوو و برسی بۆ ژن، بینی.

# گەڕانەوە

دوای حەفتەیـــەك لـــە مانـــەوەمان لـــە شـــاری بـــاكۆ، ڕێبـــەرە گەشتیاریەكەمان هاتە هوتێل و ئێمەی لە سالۆنی هوتێلەكە كۆكردەوە و وتـی: پـاش كـەمێكی تـر پاسـەكە ئامـادە دەبێـت و بـەڕێتان دەكـەین، هیوادارم گەشتەكەتان بـە دڵ بووبێـت، ئەگـەر هـەر كەموكورتییێكیشـمان هەبووبێت، داوای لێبوردنتان لێدەكەین.

ئەمـەی وت و لیسـتێكی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و ناوەكـانی ئێمـەی خوێندەوە. دوو كەس دیار نەبوون، وتی: تەلەفۆنیان بۆ بكەن، بۆئـەوەی دوا نەكەون، با ئامادە بن.

یەكێك وتی: ئەوان هـەروان، لـەوەتی هـاتووین، نـەمبینی ڕۆژێـك لـە كاتی خۆی ئامادە بن.

ئەوەبوو، دوای ئەوەی تەلەفۆنیان بۆ كردن ئینجا ئامادە بوون.

ڕابـەرە گەشـتیاریەكەمان ئێمـەی بـردە دەرەوە، لـە بـەر دەرگـای هوتێلەكە پاسێكی گەورە وەستا بوو، سارا ئازەریش تیشـێرتێكی تـەنكی یاخە كـراوەی لەبـەر كردبـوو، مەمكـەكانی لـە ناویـدا دیـاربوون دەتـووت شەمامەی ناو بیستانن، لە سەر سـینەی خـەویان لێكـەوتبوو. پـانتۆڵێكی كاوبۆی مۆدێل نوێی لەبەر دابوو، سەر ڕان و چـۆكەكانی شـەقاڵی گـەورە

گەورەی تیا بوو، دەتووت پەنجەرەن بە ڕووی هەتاودا کراونەوتەوە، گۆشتی ڕانە خڕو پڕەکانی لە ناویدا وەکو یاقوت دەتریسکایەوە.

دەستێکی بە ناوقەدی خۆیەوە گرتبوو، دەستەکەی تریشی خستبووە ژێر چەناگەی و لە بەردەم پاسەکە بە لار و لەنجە ڕاوەستابوو.

کە ئەوم بینی، مەستی قەد و بالاّ و چاوە جوانەکانی بووم، قاچەکانم لە دوام نەدەهاتن، لە بەرامبەری وەك دێوانە چەقیم. لە دڵی خۆمدا دەمووت (خۆزگا چەند وشەیەکی تورکیم بزانیبا، تاکو ڕستەیەکم لێ دروست بکردبا و ماڵئاواییم لێی بکردبا). من لەو خەیاڵانەدا بووم، ڕابەرە گەشتیاریەکەمان دەستی خستە سەر شانم و وتی: هەمووان سواری پاسەکە بوون، تەنها تۆ ماوی، دەزانم بۆچی وەستاوی، خەیاڵت لەلای سارایە، وانیە؟

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و وتم: خۆزگا ئەویش وەکو تۆ لە دڵم گەیشتبا.

وتی: ئەویش تۆی خۆش دەوێت، لای من باسی کردووە، زۆر سەرسامە پێت، پێی وتم (خۆشم نازانم بۆچی دڵم کەوتۆتە سەری).

وتم: ئەگەر زمانی تورکیم بزانیبا، دەمزانی چیم پێی دەووت.

وتی: بە زمانی عەرەبی قسەی لەگەڵ بکە، ئەو عەرەبی باش دەزانێت.

وتم: ئەوە تۆ چی دەڵێیت، بۆچی زووتر پێت نەوتم کە ئەو عەرەبی دەزانێت؟

ئەمەم وت و چوومە لای سارا ئازەری و بە زمانی عەرەبی سلاّوم لێکرد، سلاّوەکەی لێ وەرگرتمەوە و وتی: چما تۆ زمانی عەرەبی دەزانیت؟

وتم: خوێندن و نووسینم لە قوتابخانە و زانکۆ بە زمانی عەرەبی بووە، هەروەها بە هۆی تێکەلاّویمان لەگەڵ عەرەب، ئێمەی کورد،

زۆربەمان فێری زمانی عەرەبی بووینە. بەڵام پێم بڵێ تۆ چۆن فێری ئـەم زمانە بوویت؟

وتی: بەشداری خولی فێربوونی زمانی عەرەبیم کردووە، کارەکەم وا دەخوازێـت، بۆیـە خـۆم فێـر کـردووە، چـونکە زۆربـەی ئـەو گرووپـە گەشتیارییانەی ڕوو لێرە دەکەن، بەم زمانە قسە دەکەن.

وتم: دەتوانم داوای ژمارەی تەلەفۆنەکەت لێبکەم؟

وتی:مۆبایلەکەتم بدێ، با بۆت تۆمار بکەم.

منیش مۆبایلەکەم دایە دەستی، ناو و ژمارەی خـۆی لـە نـاو تۆمـار کرد و زەنگێکیشی بۆ مۆبایلەکەی خۆی لێدا و دایەوە دەستم و وتی: مـن و تۆ هاوڕێی یەکترین هیوادارم جارێکی تر بتبینمەوە.

منیش وتم: بێگومان ئەگەر بێمە ئازربایجان و باکۆ، بەبێ دیتنی تـۆ ناگەڕێمەوە.

ئێمە لەم قسانەدا بـووین ڕابـەرە گەشـتیاریەکەمان ڕووی تێکـردم و وتـی: هـەموان لـە نـاو پاسـەکە چـاوەڕێی ئێمـە دەکـەن، دەزانم بـەجێ هێشتنی سارا بۆ تۆ زۆر زەحمەتە، ئیتر ئەمە ژیانە  و هەر دەبـێ بـەجێی بهێڵێت، کە گەڕایتەوە کوردستان، هـەرکاتێك ویسـتت بـە مۆبایـل قسـەی لەگەڵ بکە.

ئەمەی وت و کارتێکی لە گیرفـانی دەرهێنـا و دایـە دەسـتم و وتـی: ئەم کارتەت با لەلا بێت، ژمارەی مۆبایل و ئەدرێسـی منـی تیایـە، ئەگـەر جارێکی تر بۆ ئێرە هاتیتەوە، پەیوەندیم پێوە بکەن بـەڵێنت پـێ دەدەم سارا ئازەریت لەگەڵ خۆم بۆ بێنم.

***

## یادگاری و لێپرسینەوە

جەژنی سەری ساڵی زایینی نزیك ببۆوە، ئێوارەیەك لـە بـازاڕ بـووم، چاوم بە ئازا کەوت، سلاوی لێکردم و وتی: لە فێسبووك وێنەکانتم بینـی، کە لە پارکی تارکۆڤی و چـەنەقەلا گرتبـووت، بۆچـی پێـت نـەوتم، منـیش لەگەڵتان دەهاتمە ئازربایجان.

منیش وتم: بمزانیبا حەزت لێیە لەگەڵمان بێیت، پێم دەوتی.

وتی: منیش جارێك چوومە، ئازربایجان وڵاتێکی دڵگرە، سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە، خەڵکەکەشی زۆر میوان دۆست و بێ کێشەن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هاوینی ڕابـردوو لەگـەڵ دوو بـرادەر بـۆ ئـەوێ چـووین، لـە شـاری بـاکۆ شـوقەیەکمان گـرت و حەفتەیـەك لێـی ماینەوە.

وتم: ئەگەر ئەمجارە نیازی ڕۆیشتنت هەبوو، ئاگادارم بکەوە، منیش لەگەڵت دێم.

وتی: ئەگەر پێت باش بێت، جەژنی سەری ساڵ لەوێ دەکەین.

وتم: بیرۆکەیەکی باشە، تا بزانین خەڵکی ئـەوێ چـۆن پێشـوازی لـە ساڵی نوێی زایینی دەکەن.

وتی: کەواتە ڕێك کەوتین.

ئەمەی وت و خوا حافیزی لێکردم، وتـی: دەڕۆمـە بـازاڕی شـێخەڵڵا هەندێك میوە و سەوزە بۆ ماڵەوە دەکڕم.

وتم: منیش دەچمە باغی شار و چاوەڕێی ئەمجەد خەلیفە دەکـەم، لەگەڵ ئەو لە دەوری قەلاَت فیتە بە دەورەیەك دەکەین و دوایـی دەچـینە شێخەڵڵا بۆ کڕینـی هەنـدێك پێداویسـتی، ئینجـا بەیەکـەوە دەگەڕێینـەوە ماڵەوە.

ئەوەبوو یەکتریمان بەجێ هێشـت، ئـەو ڕۆیشـتە شـێخەڵڵا و منـیش چـوومە بـاغی شـار. لـە بـاغی شـار تەڵعـەت و فریـام بینـی، بەیەکـەوە تاوڵەیان دەکرد. کە چاویان بە من کەوت، بانگیان کـردم، وتیـان: بۆمـان باس بکە بزانین لە باکۆ چۆنت ڕابوارد؟

تەڵعـەت ڕووی تێکـردم و وتـی: لـە فێسـبووك ئاگـادارت بـووم، کـە وێنەی تۆم لەگەڵ ئاکۆ لە باکۆ بینی، سەرم سـوڕما، لـە دڵـی خۆمـدا وتم خوا قووەتی بدات، چۆن لەگـەڵ ئـاکۆ ئیـدارە دەکـات، ئـەو تـا مزگـەوت هەبێ بۆ هیچ شوێنێکی تر ناچێت.

فریاش وتی: تەڵعەت ڕاست دەکات، منیش هـەمان بۆچـوونم هەیـە، کەسێکی لەوت باشتر نەدۆزیەوە گەشتی لەگەڵ بکەیت؟

منیش وتم: بۆچی، ئاکۆ چیەتی؟

وتی: وەکو تەڵعەت گوتەنی ئەو قاچێکی لـە ماڵەوەیـە و قاچـەکەی تـــری لـــە مزگەوتـــە، شـــاری بـــاکۆش بـــە یانـــە شـــەوانییەکانی و ژنـــە سەماکەرەکانیەو خۆشە، ئەویش لەگەڵ ئەو شـوێنانە دۆسـت نیـە، تـەنیا ڕێگەی مزگەوت پێدەزانێت!

وتم: وای تێمەگـە، ڕاسـتە ئـەو کەسـێکی نوێژکـەرە، بـەلاَم بـەو ڕادەیەش داخراو نیە.

کە وام وت، تەڵعەت بە سەرسـوڕمانەوە وتـی: مەبەسـتت چـیە، کـە دەڵێی کەسێکی داخراو نیە.

وتم: بۆچی هێندە خۆتانی پێوە سەرقاڵ دەکەن.

وتی: تا ئێستا لە کەسم گوێ لێ نەبووە بڵێ ئاکۆ کەسێکی کراوەیە.

وتم: بۆ من عەیبی نەبوو، لەگەڵم دەهاتە هەموو شوێنەکان و بێدڵی خۆمان نەدەکرد.

تەڵعەتیش وتی: ئەگەر لەبەر سروشتەکەیت بێت، ولآتی خۆمان سروشتەکەی زۆر لەوێ جوانترە، دەزانم تۆ مەبەستت ئەوە نییە، شتێکمان لێدەشاریتەوە.

فریاش وتی: تۆ ناڵێی بەیەکەوە چووینە هەموو شوێنێك، کەواتە بۆچی لەو وێنانەی کە لە فێسبووك داتبەزاندبوون، لە مەلەوانگە و یانەی چەنەقەلا وێنەی لەگەڵت نەبوو؟

تەڵعەتیش بە پێکەنینەوە وتی: ئەوکات ئەو لە مزگەوت بوو، نوێژی جەماعەتی دەکرد، ها ها ها .

کەو وای وت، فریاش لە قاقای پێکەنینی دا و وتی: ئەی بە تەمای چی، تا مزگەوت هەبێ، ئەو چۆن دەچێتە شوێنی وا!

وتم: ئێوە لێم ناگەڕێن، دەزانم تا پێتان نەڵێم وازم لێناهێنن.

تەڵعەتیش وتی: بێگومان حەقی خۆمانە بزانین چۆن بەیەکەوە لە باکۆ گوزەرتان کردووە.

وتم: کە لە هەولێر ڕۆیشتین، بەو مەرجە لەگەڵم هات، کە ڕێگری لێنەکەم بۆ چوونە مزگەوت، ئەویش بۆ چوونە یانەی شەوان و ساڵەی دیسکۆ و ئەو شوێنانەی حەزیان لێدەکەم، حەقی بە سەرمەوە نەبێ.

بەرماڵێکی بە قیبلەنامەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لە هوتێل نوێژی لە سەر دەکرد، بەلآم دوایی کە زانی ئەو کەسانەی کە لە گەشتەکە لەگەڵمان بوون، دەچنە ئەو شوێنانە و ئەو بە تەنیا دەمێنێتەوە، ناچار بوو لەگەڵمان بێت، هەر ئەوەندەش نا، تەنانەت ڕۆژەکانی تریش بۆ جاری دووەم و سێیەم بەیەکەوە دەچووینەوە یانەی شەوانی چەنەقەلا.

تەڵعەت وتی: ناکا ئەو، ئەو وێنانەی تۆی لە مەلەوانگـە و چـەنەقەلا گرتبێت؟

وتم: وێنەکانی چەنەقەلا ئەو بۆی گرتم، بەلاّم وێنـەکانی مەلەوانگـە، هەندێکیان خۆم گرتم، هەندێکیشیان جیهاد ناوێکم لەگەڵ بـوو، ئـەو بـۆی گرتم.

وتی: بۆچی لە مەلەوانگە ئاکۆت لەگەڵ نەبوو؟

وتم: لەگەڵم هاتـە مەلەوانگـە، بـەلاّم لـەوێ لەیـەکتری دابـڕاین، ئـەو لەگەڵ کۆمەڵێك ژن شەکلی کردبوو، لەگەڵ ئەوان مەلەوانی دەکرد.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، کە سـەیرم کـرد ناوی ئەمجەد خەلیفـە لـە سـەر شاشـەکە بـوو. بـە تەڵعـەت و فریـام وت، حەزم دەکرد زیاتر لەگـەڵتان دانیشـم، بـەلاّم ئـاکۆ لـە بـەردەگا چـاوەڕێم دەکات.

فریاش وتی: دوایی دەتبینمەوە، هەندێك زانیاری گرینگت پێدەڵێم، ئەگەر جارێکی تر چوویتەوە باکۆ، لەوێ بە کەڵکت دێت.

منیش وتم: وا دیارە تۆش بۆ ئەوێ چوویت؟

تەڵعەتیش وتی: من تەنها جارێك ڕۆیشتوومە، ئەو وەکـو ئێمـە نیـە، پـارەی زۆرە، هــەر وادەکـات دەچـێتە ئـەوێ، لەوانەیـە ژنێکـی لـەوێ هێنابێت.

فریاش وتی: ژن هێنانی بۆچیە، لەوێ پارەی خۆت بدە، دەیان ژنت لەگەڵ دەبێت.

بەم شێوەیە خواحافیزیم لێکردن و بەجێم هێشتن.

کـە چـوومە دەرەوە، ئەمجـەد خەلیفـە لەبـەر دەرگـا چـاوەڕێی دەکردم، کە چاوی بە من کەوت وتی: جارێك نەمدیت زەنگت بـۆ لێبـدەم، زوو بێیتە دەرەوە، لەگەڵ کێ بوویت هێندەت پێچوو؟

وتم: لەگەڵ تەڵعەت و فریا دانیشتبووم. باسی گەشـتەکەیباکۆم بـۆ دەکردن.

وتی: تاکو ئێستا هیچ گەشتێکم بۆ دەرەوەی کوردستان نەکردووە، زۆرم حەز لێیە گەشتێك بکەم. خاڵم لە ئەوروپا دەژیت، چەند جارێك پێی وتوومە کە سەردانیان بکەم، بەلاّم تاکو ئێستا بۆم ڕێك نەکەوتووە.

وتم: بە نیازم لەگەڵ برادەرێك جەژنی سەری ساڵ بچمە ئازربایجان، ئەگەر لەگەڵم دێیت، لە ئێستاوە خۆت ئامادە بکە.

وتی: ئەگەر گەشت بکەم، دەچمە ئەوروپا، ماوەیەك لـە مـاڵی خـاڵم دەمێنمـەوە، لـەوێش دەچـمە فەڕەنسـا و سویسـرا، بـۆ مـن وا باشـترە، خەرجیم کەمتر دەچێت.

منیش بە پێکەنینەوە پێم وت: وەکو پێشینان وتەنی: (هەم زیارەت و هەمیش تجارەت).

***

## باکۆ و گەشتی سەری ساڵ

تازە لە دەوام گەڕابوومەوە، هێشتان چێشتی نیوەڕۆم نەخواردبوو، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، کە هەڵم گرت، ئازا بوو وتـی: دەزانـی ئـەمجارە بەخت یاوەرمان بوو.

وتم: بۆچی.

وتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی جەژنی سەری سـاڵی نوێ، پانزە ڕۆژی کردۆتە پشووی فەرمی.

وتم: کەواتە دەتوانین چەند ڕۆژێك پێش سەری ساڵ بـۆ ئازربایجـان گەشت بکەین.

وتی: منیش بۆ ئەوە تەلەفۆنم بۆ کردیت.

لــە میــانی قســەکانیدا وتــی: بــرادەرێکم هەیــە نــاوی کاروانــە، هونەرمەندێکی دەنگ خۆشە، لەوانەیە تۆش بیناسیت، ئـەویش بـە نیـازە لەگەڵمان بێت.

وتم: گوێم لە دەنگی بووە، گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆشە، هەرچـەند لە نزیکەوە نایناسم، بەڵام حەز دەکەم ئەویش لەگەڵمان بێت.

ئازاش وتی: ئەگەر ئـەومان لەگـەڵ بێـت، شـەوان لـەجیاتی ئـەوەی بچینە دەرەوە، لە شوقەکەمان، مێزێك دەڕازێنینەوە، بـە دەم خـواردن و

خواردنـەوەوە لەگـەڵ دەنگـە زوڵاڵەکـەی ئـەو شـەو بـە خۆشـی بـە سـەر دەبەین.

وتم: ئەگـەر یـەك دوو ژنــە سـەماکەری جوانیشـمان لەگـەڵ بێـت، دانیشتنەکەمان خۆشتر دەبێت.

وتی: ئەوە بۆمن لێبگەڕێن، هەندێك سەماکەر دەناسم، لە چـەنەقەلاّ ئـەوانم ناسـی، ژمـارەی مۆبایلـەکانیانم لەلایـە، کـە گەیشـتینە ئـەوێ، پەیوەندیان پێوە دەکەم و داوەتیان دەکەم.

پێش ئەوەی تەلەفۆنەکەی دابخات وتی: ئەمڕۆ هیچ ئیشت هەیە؟

وتم: بۆچی؟

وتی: ئەگەر ئیشت نەبێ، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، بەلای تۆدا دێم، بەیەکەوە سەردانی نووسینگەیەکی گەشتیاری دەکەین، تا ڤیـزەی ئێـران و ئازربایجانمان بۆ وەربگرێت.

وتم: سـەفەری پێشـوو، لـە ڕێگـەی نووسـینگەی جـەزیرەی کـیش گەشتمان کرد، ئەوانەی لەوێ کاردەکەن کوڕی چاکن، پێـت چـۆنە بچـینە ئەوێ؟

وتی: ئەو نووسینگەیە پێ نازانم، دەتوانی ناونیشانەکەم پێ بڵێیت، تا بە کاروانی بدەم تا ئەویش لەوێ ئامادە بێت.

وتم: لە سەر شەقامی سی مەتری لە نزیك قونسوڵگەری ئێرانە.

وتی: زۆر چاکە، قونسـوڵگەری ئێـران پێـدەزانم، بـە کـاروان دەڵـێم لەوێ چاوەڕێمان بکات.

ئـەوەبوو، ئێـوارە کـە چـووینە نووسـینگەی گەشـتیاری جـەزیرەی کیش، کاروان لـە بـەر دەرگـا چـاوەڕێی دەکـردین. بـە یەکـەوە چـووینە ژوورەوە و داوای ڤیزەی ئێران و ئازربایجانمان لێکردن.

بەڕێوەبەری نووسینگەکە وتی: کاتێکی باش هاتن، تەنها ئـەمڕۆمان لەبەر دەست ماوە، سەفارەتی ئازربایجان، لە بەر نزیك بوونەوەی سـەری ساڵ، تەنها بەیانی پاسپۆرت وەردەگرێت.

منیش وتم: لەم ماوە کورتـەی لەبـەر دەمتـان دایـە، چـۆن دەتـوانن پاسپۆرتەکان بگەیەننە دەستیان؟

وتی: پاش کەمێکی تر، کارمەندێکمان بە ئۆتومبیلی خۆی دەچـێتە بەغدا و بۆیان دەبات.

منیش وتم: دە ڕۆژ ماوە بۆ سەری ساڵ، دەمانەوێ پێش ئـەو کاتـە بە یەك دوو ڕۆژ، بگەینە ئەوێ تا بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵ بین.

وتـی: هــەر خـۆی دوای یــەك حەفتــە پاســپۆرتەکان بــە ڤیــزەوە دەگاتەوە دەستتان، دەتوانن بۆ ڕۆژی دواتر گەشتەکان بکەن.

ئازاش وتی: ئەی ڤیزەی ئێران کەی تەواو دەبێت؟

وتی: ئەویان زۆر ئاسانە، کە ڤیزەی ئازربایجانمان وەرگرت، بە نیـو کاتژمێر ڤیزەی ئێرانتان بۆ وەردەگرین.

کاروانیش وتی: دەبێ بڕی چەند پارەتان بدەینێ؟

وتی: بەختتان هەیە کە تاکو سەری ساڵ ڤیزەی ئێران بە خۆڕاییـە، سـەبارەت بـە ڤیـزەی ئازربایجـانیش، بـۆ هـەر یـەکێکتان حـەفتاو پێـنج دۆلارە.

ئـازاش وتــی: مانگێـك پـێش ئێسـتا بـۆ ئازربایجـان گەشـتم کـرد، ڤیزەمان بە شەست دۆلار وەرگرت، بۆچی پارەی زیادمان لێوەردەگرن؟

وتی: زیادمان پێ نەوتوون، بە بۆنـەی سـەری سـاڵ، خـەڵکێکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە گەشت دەکەن، بۆیە نرخی ڤیزەیان گران کردووە.

بە هەرحاڵ، پاسپۆرتەکانمان دانێ لەگەڵ پـارەی ڤیزەکـان، یـەك و کارتێکیشمان لێوەرگرتن، ئەدرێس و ژمارەی مۆبایلی نووسینگەکەی تیـا بوو.

بەڕێوەبــەری نووســینگەکە وتــی: کــە پاســپۆرت و ڤیزەکانتــان گەڕایەوە، خۆمان پەیوەندیتان پێوە دەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە.

دوای حەفتەیەك پاسپۆرت و ڤیزەکانمان وەرگرتەوە و بەڕێکەوتین. بــە ئوتۆمبێلەکــەی ئــازا ڕۆیشــتین، کــە گەیشــتینە حــاجی ئۆمــەران،

ئۆتۆمبێلەکەمان بە ئەمانەت لە گەراجێك بەجێهێشت و لەگەڵ تەکسییێك چووینە مەرز.

بەرلەوەی لە مەرز بپەڕینەوە تەلەفۆنم بۆ شوفێرێکی کوردی ڕۆژهەلأت کرد، خەڵکی شارۆچکەی خانێ بوو، پێشتر دەمناسی و ژمارەی مۆبایلەکەیم لابوو، پێم وت ئەگەر ئیش و کاری نەبێت لەو دیوی مەرز چاوەڕێمان بکات، بمانباتە سەر سنووری ئازربایجان.

ئەوەبوو، تاکو لە هەردوو مەرزی حاجی ئۆمەران و مەرزی تەمرچینی ئێرانی پەڕینەوە، لە کاتژمێرێکمان پێچوو.

لە ڕاستیدا، دواکەوتنەکە بە هۆی منەوە بوو، کە گەیشتین، مەرزی حاجی ئۆمەران چۆڵ بوو، خەڵکێکی زۆری لێنەبوو، ویستمان بچینە ژوورەوە، بەلأم من تەنگاو بووم، پێویستم بە سەر ئاو بوو، بە ئازا و کاروانم وت: لە سەر کورسییێك دابنیشن و تۆزێك چاوەڕێم بکەن، تەنگاوم، هەتا لای دەستشۆرەکە دەچم، دەستێك بە ئاو دەگەیەنم، کە هاتمەوە، پاسەپۆرتەکانمان تەسلیم دەکەین.

لە ناو فەرمانگەی مەرزەکە دوو دەبلیو سی تیا بوو، بەلأم دەرگاکەیان داخرابوو، بۆیە ناچار بووم، بچمە دەرەوەی فەرمانگەکە، لە نزیك ئەوێ دەستم بە ئاو گەیاند، ئینجا گەڕامەوە لایان.

کە چوومە ژوورەوە، خەڵکێکی زۆرم بینی، لە بەردەم شوێنی مۆرکردنی پاسپۆرتەکان بە ڕیز وەستابوون، هەندێکی تریش لە دەرەوەی ڕیزەکە پاڵەپەستۆیان دەخستە سەر ئەوانی پێش خۆیان، دەیانویست سەرەبڕی بکەن و بە پێیان بکەون.

کە ئازا چاوی پێم کەوت، وتی: لە سایەی تۆ چیمان بەسەرهات، ئەگەر هەندێك سەبرت بگرتبا بۆ سەر ئاو نەچووبایت، ئێستا دەمێك بوو پەڕیبووینەوە.

وتم: نەمدەزانی وایلێدێت، ئەوانە نەفەری پاسە گەشتیارەکانن، هەموویان بە جارێك گەیشتوون، بۆیە وایلێهاتووە.

ئێمە لەم قسانەدابووین، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، کە هەڵم گرت، شوفێرەکەی خانیٚ بوو، وتی: دەمێکە چاوەڕێتان دەکەم، بۆچی دوا کەوتن؟

وتم: پاسە گەشتیارییەکان هەموویان بە یەکەوە گەیشتن، نەفەرێکی زۆرمان لە پێشە، لەوانەیە بە کاتژمێرێکی تریش نەگەین.

بەهەرحاڵ، تا لە مەرزی حاجی ئۆمەران ڕزگارمان بوو، چاومان سپی بوو، بەلاٚم لە مەرزی تەمرچینی ئێرانی زۆر ڕایان نەگرتین، بە خێرایی جانتاکانیان پشکنین و پاسپۆرتەکانیان بۆ مۆرکردین. لە ناو فەرمانگەکە نووسینگەی فرۆشتنی ئێران سێڵی لێبوو، بە ئازا و کاروانم وت: پێش ئەوەی بچینە دەرەوە، لەم نووسینگەیە سیمکارتی ئێرانی دەکڕین.

ئازاش وتی: ئێمە تەنیا ڕۆژێك لە ناو خاکی ئێران دەمێنینەوە، بۆچی پارەی پێبدەین.

وتم: تۆ ڕاست دەکەیت بۆچی بیرم لەمە نەکردەوە.

کە ڕۆیشتینە دەرەوە، شوفێرەکەمان لە بەر دەرگا چاوەڕێی دەکردین، کە چاوی بە ئێمە کەوت، پێشوازی لێکردین و جانتاکانی لێوەرگرتین و خستنیە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلەکەی و بەڕیٚ کەوتین.

کە گەیشتینە خانیٚ وتی: ڕێگایەکەمان زۆر دوورە، بۆچی ئەم شەو لە شاری ورمیٚ پشوو نادەن، بەیانی بۆ ئازربایجان بەڕیٚ دەکەوین.

ئازاش وتی: ئێمە دەمانەویٚ سوود لە کات وەربگرین، بۆچی ڕۆژێك بە خۆڕایی بکوژین، ئەگەر تۆ بەرگە بگریت و لە ڕێگا خەوت لێنەکەوێت، پێم باشە بۆ نانخواردن نەبێت، تا دەگەینە شارۆچکەی ئەستارە لە سەر سنوور ڕانەگرین.

ئەویش وتی: من لە بەر ئێوە وام وت، دەنا من بەرگەی بیٚ خەوی دەگرم، ئەوە پیشەی چەند ساڵمە و زۆربەی کات لەم ڕێگایەم، گەشتیاران دەهێنم و دەبەم.

کاروانیش وتی: زۆرم برسیه، له ئێوارەوه بەڕێگاوەین، ئێستا کاتی ژەمی ئێوارەیه، که گەیشتینه شاری ورمێ با لە ڕیستورانتێکی ئەوێ نانێك بخۆین.

ئەویش وتی: پێتان چۆنه له خانێ لابدەین، دەتانبەم بۆ ڕیستورانتێك، خواردنەکانی وەکو خواردنی لای ئێوه وایه. دەزانم ئێوەی ئێراقی خواردنی ئێمەتان پێ خۆش نیه. خواردنی ئێمه بێ چەوری و بێ خوێیه و تەنانەت مەرەگەشی لەگەڵ نیه.

وتم: ئێمه له خواردنی ئێوه ڕانەهاتووین، لە بەر بێ خوێ و بێ چەوری بەردڵمان ناگرێت.

وتی: ئەو ڕیستورانتەی بۆی دەچین، ماسی برژاوی هەیه، ئەگەر بتانەوێ به کاتێکی کەم بۆتان ئامادە دەکەن.

وتم: ئەگەر مەبەستت ماسی مەسکوف بێت، کاتێکی زۆری دەوێت، تا ئامادە دەبێت.

وتی: لە ڕیستورانتەکانی ئێره وەکو لای ئێوه ماسی مەسکوف نافرۆشن، ئەوانی ئێره ماسی له سەر ڕۆووی گەشاوه دەبرژێنن، زۆر بە تام و بە لەزەتە.

بیرۆکەکەمان به لاوه باش بوو، ڕێککەوتین کە هەمووومان ماسی برژاو بخۆین، چونکه خواردنی گۆشتی ماسی لە چاو خواردنی تر سووکترە و هەرسکردنیشی ئاسانترە.

که گەیشتینه خانێ، لای دایە ڕیبیستورانتێك و داوای چوار ماسی برژاوی کرد.

تا ماسیەکان برژان، خۆمان خەریك کرد به فڕکردنی سووپی جۆ و زەڵاتە. که ماسییەکانیان بۆ هێناینن کاروان بە سەر سوڕمانەوه وتی: بۆچی ئەو ماسیانە قەوارەیان هێندە بچووکە؟!

شاگردی ڕیستورانتەکەش وتی: لای ئێمە ئەوانەی ماسی بەخێو دەکەن، پێش ئەوەی کێشیان زۆ بێت، دەریان دەهێنن. گەورەترینیان

کێشی له یەك کیلۆ گرام تێناپەڕێت، چونکه هەرچەندی قەوارەی گەورەتر بێت، کێشی زیاتر دەبێت و چەوری زیاتر دەبێت و ناتەندروست دەبێت.

دوای نانخواردن بەڕێ کەوتین، کاتژمێر دەی شەو گەیشتینه شاری ورمێ. له ورمێ شوفێرەکەمان لای دایه وێستگەیەکی وزه و وتی: هەندێك غاز له ئوتۆمبێلەکەم دەکەم، ئێوەش دەتوانن بچنه توالێت و پێویستی خۆتان جێبەجێ بکەن.

پاش ئەوەی به ڕێکەوت بۆ شاری تەبرێز، کاسێتێکی گۆرانی دەست دایه وتی: لێرەوه تا دەگەینه شاری تەبرێز، نزیکەی دوو کاتژمێر و نیومان پێ دەچێت، تا بێزار نەبن، گوێ له گۆرانییەکانی محەمەدی ماملێ بگرن.

کاروانیش وتی: ئەگەر کاسێتێکی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکت هەیه، له جیاتی گۆرانییەکانی ماملێ ئەومان بۆ دابنێ، زیاتر حەزم له گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکه.

ئازاش وتی: دەنگی محەمەدی ماملێش خۆشه بۆ وا دەڵێی؟

وتی: من نەموتووه دەنگی ناخۆشه، بەلاّم دەنگی ئەوم پێ خۆشتره.

شوفێرەکەشمان وتی: تەنها ئەم کاسێتەم لایه، تاکو ئێستا هەر گەشتیارێك لەگەڵم هاتبێت، که گوێی لێ بووه به دڵی بووه.

منیش وتم: بۆچی شتێکی تر نەکەین، تا کاروانیش گلەیی نەکات.

شوفێرەکەش وتی: چیبکەین باشه؟

وتم: کاروان هەر خۆی هونەرمەنده و گۆرانی بێژێکی دەنگخۆشه و چەند کلیپێکی سروود و گۆرانی تۆمارکراویشی هەیه، با به دەنگی خۆی گۆرانیمان بۆ بڵێ و ئێمەش له دوای دەڵێینەوه.

که ئەمەم وت، شوفێرەکەمان ڕووی له کاروان کرد و به سەرسوڕمانەوه پێی وت: دەبوو هەر زوو بمزانیبا که تۆ ئەو کەسەی که سروودی نیشتمانیت وتووه.

وتم: دیارە تۆش گوێت لە سروودەکانی بووە؟

وتی: کە ئێوە لە باشووری کوردستان لـە (٢٠١٧/٩/٢٥) بـۆ پرسـی سەربەخۆیی کوردسـتان ریفرانـدۆمتان کـرد، ئێمـەی کـوردانی رۆژهـەڵاتی کوردستان، بە پەرۆشـەوە چـاودێریمان دەکـردن ئـەوکات لـە سـەتەلایتی کوردسـتان ئـەو کـات گـوێم لـەو سـروودە نیشـتمانییە بـوو، بـەو بۆنەیـە پەخش دەکرا.

ئازاش وتی: جـارێ تـۆ چـیت بینیـوە، کـاروان بەسـتەو مەقامیشـی هەیە، ئەگەر گوێت لێبێت قەت لێی تێرنابیت.

کەوای وت، شوفێرەکە کاسێتەکەی دانایەوە و وتی: فەرموو دەست پێبکە، با گوێمان لـە دەنگـت بێت.کـاروانیش وتـی: داوای لێبوردنتـان لێ دەکەم، دوێنێ ئاوی ساردم خواردەوە، قـورگم ئەسـتوور بـووە، نـاتوانم گۆرانی بڵێم.

کـە وای وت، شـوفێرەکە کاسـێتەکەی خسـتە نـاو ریکۆردەرەکـە و وتی: کەواتە گلەییم لێمەکەن ئەگەر ئەو کاسێتەنان بۆ لێبدەم، وەکـو وتم رێگایەکـە دوورە و شـەو درەنگـە، ئەگـەر ئـەوە نەکـەم، خـەو بـە سـەر چاوەکانمدا زاڵ دەبێت و ناتوانم ئۆتۆمبێل لێبخورم.

کـاروانیش وتـی: خـراپ لـێم تێمەگـە، رێزێکـی زۆرم بـۆ محەمـەدی مامڵێ هەیە، نەموتووە دەنگی ناخۆشە، بەڵام من زیاتر هەواداری دەنگـی حەسەن زیرەکم.

وتم: بـۆ مـن هـەردووکیان وەکـو یـەکن، هەریـەکێکیان سـتایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە من دەنگی هەردووکیانم پێ خۆشە.

شوفێرەکەش وتی: کەواتە تا لێی بێزار دەبن بۆتان لێدەدەم، کـەی وەڕس بوون، پێم بڵێن دەری دێنم.

## لێپێچینەوەی گەشتیاریی

که لـه ورمـێ چـووینه دەر، گەیشـتینه خـاڵی پشـکنین، کارمەنـدی بازگەکه ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرتین و داوای له شـوفێرەکه کـرد کـه سـندووقی ئۆتونبێلەکەی بۆ بکاتەوە، ئەویش سندووقەکەی بۆ کردەوە و جانتاکـانی ئێمەی پیشاندا.

دوای ئەوە، هاته لای ئێمه و داوای پاسـپۆرتی لێکـردین و وتـی: لـه کوێ هاتوون و دەتانەوێ بۆ کوێ بچن؟

وتمـان: لـه هـەرێمی کوردسـتانی عێراقـەوە هـاتووین و دەمانـەوێ بچینه وڵاتی ئازربایجان.

وتی: بۆچی دەچن؟

وتمان: بۆ گەشت و گوزار.

ئەویش ڕووی له من کرد و وتی: لەگەڵم وەرە.

له ئۆتۆمبێلەکه هاتمه خوارەوە و لەگـەڵی چـوومه ژووری پشـکنین. مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و چووە ناو فایلەکانم و یەك به یەك پشکنی، دوای ئەوە لەبارەی ئـیش و کـار و شـوێنی دانیشـتنم و کـچ و کـوڕ و خوشـك و براکـانم، و بـیروڕای سیاسـییان، کۆمـەڵێك پرسـیاری لێکـردم. هـەروەها لەبارەی ئینتیمای سیاسی خۆمەوە پرسیاری لێکردم و وتـی: سـەر بـه چ لایەنێکی سیاسیت له حیزبەکانی کوردستان؟

وتم: سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی نیم.

گومانی لە قسەکانم هەبوو، سەیری چاوەکانی کردم و وتی: ناوت غەریب نیە، پێشتر گوێم لێی بووە، ماندوومان مەکە، بە ڕاستی پێمان بڵێ تۆ سەر بە چ لایەنێکی سیاسیت و لە کوێ کاردەکەیت؟

وتم: من نووسەرم، چەندین کتێب و وتاری بڵاوکراوەم هەیە، لەوانەیە ئەوانەت بینیبێت، بۆیە ناوی منت لا غەریب نیە.

وتی: ناوی هەندێك لە کتێبەکانتمان پێبڵێ.

کە ناوی کتێبە چاپکراوەکانی خۆمم پێوت، کاغەزێکی سپی ڕاکێشا پێش خۆی و ناوی گشت کتێبەکانی نووسیەوە و وتی: ئەی ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوتکردوونەتەوە، لە بارەی چین و لە کوێ بڵاوتکردوونەتەوە؟

وتم: وتارەکانم بە گشتی ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتین و لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە بڵاوم کردوونەتەوە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن.

وتی: سروشتی ئێران زۆر خۆش و دڵڕفێنە، بۆچی لێرە گەشت ناکەن و دەچنە ئازربایجان؟

وتم: ئەگەر سەیری پاسپۆرتەکەم بکەیت، دەبینی زۆر بۆ ئێران هاتووم، بە زۆری بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ خۆم و خانەوادەکەم هاتووم، هاوینی ڕابردووش لەگەڵ خانەوادەکەم چووینە باکووری ئێران و ماوەی حەفتەیەك لە شاری ڕامسەر ماینەوە. بەلآم ئەمجارە حەزم کرد لەگەڵ هاوڕێکانم گەشتێك بۆ ئازربایجان بکەم.

وتی: هیچ زانیاریت لەسەری هەیە؟

وتم: جارێکی تر بۆی چوومە، زۆر سەرسامم بە ئاوهەوا و دیمەنی جوانی دەریاکەی و خەڵکە ڕۆشنبیرەکەی.

ئەمەو گەلێك پرسیاری تری لێکردم. دوایی پێی وتم: بگەڕێوە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بە یەکێك لەو دوو هاوڕێیەت بڵێ تاکو ئێرە بێت.

ئەوەبوو گەڕامەوە لای ئۆتۆمبێلەکە و بە کـاروانم وت بچـێتە ژووری پشکنین.

کە وام پێی وت، کاروان وتی: چیان لێپرسیت؟

وتم: لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، لـە بـارەی پیشـەکەم و ئینتیمـای سیاسـیم پرسـیاریان لێکـردم، هـەروەها لـە بـارەی خانەوادەکەشـم زۆر پرسیاریان لێکردم.

کـە ئەمـەم وت، شـوفێرەکە پێـی وت: ئەگـەر لـە ئێوەیـان پرسـی پیشـەتان چیە، پیشـەی ڕاسـتەقینەی خۆتـان مـەڵێن، پێـی بڵـێن ئێمـە کاسبکارین، کوتاڵ دەفرۆشین.

ئیتر ئەوەبوو، کاروان ڕۆیشـت و دوای نیـو کاتـژمێر گەڕایـەوە و بـە ئازادی وت کە ئەویش بچێت و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە.

وتم: چیان لێپرسیت و چیت وەڵام دانەوە؟

کە ئەمەم وت، ڕووی لە شوفێرەکە کرد و بـە تووڕەییـەوە پێـی وت: هەمووی بە هۆی تۆوە بوو، ئەگەر نەتوتبا بڵێ قوماش فرۆشم، گومانیـان لێنەدەکردم و ئەوەندە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ نەدەکردم.

وتی: من بۆ چاکەی ئێوەم بوو، ئەوانە سەگ و سـەگ بـابن، ئەگـەر بزانن ئێـوە لـە کـوێ کـار دەکـەن، چاوسـاغیان هەیـە، پەیوەنـدی پێـوە دەکەن و زانیاریتان لە سەر وەردەگرن و ئازارتان دەدەن.

وتی: بە هەرحاڵ من درۆم لەگەڵ کردن و پێم وتن کاسبکارم. بـەڵام ئەوان باوەڕیان پێنەکردم، زۆر پرسیاری تریان لێکردم، دەیانویست خـۆم لە یاد بکەم و پیشەی ڕاستەقینەی خۆمیان پێبڵێم، بەڵام هەر پێم نەوتن.

شوفێرەکەش وتی: بۆچی تۆ لە کوێ کار دەکەیت؟

وتی: من ڕێکخەری پرۆگرامی تەلەفزیۆنیم، لە دەزگایـەکی پەخشـی تەلەفزیۆنی کاردەکەم.

وتی: ئاخر هـەر لەبـەر ئـەوە بـوو پـێم وتـن بڵـێن کاسـبین، نـەوەك ئازارتان بدەن.

لـه سـەرمان دەلـەرزین، زۆر ڕایـان گـرتین، میلـی کاتژمێرەکـە لـە دوانزەی شەو لایدابوو، هێشتان ئازا نەگەڕابۆوە.

بـە شـوفێرەکەم وت: تـۆ دەیانناسـیت، پێیـان بڵـێ تەندروسـتیمان تەواو نیە، با زیاتر ڕامان نەگرن، بەڕێمان بکەن.

کە وام پێوت، وتی: هەرچەند لەگەڵ ئەوان هیچ سوودی نیە، ئـەوان دوژمنی کوردن، بەڵام لە بەر خاتری ئێوە دەچم پێیان دەڵێم.

ئـیتر ئــەوەبوو، ڕۆیشــتە ژوورەوە، دوای تۆزێـك لەگـەڵ پاسـدارێك گەڕایەوە لامـان. پاسـدارەکە داوای لێکـردین لەگـەڵی بچـینە ژوورەوە بـۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە.

کە ڕۆیشـتینە ژوورەوە، ئێمـەیان لـە سـەر کورسـییەکانی بەرامبـەر خۆیـان دانـا و جـارێکی تـر مۆبایلـەکانیان لێ وەرگرتینــەوە و دەسـتیان کردەوە بە خوێندنەوەی لیستی ناوەکان و دواییش ناو و ژمارەی مۆبایلی گشت ئەو کەسانەی لەناو مۆبایلەکانمان تۆمارکرابوون، لە سەر کاغەز لای خۆیان تۆماریان کرد. هەروەها چوونە سەر ماڵپەڕەکانمان لە فێسـبوك و یەکە یەکە هەڵیان دەدایەوە و تەماشای وێنە و پۆستەکانیان دەکردین.

دوای ئەوە، یەکێك لە پاسدارەکان ڕووی لە کاروان کرد و پێـی وت: تۆ کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشـنبیریت، لـەوە ناچـێ کاسـب بیـت، ئێسـتا ماندوومان مەکە و ڕاستیەکەمان پێبڵێ لە کوێ کار دەکەیت؟

وتــی: مـن کەسـێکی عوسـامیم، لـە ژیانمـدا زۆر مانـدوو بوومـە، تـا گەیشتوومەتە ئەمڕۆ. هیچ شت نەماوە لە ژیانمدا نەیکەم، کە گەنج بووم، بە کاسبی دەستم پێکرد و دوکانێکی کوتاڵ فرۆشـتنم هـەبوو، ماوەیـەکی زۆر کوتاڵم فرۆشت، بەڵام دوایی چوومەوە بەر خوێندن و لـە قوتابخانـەی شەوان خوێندنم تـەواو کـرد و لـە زانکـۆ وەرگـیرام. ئێسـتاش مامۆسـتام، نزیکەی دوانزە ساڵە وانە دەڵێمەوە.

دوای ئــەوە، پاســدارەکە ڕووی لــە ئــازا کــرد و وتــی: تــۆش ڕاستیەکەمان پێ بڵێ و زیاتر ماندوومان مەکە. پێمان بڵێ پیشـەت چیەو لە کوێ کار دەکەیت؟

ئازاش وتی: وەکو  پێشتر پێم وتن، من مامۆستام و وانە دەڵێمەوە.

ئەویش وتی: باوەڕ بەمە ناکەم، تۆ شتێکمان لێدەشـاریتەوە، دەنـا ناوی ئەم هـەموو بەرپرسـە ئـەمنی و ئیداریانـە لـە نـاو مۆبایلەکـەت چـی دەکات؟

کە ئەمەی وت، ئازا لـە ترسـان ڕەنگـی تێك چـوو، تەماشـای مـن و کاروانی کرد و لە بەر خۆیەوە بە دەنگێکی نزم وتی: بەخوا ئاشکرا بووم، زانیویان کە لە تەلەفزیۆن کار دەکەم.

پاسدارەکەش وتی: ئەوە لەبەرخۆت چی دەڵێی، دەنگت بەرزکەوە، با گوێمان لێ بێت.

ئازاش وتی: وێڕای مامۆستایەتی، لە پەیوەندییەکانیش کار دەکەم.

پاسدارەکەش وتی: ئێستا زانیمان لە پەیوەندییەکان کار دەکـەیت، بەڵام پێت نەوتین چ جۆرە پەیوەندییێك و لەکوێ؟

ئازا نەیدەویست پێی بڵێ، بۆیە دەمـی تێـك ئـالا و سـەری لێشـێوا، نەیدەزانی چی بڵێت. هەر دەیوت پەیوەندی ....پەیوەندی.

پاســدارەکە لــە قســەکانی ئــازا توڕەبــوو، لــە ســەر کورســیەکەی هەستایەوە و دەستی لێ بەرز کردەوە و هاواری لە سەر کرد و وتی: درۆم لەگەڵ مەکە، ئەگەر بتانەوێ زوو ئیزنتان بدەم، ڕاستیەکەم پێ بڵێ، دەنا تاکو بەیانی لێرە ڕاتان دەگرم و لێناگەڕێم بڕۆن.

کە ئـازا زانـی هـیچ چـارەیەکی نیـە، پێـی وت: بـە حـوکمی ئـەوەی پێشتر دووکانی ڤیدیۆم هەبووە و سەرم لە کاری تەلەفزیۆن دەردەچێت، خەڵکێکی زۆریش دەناسم، بە گرێبەست لە دەزگایەکی تەلـەفزیۆنی پـاش دەوام کار دەکەم و پەیوەندییەکانیان بۆ ڕێکدەخەم.

که وای وت، پاسدارەکە بە تورەییەوە وتی: زووتر ئەمەت وتبا، نەك ئەوەندە ماندوومان بکەیت.

ئەمەی وت و دەستی دایە تەلەفۆنەکەی بەردەمی و تەلەفۆنی بۆ کەسێك کرد و پێی وت: گەورەم سێ گەشتیارم لایە، لێکۆڵینەوەم لەگەڵیان کردووە، گومانم لە یەکێیان هەیە، فەرمانتان چیە؟

ئینجا تەلەفۆنەکەی دانایەوە و بە بێدەنگی لە بەرامبەرمان دانیشت. ئێمەش قرو قپمان لێکرد، لە ترسی ئەوان نەمان ویرا لەگەڵ یەکتریش قسە بکەین.

نزیکەی نیو کاتژمێر تێپەڕی، کەس لێی نەپرسین زۆر بێزار بووین، نەمان دەزانی چیان پێ بڵێین و چۆن قەناعەتیان پێ بێنین کە ئیزنمان بدەن.

هەر لەو کاتەدا، شوفێرەکەشمان هاتە ژوورەوە و بە یەکێك لە پاسدارەکانی وت: زۆر ڕاتان گرتین، ڕێگامان زۆر دوورە، بەڵکو ئیزنمان بدەیت، بڕۆین.

پاسدارەکە خۆی لێ تورە کرد و یەك دوو جوێنی پیسیشی پێ دا و دەریکردە دەرەوە.

کە ئەوەم بینی، لە دڵی خۆمدا وتم (بۆ سمێڵ هاتین، ڕیشیشمان لە سەر دانا) ڕووم لە پاسدارەکە کرد و بە تورەییەوە پێم وت: ئێمە گەشتیارین، پیاوی خراپ نین، بۆچی ئێوە بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن.

وتی: نەمانوتووە ئێوە پیاوی خراپن، هەقی خۆمانە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ بکەین.

وتم: ئەی ئەوە نیە لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردین، ئەگەر هیچتان نەماوە، بۆچی ڕێگامان پێنادەن بڕۆین.

ئازاش دەستەکانی خۆی پیشانی پاسدارەکە دا و وتی: دەبینی دەستەکانم چۆن دەلەرزن، تەندروستیم تەواو نیە، ئەگەر شتێکم لێبێت، بەرپرسیار دەبن.

وتی: زۆری نەماوە تەواو بن، تۆزێکی تر بەرپرسەکەمان لە ورمێ وە دێت، هەندێك قسەتان لەگەڵ دەکات و ئیزنتان دەدات.

وتم: ئەوەی ئێوە دەیکەن ناڕەوایە، لەلایەك ڤیزەتان پێداین و لەلایەکی تریشەوە ڕامان دەگرن و لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ دەکەن.

پاسدارەکە بە توڕەییەوە سەیری کردم و هیچ وەڵامی نەدامەوە.

لە خەفەتان پتت لێ بدابام شەقم دەبرد، چونکە بە ناهەق ئێمەیان لە ژووریٚ کردبوو و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردین. لەو کاتەدا ڕووداوێکی کۆنم بە بیر هاتەوە کە بە سەر باوکم هاتبوو، ئەوکات ئێمە منداڵ بووین، کە گەورە بووین باوکم بۆی گێڕاینەوە و وتی (لە سەردەمی حەرەس قەومی و حوکمڕانیی بەعسییە نەتەوە پەرەستەکان، جارێك لە سلێمانییەوە دەچوومە بەغداد، لە خاڵی پشکنین، تەنها لە بەر ئەوەی ناوی باوکم (مەلا مستەفا) بوو، منیان هێنایە خوارەوە و بە شەق و پێلەقە بە پێش خۆیان دام و دەستبەسەریان کردم و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردم، دەیانوت تۆ کوڕی مەلا مستەفای بارزانیت، منیش دەمـوت باوکم مەلایە و ناوی مستەفایە، هیچی ئەو نیم). جا کە ئەمەم بیرهاتەوە، لە دڵی خۆمدا وتم (هەر لەبەر ئەوەی کوردین لە هەموو سەردەمێك و کاتێك دوژمنانی گەلەکەمان لە هەر کوێیەك بێت، بیانوومان پیٚ دەگرن و ئازارمان دەدەن).

دوای هەندێك، دوو پیاوی باڵا بەرزی چوار شانە، یەکێکیان ڕیش و سمێڵی تاشی بوو، ئەوەی تریش سمێڵ و ریشی تێکەڵ بە یەك ببوون، هاتنە ژوورەوە و سڵاویان لێکردین و لە پشت مێزەکە لە بەرامبەرمان دانیشتن.

یەکێکیان سیمای بە کورد دەچوو، بە زمانێکی کوردی پارا و قسەی دەکرد، ئەوەی تریش لە ئاخفتنیدا دیار بوو، فارس بوو، بەڵام تۆزێك کوردی دەزانی، بە کوردییێکی شەپرێو قسەی لەگەڵ دەکردین، کە وشەیەکیشی لێ عاسی دەبوو، بە فارسی پێی دەوتین.

پیاوە فارسەکە هەندێك پرسیاری لێکردین و دواتر داوای لێبووردنی لێکردین و وتی: بمانبەخشن، دەزانم لە ڕێگایەکی دوورەوە هاتوون، زۆر ڕامان گرتن، بەڵام ئێوە خۆتان دەزانن ئێمە دوژمنمان زۆرە و لەوەتی شۆڕشیشمان کردووە، ئەمریکا دژایەتیمان دەکات و سیخوڕیمان لە سەر دەکات، دەیەوێ نیزامەکەمان بڕوخێنێ.

وتم: جا گوناهی ئێمە چیە، باجی ئەوە بدەین، ئێمە بۆ گەشتکردن هاتووین، دەمانەوێ بچینە ئازربایجان، کەچی نزیکەی چوار کاتژمێر لێکۆڵینەوەتان لەگەڵ کردین و بە چاوی تاوانبار تەماشامان دەکەن.

وتی: ئێوە ڕێزتان هەیە و ئێرە وەکو وڵاتی خۆتانە.

وتم: ئەگەر وایە بۆچی مۆبایلەکانتان لێوەرگرتین و چوونە ناو تایبەتمەندییەکانمان. ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئێمە کردتان، بە هیچ یاسا و ڕێسایەك ڕەوانیە و دژ بە پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتیە. ئەگەر بمانزانیبا بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، بە فڕۆکە گەشتمان دەکرد و ڕاستەوخۆ دەچووینە ئازربایجان، بە خاکی ئێوە تێنەدەپەڕین.

کە ئەوەم وت، جارێکی تر داوای لێبووردنی لێکردینەوە و پێی وتین: دەتوانم داوای شتێکتان لێبکەم؟

ئێمەش وتمان: فەرموو.

وتی: من ناوم عەبدوڵڵایە، بە هاوڕێی خۆتانم دادەنێن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: من زۆرجار بۆ هەولێر هاتووم، کەسێکی زۆر لەو شارە دەناسم، ئەگەر ڕێگام بکەوێتە ئەوێ، زەنگتان بۆ لێبدەم، وەڵامم دەدەنەوە؟

ئێمەش وتمان: هەر کاتێك بێیتـە هـەولێر خزمـەتت دەکـەین، بـەڵام هیوادارین ئێوەش هەڵس و کەوتتان لەگەڵ گەشـتیاران بگـۆڕن و خـەڵکی ئێمە بەم شێوە ئازار مەدەن.

ئەو ڕووی تێکردین وتی: من ژمارەی تەلەفۆنی ئێـوەم لایـە، ئەگـەر بە واتس ئاپ نامەیەکم بە ناوی عەبدوڵلا بۆ ناردن، وەڵامم دەدەنەوە؟

ئێمەش پێمان وت: وەڵامت دەدەینەوە.

دوای ئەوە لە شوێنی خۆی هەستا و تۆقـەی لەگـەڵ کـردین و هـەتا لای ئۆتۆمبێلەکە لەگەڵمان هات و خواحافیزی لێکردین.

کـە چـووینە نـاو ئۆتۆمبێلەکـە، شـوفێرەکە گـەرمی ئۆتۆمبێلەکـەی پێکردبوو، لە سەر کوشنی پشتەوە لێی ڕاکشابوو، لە حەوت باری خـەودا بـوو. بـە ئاگـام هێنـا و پـێم وت: زۆر ڕایـانگرتین، هەنـدەی نـەماوە ڕۆژ هەڵبێت، ئەگەر دەزانی تێر خەو نەبوویت، ناتوانیت ئۆتۆمبێل لێبخوڕیت، بگەڕێوە شاری ورمیێ، دەچینە هوتێل و تا نیوەڕۆ پشوو دەدەین.

ئـازا ڕووی لـە شـوفێرەکە کـرد و پێـی وت: مـن و کـاروان مۆڵـەتی شوفێریمان هەیە، ئەگەر تێر خەو نەبوویت، ئێمە یارمەتیت دەدەین.

وتی: چاوەکانم گەرم کردووە و سەرخەوێکیشم وەرگرتـووە، بەرگـە دەگرم، جاری وا بووە دوو شەو و دوو ڕۆژ خەو نەچۆتە چـاوەکانم، ئـەوە پیشەی خۆمە، بەردەوام گەشتیاری عێراقی بۆ باك‌وری ئێرانK یـان بـۆ سەر سنووری ئازربایجان دەبەم، من لێڕاهاتووم.

وتم: گوناهت دەگاتێ وا لە خۆت دەکـەیت، پێویسـت ناکـات هێنـدە خۆت ماندوو بکەیت.

وتی: ماوەیەکی کەمە ئەم ئۆتۆمبێلەم کڕیوە، پانزە ملیـۆن تومـەن لە سەری قەرزارم، دەبێ لە ماوەی شەش مانگ ئەم قەرزە بدەمەوە بۆیە هیچ دانیشتنم نیە، تا ئەو قەرزە نەدەمەوە دڵم ئاسوودە نابێت.

ئیتر ئەوەبوو بەڕێ کەوتین و بە دەم ڕێگاوە شوفێرەکە هەر پرتە و بۆڵەی بوو، لە بەر خۆیەوە جوێنی بە ڕژێمی ئێران دەدا و دەیـوت: ئێـوە

چیتان بینیوە، ڕاستە نەبوونەتە دەوڵەت، بەڵام سەربەخۆن و خۆتان حوکمڕانی خۆتان دەکەن، بەڵام ئێمە بە دەست ئەم ڕژێمە ستەمکارەوە دەیان ساڵە دەناڵێنین و کەس بە دەنگمانەوە نایەت.

بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی: ئەم فارس و عەجەمانە دوژمنی سەرسەختی کوردن و بە خوێنی ئێمە تینوون، هەر بۆیە بە ئەنقەست ڕامان دەگرن و ئازارمان دەدەن. ئەگەر بە قسەی من دەکەن، زووتر لە ئازربایجان بگەڕێنەوە، دەتانبەمە (بەندەر ئەنزەلی) لەوێ ڤێلایەکتان بۆ دەگرم، لە تۆڵەی ئەم سەگبابانە، ژنی فارس و عەجەمیشتان بۆ دێنم، تاکو بەیانی بە سەمایان بێنن.

ئازا قسەکانی کاکی شوفێری زۆر پێ خۆش بوو، ڕووی تێکردین وتی: چی دەڵێن بە قسەی ئەو بکەین و دوو ڕۆژ زوتر بگەڕێینەوە ئێران و لەگەڵ ئەو بچینە بەندەر ئەنزەلی، لە تۆڵەی ئەم سووکایەتیەی کە پێیان کردین، لەگەڵ ژنە سەماکەرەکانیان شەوی سوور بە سەر ببەین.

کاروانیش بە پێکەنینەوە وتی: ئێمە بۆ خۆشی هاتووین، جا لە ئازربایجان بێت، یان لە ئێران، وەکو یەکە.

وتم: منیش لاریم نیە، هەرچەند پێشتر بۆ باکووری ئێران ڕۆیشتووم و شاری ڕامسەر و چالوسم بینیوە و تیایاندا ماومەتەوە. بەڵام بەندەر ئەنزەلیم نەبینیوە، ئەگەر ئەویش ببینم خراپ نیە.

شوفێرەکەش وتی: بەندەر ئەنزەلی شوێنێکی زۆر خۆش و دڵڕفێنە، لە گەڕانەوەش دەتانبەم بۆ شاری (سەرعەین)، ئەو شارە بە ماست و پەنیر و هەنگوین بەناوبانگە، نانی بەیانی لەوێ دەخۆین و دەشتوانن لە جیاتی ئەوەی بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە، هەندێك هەنگوین بکڕن و لەماڵەوە خۆتانی پێ شیرین بکەن.

## میترۆ خەتائی

كە گەیشتینە شارۆچكەی (ئاستارە)، شوفێرەكە ئێمەی لە بەردەم مەرز داناو پێی وتین: ڕۆژێك بەر لەوەی بگەڕێنەوە، ئاگادارم بكەنەوە، تا بێمە شوێنتان.

ئازاش وتی: جا ئەوەی بۆ چیە، باشترە هەر لە ئێستاوە، لە سەر ڕۆژی گەڕانەوە ڕێكبكەوین.

ڕووی لە من و كاروان كرد و وتی: چی دەڵێن ئەم جومعەیە نا ئەوەی تر، بگەڕێینەوە؟

من و كاروان پێشنیارەكەیمان پێ باش بوو، تەئیدمان كرد. ئەویش ڕووی لە شوفێرەكە كرد و پێی وت: نەوەك نەتوانین پەیوەندیت پێوە بكەین، هەر لە ئێستاوە ڕێككەوتین. ئەم جومعەیە نا جومعەكەی تر پێش نیوەڕۆ لە بەردەم مەرزی (ئاستارە) چاوەڕێت دەكەین، هەوڵدە پێش نیوەڕۆ ئامادەبە.

ئەویش وتی: زۆر چاكە، بەلاّم بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەتان دڵنیابم، ڕۆژێك پێشتر ئاگادارم بكەنەوە.

هاتینە خوارەوە و جانتاكانمان لە سندووقی ئۆتۆمبێلەكە دەرهێنا و چووینە ناو مەرز.

نــاو مەرزەکــە گەشــتیارێکی زۆری لێنــەبوو، بۆیــە بــە ئاســانی پاسپۆرتەکانمان مۆر کـرد و پەڕینـەوە بـۆ دیـوی ئازربایجـان. لـە مـەرزی ئازبایجــانیش زۆر دوانەکــەوتین، لــە چــەند پەنجەرەیــەك پاســپۆرتییان وەردەگرت. بۆیـە هێنـدەمان پێنەچـوو لـە وێـش تـەواو بـووین و چـووینە دەرەوە.

لــە بــەر دەرگــای مــەرز، کۆمــەڵێك ئۆتۆمبێــل ڕاوەســتابوون، گەشتیارەکانیان لە سەر سنوور دەگواستەوە بۆ (باکۆ)ی پایتەخت.

ئازا وتی: من مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم، ئێوە هـەقتان نـەبێ، جـاری پێشوو بە پەنجا مەنات ئێمەیان لێرەوە بردە ناو باکۆ.

ئەوەبوو، ڕۆیشتە لایان و دوای تۆزێك گەڕایەوە لامان و وتی: لە بەر نزیك بوونـەوەی جـەژنی سـەری سـاڵ، ئـەوانیش کرێیـان گـران کـردووە، داوای شێست مەنات دەکەن.

ئێمەش وتمـان: کێشـە نیـە، یـەکی بیسـت مـەناتمان بەردەکـەوێت، شتێکی وا ناکات.

بــەم شــێوەیە، جانتاکانمــان ڕاکێشــا و خســتمانە نــاو ســندووقی تاکسییەکە، بەر لەوەی بـەڕێ بکـەوین، ئـازا بـە شـوفێرەکەی وت: پـێش ئەوەی ئێرە بەجێ بهێڵین، بمانبـە شـوێنێك، هەنـدێك دۆلار دەگۆڕینـەوە، دواتر بمانبە بۆ شوێنی فرۆشتنی سیمکارت.

وتم: لەوێشــەوە دەچــینە ڕیســتورانتێك دەموچــاومان دەشــۆین و نانێکیش دەخۆین.

شوفێرەکەش وتی: ڕیستورانتێك لێرە نزیکـە، لـە تەنیشـت ئـەویش شــوێنی ئــاڵوگۆڕکردنی دراو و فرۆشــتنی ســیمکارتی لێیــە. لــەوێ ئۆتۆمبێلەکە ڕادەگرم، گشت پێداویسـتییەکانی خۆتـان جێبـەجێ بکـەن، ئەوجا دەڕۆین.

پاش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین، هێندەی پێ نەچوو، لە بەردەم ڕیستورانتێك ڕایگرت و بە ئازای وت: من لە لای ئۆتۆمبێلەکەم چاوەڕێتان دەکەم، کە ئیش و کاری خۆتان تەواو کرد، بگەڕێنەوە، تا بەڕێ بکەوین. تا دەگەینە باکۆ هیچ ڕاناوەستین.

وتم: دیارە ڕێگاکەی دوور نیە؟

ئازاش وتی: لێرەوە تا دەگەینە ناو باکۆ، دوو کاتژمێر و نیومان پێ دەچێت، بۆیە وا دەڵێ.

هەندێك ڕۆیشتین، ئازا ڕووی لە من و کاروان کرد و وتی: چی دەڵێن لەجیاتی بۆ هۆتێل بچین، شوقەیەك بگرین، نرخەکەی کەمترە و لەجیاتی ئەوەی ژەمەکانی نانخواردن لە دەرەوە بخۆین، دەتوانین خۆمان ئامادەی بکەین. هەموو خواردنێکی ئێرە بە دڵمان نابێت.

کاروانیش وتی: ئێوە هەردووکتان پێشتر بۆ ئێرە هاتوون، من یەکەم جارمە ببینم، هیچی لێ نازانم، چۆنتان پێ باشە، وابکەن.

وتم: جاری پێشوو، لەگەڵ گرووپێکی گەشتیاری هاتم، لە هۆتێل دابەزین، بۆیە هیچ زانیاریم لە سەر شوقە نیە.

ئازاش وتی: ناتانەوێ شتێکی واتان بۆ بکەم، ستایشم بکەن.

وتم: بە کوێریان وت چیت دەوێ، وتی دوو چاوی ساغ. ئێمەش دەمانەوێ ئەم چەند ڕۆژەی لە ئازربایجان دەبین، شوێنەکەمان پاك و خاوێن بێت و کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتر بەسەر ببەین.

ئازا مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی: ژمارەی کەسێکم لەلایە، پەیوەندی پێوە دەکەم، شوقەیەکی گەورە و خاوێنمان لە سەنتەری بازاڕ بۆ بگرێت.

ئەوەبوو، پەیوەندی بە کەسێکەوە کرد و داوای لێکرد، شوقەیەکمان بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بۆ بگرێت. لە قسەکانیان دیار بوو لە سەر کرێیەکەی نەدەگەیشتنە یەك.

وتم: وابزانم له سەر کرێیەکەی ڕێك نەکەوتن؟

وتی: ماوەیەك بەر لە ئێستا لە هەمان شوێن شوقەمان شەوی بە پەنجا مەنات گرت، کەچی ئێستا داوای حەفتا مەنات دەکات.

وتم: نەیوت بۆچی کرێیەکەیان زیاد کردووە؟

وتی: لە بەر جەژنی سەری ساڵ کرێیەکەیان زیاد کردووە، بە قسەی ئەو گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێکردوون.

کاروانیش وتی: ئەو بڕە پارەیە بۆ ئێمە زۆر نیە، با لە دەستمان نەچێت، پێی بڵێ بۆمان بگرێت، نەوەك شوقەی ترمان دەست نەکەوێت.

منیش وتم: کاروان ڕاست دەکات، گرینگ ئەوەیە شوقەیەکی خاوێن بێت و شوێنەکەشی لە بازاڕ نزیك بێت.

دوای ئەوەی لەگەڵی ڕێککەوت، مۆبایلەکەی خستەوە گیرفانی و باسی ئەو شوێنەی کرد کە شوقەکەی لێیە، وتی: شوقەکەمان دەکەوێتە ناو جەرگەی بازاڕ، لە دەورو پشتی هەمووی مارکێت و ڕیستورانت و کافێ و باڕی خواردنەوەی لێیە و دووسەد مەتریش لە وێستگەی میترۆوە دوورە.

وتم: ئەو شوێنە ناوی چیە؟

وتی: پێی دەڵێن (میترۆ خەتائی) بە ناوی وێستگەی میترۆکەوە ناوزەد کراوە.

ئازا بەردەوام بوو لە وەسفی شوێنی شوقەکە و وتی: لە نزیك شوقەکەمان فرنییێکی سەموونی لێیە، لە بەیانیەوە تا درەنگی شەو کراوەیە، سەموونی گەرم و پیتزا و لەحم بلعەجین و مریشکی برژاو بە نرخێکی زۆر کەم دەفرۆشرێت. هەروەها کافێیەکی خنجیلانە لە لە ژێرزەمینی باڵاخانەیەك لە نزیکمان هەیە، لە بەیانیەوە تا درەنگی شەو کراوەیە، خواردنی خێراو خواردنەوەی کحولی هەیە، شتەکانی زۆر هەرزانە، تەسەورکەن، نرخی قووتویەك بیرە لەگەڵ زەڵاتە یەك مەناتە.

کاروانیش وتی: لەوەتی هاتووین، تۆ نرخی شتەکان بە مەنات باس دەکەیت، بەلاّم پێت نەوتین نرخی مەناتێك دەکاتە چەند بە دیناری عێراقی؟

وتی: سەد دۆلاری ئەمریکیمان بە سەد و حەفتا مەنات گۆڕیەوە، کەواتەهەر مەناتێك دەکاتە حەفت سەد و پەنجا دینار.

ئەو ڕێگایەی پێدا دەڕۆیشتین بۆ (باکۆ) ئۆتۆبان بوو، تا گەیشتینە جێ، شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی لە سەد و بیست لێ دەخوڕی، شەقامەکە هێندە ڕاست بوو دەتوت مەستەرەیە، هیچ کەند و کۆسپی تیا نەبوو، دەتوت لە ناو فڕۆکەین و لە ئاسمان دەفڕین.

کە گەیشتینە باکۆ، شوفێرەکە ئەدرێسی شوقەکەی لە ئازا وەرگرت و ئێمەی بردە بەردەم ئەو بالاّخانەیەی کە شوقەمان لێی گرتبوو.

ئازا مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و تەلەفۆنی بۆ خاوەنی شوقەکە کرد و کردیە سەماعەی خارجی و پێی وت: گەیشتوینەتە جێ و لە بەردەم ئەو بالاّخانەیە ڕاوەستاوین کە ناونیشانەکەت پێ داوین.

ئەویش وتی: لە شوێنی خۆتان چاوەڕێ بکەن، پاش کەمێکی تر بە کەسێك کلیلی شوقەکەتان بۆ دەنێرم.

هێندەی پێ نەچوو، ئۆتۆمبێلێکی تاکسی جۆری مارسیدس لە بەردەممان ڕایگرت، شوفێرەکە کچێکی شۆخ و شەنگ بوو، هاتە خوارەوە و سلاّوی لێکردین و وتی: ئێوە داوای شوقەتان کردبوو؟

ئازاش وتی: بەڵێ.

ئەویش وتی: لەگەڵم وەرن.

ئێمەش جانتاکانمان دەست دایە و لەگەڵی ڕۆیشتین، ئێمەی بردە نهۆمی سێیەم، بەردەم شوقەی ژمارە شەش، کلیلەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و دەرگاکەی بۆ کردینەوە و ئێمەی بە ناو ژوورەکاندا گەڕاند و وتی: وەکو دەبینن ئەم شوقەیە لە دوو ژووری نووستن و هۆڵێکی میوان و

چێشتخانەیەك و گەرماو و توالێت پێکهاتووە، پێویستتان بە هیچ شتێك نابێت، هەموو شتێکی تیایە، کەل و پەلەکان خاوێنن، هیوادارم ئێوەش بە خاوێنی ڕایبگرن.

کە لە وەسفی شوقەکە بوەوە، ژمارەی مۆبایلەکەی پێ دایـن و وتی: ئەگەر ئۆتۆمبێلتان پێویست بوو، ویستتان بچن بۆ شوێنێك، پێویست ناکات بە کەس بڵێن، تەلەفۆنم بۆ بکەن، لاتان ئامادە دەبم و بە نرخێکی هەرزانتر لەوان دەتانبەم.

لە دڵی خۆمدا وتم (ئەوانەی کە بۆ گەشتیاری دەچوونە سوریا، بۆ شاری تەرتوس و لازقیە، کە دەهاتنەوە دەیانووت لەوێ کە کلیلی شوقەکەت دەدەنێ پێت دەڵێن بە ژنەوە دەتەوێ، یان بێ ژن. دیارە لێرە وایە، بۆیە دەڵێ تەلەفۆنم بۆ بکەن لاتان ئامادە دەبم). هەر بەو خەیاڵە لێی نزیك بوومەوە و ڕوومەتەکانیم توند گوشی و ماچم کرد و پێم وت: زۆر سەرسامم بە جوانیەکەت، ئەم شەو دەعوەتی من بە، لە گەڵم وەرە چەنە قەلا، ساتێکی خۆش بە یەکەوە بە سەر دەبەین.

داوام لە کاروان کرد قسەکانی منی بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی تورکی. کە کاروان قسەکانی منی پێ وت، دەستی بە سینگیەوە گرت و وتی: سوپاست دەکەم بۆ ئەم هەستە جوانەت، حەزم دەکرد لەگەڵت بێمە چەنە قەلا، بەڵام هاوسەرگیریم کردووە، ئەگەر هاوسەرەکەم لەگەڵ ئێوە بمبینێ، لێم تورە دەبێت. بەڵام ئەگەر بتانەوێ مێزێکتان لەوێ بۆ دەگرم و دەتانبەم.

منیش وتم: بمبوورە، نەمزانی هاوسەرت هەیە، سەرسام بووم بە جوانیەکەت بۆیە وام وت.

کەوام وت، قەمیسەکەی هەڵدایەوە و دەستی خستە سەر سکی و وتی: پێشتر کەرشم هەمووی چەوری بوو، چوومە لای پزیشکی جوانکاری، نەشتەرگەری بۆ کردم، چەوریەکەی بۆ دەرهێنام و بۆتێکس

و فیلەریشی بۆ ڕوومەت و لێوەکانم کردووە، کە ڕوومەتت گرتم، هێندەی نەمابوو بۆتێکسەکەم تێك بچێت.

کە وای وت، کاروان ڕووی تێکردم و بە پێکەنینەوە وتی: ئەم داماوە هیچ شوێنێکی وەکو خۆی نەماوە، جوانکاری بۆ گشت لەشی کردووە، تەنانەت برۆیەکانیشی تاتۆن و برژانگەکانیشی دەسکردن، تۆ بە کوێندەری ئەو سەرسام بوویت.

وتم: بە ڕواڵەت دەڵێی شاجوانە، کێ بزانێت تاتۆ و ماتۆ و فیلەر و میلەر و جوانکاری کردووە !

ئازاش وتی: با پێی بڵێین شوێنێکمان لە چەنە قەلاّ بۆ بگرێت و خۆی بۆ ئەوێ بمانبات.

من و کاروانیش بیرۆکەکەمان پێ باش بوو، ئەوەبوو کاروان پێی وت: خاتوو میهرەبان دەتوانی شوێنێکمان لە چەنە قەلاّ بۆ بگریت و خۆشت بمانبەیت؟

وتی: کاتژمێر حەوتی شەو ئامادەبن، کە زەنگم بۆ لێدان، وەرنە خوارەوە، لە بەر دەرگای بالآخانەکە چاوەڕێتان دەکەم. لە بەردەم چەنە قەلاّ داتان دەنێم، لەوێش بە برای خۆمتان دەسپێرم و پێشی دەڵێم ئاگادارتان بێت.

بەرلەوەی بڕوات، ژمارەی نهێنی ئەنتەرنێتی شوقەکەی پێ داین و وتی: هێڵی ئەنتەرنێتی شوقەکەتان بە ناوی کەنعانە، وای فای مۆبایلەکانتان بکەنەوە، کە کەنعانتان بەرچاو کەوت، ژمارە نهێنییەکەی لێ تۆمار بکەن، ئەو ماوەی لێرە دەمێننەوە، خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت و کارەباو سووتەمەنیتان بە خۆڕاییە.

## ژنە سەماکەرەکە

دوای ئــەوەی میهرەبــان شــوقەکەی تەســلیم کــردین و ڕۆیشــت، دوشـێکمان وەرگـرت و لێـی خـەوتین. ئەگـەر میهرەبـان تەلـەفۆنی بـۆ نەکردباین، بە ئاگا نەدەهاتین و چوونە چەنە قەلأمان لە دەست دەچـوو. بـە خێرایـی جلـەکانمان گـۆڕی و چـووینە بـەر دەرگـای باڵەخانەکـە. کـە چووین، میهرەبان لـە نـاو ئۆتۆمبێلەکـەی چـاوەڕێی دەکـردین. سـڵاومان لێکرد و سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین، ئێمە بە شوێنێکدا بـرد، دوو تـاوەری بەرزی پیشان داین، وتی: ئەم دوو تاوەرە بەرزانەتان بینیوە؟

وتمان: مەبەستت چیە.

وتی: ئەم دوو تاوەرانە هی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکایە.

وتم: دیـارە ئازربایجـانیش وەکـو وڵاتــی ئێمــە لــە ژێـر هــەژموونی ئەمریکایە؟

وتی: پێشتر بەشێك بووین لە یەکێتی سۆڤێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٠ ئەمریکا پشتگیری کردین بۆ جیابوونـەوە و ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی، لـە بەرامبەردا، لەو کاتەوە هەژموونی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پەیداکردووە و دەستی بەسەر نەتی ئێرە داگرتووە و دۆناڵد ترامپیش ئەم دوو تـاوەرە بازرگانییەی لێرە دروست کردووە.

دواتر ئێمەی بردە بەردەم باڵاخانەیەکی گەورە، کە بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر جوان دروست کرابوو، وتی ئەم باڵاخانەیەش دەبینن، ئەوە مۆزەخانەی نیشتمانی ئازربایجانە و پڕە لە کەلەپووری کۆن و وێنە و دیکۆمێنتی مێژوویی بە نرخ.

دوای ئەوە ئێمەی گەیاندە چەنە قەلا، بەر لەوەی دابەزین، تەلەفۆنی لەگەڵ براکەی کرد و ئێمەی بەو سپارد.

ئێمەی بردە هۆڵی یانەکە و ئیشارەتی بۆ مێزێکی بەتاڵ کرد و وتی: ئەو مێزەم بۆ ئێوە گرتووە، پێویستتان بە هەر شتێك بوو، ئاگادارم بکەنەوە، من لێتان نزیکم.

لە بەرامبەرمان، ژنێکی جاحێڵ لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەن دانیشتبوو، ژنەکە زۆر سپی و تەنك بوو، چاوەکانی شینی ئاسمانی بوون، پرچێکی زەردی هەبوو، وەکو ئاڵتوون دەدرەوشایەوە و وەکو ئاوریشم بە سەر قەد و باڵای شۆڕ ببۆوە. تیشێرتێکی یاخە کراوەی نیو قۆڵ و تەنوورەیەکی کورتی لەبەردا بوو، ڕانە خڕو پڕەکانی وەکو پەنیری کوردی لە ناویدا سپی دەچوونەوە.

ئازا کە چاوی پێکەوت، بە جوانیەکەی زۆر سەرسام بوو، هەر لەو کاتەی کە دانیشتین، چاوی خستە ناو چاوەکانی و لە سەری هەڵنەگرت. ئەو پیاوەی کە لەگەڵی دانیشتبوو، هەستی پێکرد، شوێنی خۆی لەگەڵ گۆڕیەوە و بە مچومۆڕی دانیشت، بە توڕەییەوە سەیری چاوەکانی ئازای دەکرد.

ئازا دڵی لای ژنەکە بوو، نەیدەزانی چیبکات، لە تاوان لە سەر کورسیەکە قونی تۆتکەی نەدەگرت، زوو زوو لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و بە بیانووی تەلەفۆن دەچووە دەرەوەی هۆڵەکە و دواتر بە بەردەم ژنەکە دەهاتە ژوورەوە و بە تیلی چاوەکانیشی سەیری چاوەکانی ئەوی دەکرد.

پێم وت: بە قسەی من دەکەیت، لێی بگەڕێیت باشە، ئەو پشتی لە تۆیە، خۆتی پێوە خەریك مەکە، ئەو خاوەنی خۆی هەیە، بۆ تۆ نابێت.

وتی: ژنێکی جوان و تەڕلووسە، پێاچێت هاوسەری ئەو پیاوە بێت، لە چاوەکانی دیار بوو، ئەویش دڵی لای من بوو، بۆیە کە تەماشای چاوەکانیم دەکرد، چاوەکانی لە سەر من هەڵنەدەگرت، لە دڵەوە هەستم بە تەزووی خۆشەویستی ئەو دەکرد.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، زەنگی مۆبایلی ژنەکە لێی دا، مۆبایلەکەی بە گوێچکەیەوە ناو ڕۆیشتە دەرەوەی هۆڵەکە.

ئازا کە ئەمەی بینی، بە بیانووی تەلەفۆن کردن، چووە دەرەوە.

دوای هەندێك، ئازا بە دەموچاوێکی بە خەندە گەڕایەوە لامان، لە خۆشیان ئاو بە دەمی ڕانەدەوەستا.

وتم: دەڵێی شتێکت بە شتێك کردووە، وا دڵخۆشیت؟

وتی: لە ژیانمدا هەر شتێکم ویستبێ، پێی گەیشتووم.

وتم: بەو قسەیە بێت، بەمیش گەیشتوویت.

وتی: کە چوومە دەرەوە، ئەو لە بەر دەرگای هۆڵەکە ڕاوەستابوو، لێی نزیك کەوتمەوە و خۆم پێی ناساند و داوای هاوڕێیەتیم لێی کرد. ئەویش قبوڵی کرد و ژمارەی مۆبایلەکەی خۆی پێدام و وتی: ئێستا ناتوانم لەگەڵت دانیشم و سەمات لەگەڵ بکەم، کە لێرە ڕۆیشتم، پەیوەندیت پێوە دەکەم و دەتبینمەوە.

منیش ڕووم لە کاروان کرد و پێم وت: دەبینی ئازا بۆ خۆی چەند زیندووە، هاوڕێیەکی ژنی بۆخۆی پەیدا کرد، من و تۆ نەبێت هیچمان پێناکرێت.

ئەویش، ئیشارەتی بۆ ژنێك کرد، لە نزیك ئێمە، لەگەڵ هەندێك گەشتیاری عێراقی دانیشتبوو، بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد. وتی: من حەزم لەو ژنە کردووە، چاوەکانی دەڵێی فنجانی قاوەن، زۆر جوانن، ڕانەکانی خڕ و پڕ و ئەسمەرێکی خوێن شیرینە دەمێکە چاوم خستۆتە ناو چاوەکانی و چاوەڕێی ئاماژەیەکی ئەو دەکەم تا سەمای لەگەڵ بکەم.

ژنەکە باڵا بەرز و بەخۆوە بوو، دەتووت ئەسپە، قەمیسێکی سووری یاخە کراوەی لەبەردا بوو، سینگ و مەمکی لـە نـاو دیـار بـوون. پیـاوێکی عەرەبی بە تەمەن لە تەنیشتی دانیشتبوو، بتڵێك وێسکی لە بەردەم بـوو، پێکێك وێسکی بۆ تێکرد و بە یەکەوە خواردیانەوە.

پیاوە عەرەبەکە لـە قسـەکردن و ڕەفتـاری دیـار بـوو، بەرپرسـێکی گـەورە، یـان کەسـێکی دەوڵەمەنـد بـوو، ئـەوانی لەگـەڵی دانیشـتبوون، حیسابیان بۆ قسەکانی دەکرد.

بـە کـاروانم وت: تـۆ هەسـت ناکـەیت ئـەم ژنـە هـاوڕێی ئـەو پیـاوە زەنگینەیە؟

ئەویش وتی: بـەڵام ئـەم پیـاوە زۆر بەتەمەنـە، سـێ تەمـەنی ئـەوی هەیە، لە پیرییان دەموچاوی چرچ و لۆچ بووە.

وتم: ئەو بە دوای پارەکەوەیەتی، کاری بە دەموچاوی نیە!

وتی: جارێ زووە بڕیار بدەین، بزانین سـەمای لەگـەڵ دەکـات، یـان نا.

ئێمـە لـەم قسـانەدا بـووین، ژنەکـە داوای جگـارەی لـە پیاوەکـەی تەنیشتی کرد. ئەویش پاکەتێکی لە گیرفـانی دەرهێنـا و جگارەیـەکی بـۆ ڕاگرت.

ژنەکەش وتی: من جگارەی کـرێفن ناکێشـم، تـەنها کێنتـی عـەرەبی دەکێشم.

کە کاروان ئەمەی گوێ لێبوو، پاکەتێك جگارەی کێنتی لە گیرفـانی دەرهێنا و هەڵی دایە پێشی و بە زمانی عەرەبی پێی وت: ئەم پاکـەت بـۆ خۆت بێت.

ژنەکەش بۆی هەڵدایەوە و بە زمانی کوردی پێی وت: بۆ خۆت بێت، بە گارسۆنەکە دەڵێم پاکەتێکم بۆ بێنێت.

کەوای وت کاروان سەری هێنا ژێر گوێم و پێی وتم: بەختم نەبوو، بە عەرەب تێی گەیشتبووم کەچی کورد دەرچوو.

منیش له قاقای پێکەنینم دا و وتم: خەمێکیشمان بۆ پەیدابوو، بە بەرچاوی ئێمەوە لەگەڵ ئەم پیاوە عەرەبە بە ساڵا چووە دانیشتووە و دەخواتەوە.

ئـازاش وتـی: ئـەوە کـەی کێشـەیە، کـەیفی خۆیـەتی لەگـەڵ کـێ دادەنیشـێت و دەخواتـەوە، خـوا دەیکـرد سەماشـی لەگـەڵ دەکـرد و لەگەڵیشی دەخەوت، ئێمە بۆ خۆشی هاتووین، بۆ کوردایەتی نـەهاتووین، تا خەفەتی لێبخۆین.

کـاروانیش وتـی: چـۆن خەفـەت نـەخۆم، دەمێکـە چـاوم خسـتۆتە سەری، ئەو دەشیزانی کە ئێمە کوردین، ئەوجا حیسابی پوشـکەیەکی بـۆ نەکردین.

زۆربەی ئـەو پیاوانـەی کـە لـە یانەکـە دانیشـتبوون، هـاوڕێی ژنیـان لەگەڵ دابـوو، تـاک و تـەرایان نـەبێ، وەکـو ئێمـە سـەڵت بـوون. کچێکی جوان، تەمەنی لە نێوان هەژدە بۆ نۆزدە ساڵ دەبوو، قەمیسێکی پەمەیی لەبـەردا بـوو، دوگمـەکانی سـەرەوەی کردبـۆوە، مەمکـەکانی بـە قـەدەر پرتەقاڵێك لە ناو سوخمە سوورەکەیدا خـەویان لێکـەوتبوو. سـەبەتەیەك گوڵی بـە دەسـتەوە بـوو، لـە نـاو هۆڵەکـە دەهـات و دەچـوو، چـاوەکانی ڕەنگێکـی هـەنگوێنیان هـەبوو، لەگـەڵ ڕەنگـی گوڵـە سـوورەکانی نـاو سـەبەتەکەی دەسـتی شـەڕیان دەکرد.پرچـێکی ڕەشـی وەکـو قـەترانی هەبوو، بە سەر شانیدا شۆڕ ببۆوە، کە بە لارو لەنجە لـە نێـوان مێزەکـان دەهات و دەچوو، لەگەڵ بای فێنککەرەوەکە دەجوولایەوە. تەنوورەیەکی کورتی خۆڵەمێشیشی لەبەردا بوو، هێندە کورت بوو، بە ئاستەم ڕانەکانی داپۆشی بوو. بە بێ دەنگی دەخولایـەوە، پیاوەکـان گوڵێکیـان بـە پێـنج مەنات لێ دەکڕی و پێشکەشی خۆشەویستەکانیان دەکرد.

جوانیەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشـابووم، نەمـدەزانی چـۆن بیـدوێنم و خۆمی پێ بناسێنم، هیچ هاوڕێی ژنیشم نەبوو، تا گوڵی لێ بکڕم.

ملوانکەیەکی شووشەم بە دوو هەزار دینار لە بازاڕی شێخەڵلاّ لە هەولێر کڕی بوو، ڕەنگی سووری قرمزی بوو، لە گیرفانم دەرهێنا و دامە دەستی و پێم وت: ئەم ملوانکەیەم بە دیاری بۆ تۆ هێناوە.

لێی وەرگرتم و وتی: وا نابێت، خۆت بیکە ملم.

منیش بە دەستەکانم پرچە ئاوریشمییەکەیم لە سەر شانی لابرد و ملوانکەکەم لە ملی کرد و دواییش ماچێکم لە ڕوومەتە ناسکەکانی کرد و داوام لێیکرد وێنەیەکی بۆ یادگاری لەگەڵ بگرم.

مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و سەری خۆی نا بە سەری منەوە و وێنەیەکی سێلفی خۆی و منی گرت و وتی: تەماشای وێنەکە بکە، ئەگەر بە دڵت نەبوو، پێم بڵێ تا دووبارەی بکەمەوە.

لە بەر سەبەتە گوڵەکەی دەستی، دەموچاوی بە تەواوی دەرنەچوو بوو. وتم: دەموچاوت بە تەواوی دەرنەچووە، حەزم لێیە هەمووی دەرچێت.

وتی: بە ئەنقەست وام کردووە، لە بەر براکەم نامەوێ دەموچاوم هەمووی دیاربێت.

منیش وتم: حەزم لێیە ڕوومەتە جوانەکانتم لێ دیار بێت.

مۆبایلەکەی لێ وەرگرتمەوە و وێنەیەکی تری گرتەوە و وتی: وابزانم ئەمجارە بە دڵت دەبێت.

کە دانیشتمەوە کاروان پێی وتم: بۆچی ژمارەی مۆبایلەکەت لێی وەرنەگرت، دوایی قسەت لەگەڵ بکردبا و کاتی چوونە دەرەوەت لێی وەرگرتبا.

وتم: لەوەناچێت چوونە دەرەوەی هەبێت، کە وێنەی لەگەڵ گرتم، لە بەر براکەی نەی دەویست دەموچاوی هەموو دیار بێت.

ئەویش وتی: چ زیانێك دەکەیت، ئەگەر داوای ژمارەی مۆبایلەکەی لێبکەیت.

وتم: له سەر قسەی تۆ، کەمێکی تر خۆم تاقی دەکەمەوە، بزانم چی دەڵێ.

ئەوەبوو، بەرلەوەی بڕۆین، بانگم کرد و گوڵێکم لێکڕی و پێشکەشی خۆیم کردەوە، پێم وت: ئەم گوڵە سوورە پێشکەشی تۆی شاجوان دەکەم. ئەویش لێی وەرگرتم و وتی: سووپاست دەکەم بۆ ئەم دیارییە.

وتم: دەتوانم داوای ژمارەی مۆبایلەکەت لێبکەم بۆ پەیوەندی کردن.

وتی: بە داخەوە لە بەر براکەم، ناتوانم پێتی بدەم، بەڵام ئەو ڕۆژانەی لێرە بتبینم، قسەت لەگەڵ دەکەم.

ئەمەی وت و دەستی خستە ناو دەستم و وتی: سوپاس گوزارتم بۆ ئەم دیارییە جوانە.

کاتێک هەستاین، ویستمان بچینە دەرەوە، سەیری منی کرد و چاوی بڕییە ناو چاوەکانم و لە جیاتی دەم بە چاوە جوانەکانی ماڵئاوایی لێکردم و سەری خۆی بۆ لەقاندم. منیش سەیری چاوەکانیم کرد و لە شوێنی خۆمەوە ماچێکی نەرمم بۆی فڕێدا.

کە چووینە دەرەوە، هاوڕێ ژنەکەی ئازا لە بەر دەرگا چاوەڕێی دەکردین، ئازا دەستی گرت و لەگەڵ ئێمە بۆ شوقەکەی هێنا.

پێم وت: بەم شەوە درەنگە بە نیازی چیە، ناکات ئەم شەو لەگەڵت بمێنێتەوە؟

ئازاش وتی: قسەمان کردووە، ئەم شەو بەیەکەوە دەخەوین.

وتم: تۆ دەتەوێ تا بەیانی کلاّومان بۆ بدووریت، شتی وا نابێت، یان لە خۆتی مارە دەکەیت، یانیش ببیە بۆ شوێنێکی تر.

وتی: ئەگەر ئەو ڕازی بێت، لە خۆمی مارە دەکەم، زۆرم خۆش دەوێ نامەوێ لە دەست خۆمی بدەم.

ئیتر ئەوەبوو، کە گەیشتینە جێ، ئازا پێی وت: ئەو هاوڕێییەم شتێکی وا دەڵێ، تۆ چی دەڵێی؟

وتی: منیش وام پێ خۆشه، بەلاّم نەکەی لێم بێزار بیت و پشتم تێبکەی.

ئازاش وتی: لە سەر دەستی هەردووکیان بەڵێنت پێدەدەم کە بتکەمە هاوژینی خۆم و مانگانەش بڕێك پارەت بۆ بنێرم.

وتم: مادام هەردووکتان ڕازین هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتری بکەن، دەستتان بخەنە ناو دەستی یەکتر و من چیم وت، لە دوای من بیڵێنەوە، تا مارەییتان بێت.

ئەوەبوو، بە شایەتی خۆم و کاروان لە یەکتریم مارەکردن و بە ئازام وت: ئێستا ئێوە حەلاڵی یەکترن و هاوژینەکەشت براژنی ئێمەیە.

کاروان وتی: خۆزگا لە یەکتریت مارە نەدەکردن بەڵکو ئێمەش هەندێك دەستبازیمان لەگەڵ دەکرد و ماچێکمان لەو ڕوومەتە سپی و تەنکانەی دەکرد.

ئازاش وتی: ئەو براژنتانە نابێ بە چاوی حیز تەماشای بکەن.

ئیتر ئەوەبوو، بە بۆنەی هاوسەرگیرییان، مێزێکمان لە هۆڵەکە ڕازاندەوە، میوە و چەرەزات و بیرە و شەراب و ڤۆدگامان لە سەر دانا. بە دەم خواردن و خواردنەوەوە، کاروان بە دەنگە خۆشەکەی بەستە و مەقامی بۆ دەچڕین، من و ئازاش لەدوای دەمانوتەوە و چەپڵەمان بۆی لێدەدا. تا درەنگ دانیشتین، ئازا زۆری ڤۆدگا خواردبۆوە، سەری گەم ببوو، بە پەلە بوو لەگەڵ خۆشەویستەکەی بخەوێ، وتی: بانۆ چاوەکانی بۆ خەو سوور بوونە، با بچین بخەوین، بەیانی دەبێ زوو هەڵسین، شوێنی ترمان بە دەستەوەیە.

کاروانیش پێی وت: ئێمە خەومان نایەت، بەیانیش بۆ هیچ شوێنێك ناچین.

ئازا گوێی نەدایە قسەی کاروان، دەستی بانۆی گرت و بردیە ژوورەکەی خۆی.

من و کاروانیش هەندێکی تر دانیشتین، کە پێکـەکانمان تـەواو بـوو، ئێمەش چووینە ژووری خۆمان و خەوتین.

بـەیانی کـە لـە خـەو هەڵسـاین، مـن چـایەم خسـتە سـەر ئـاگر و کاروانیش هێلکە و ڕۆنی کـرد و لەگـەڵ پـەنیر و پەتاتـەی کـوڵاو لـە سـەر مێزەکە دامان نا.

کاروان وتی: ئەو دووانە وەکو ژن و مێردی ڕاسـتەقینە لـە باوەشـی یەك خەوتوون، ئەگەر لێیان بگەڕێین، تاکو نیوەڕۆ لە خەو هەڵناستن.

وتم: نـاتوانین لـەوە زیـاتر چـاوەڕێیان بکـەین، چـایەکە سـارد دەبێتەوە، باشترە لە دەرگا بدەیت و بانگیان بکەیت.

ئەوەبوو کاروان چووە لای ژوورەکەیان و لە دەرگای دا و بە دەنگی بەرز وتی: هەستن کات درەنگە، وەختە ببێتە نیوەڕۆ.

ئیتر ئەوەبوو هەردووکیان لە خەو هەڵسان و چوونە گەرماوەکە و بە یەکەوە خۆیان شوشت.

کە هاتنە دەرەوە، کاروان ڕووی لە ئازا کرد و بە پێکەنینـەوە پێـی وت: ئــازای گــەواد، ناکــات لات بووبێتــە ڕاســتی و هــەروابزانیت بــانۆ هاوسەرتە، وا لێت خۆش هاتووە؟

ئەویش وتی: ئەی لە منتان مارە نەکرد و نەبوونە شایەت.

منـیش وتم: تـۆ ڕاسـت دەکـەیت، بـە پێـی شـەریعەتی ئیسـلام و مەزهەبی جەعفەری، هەردووکتان مارەییتان لە یەکتری هاتووە و حـەڵاڵی یەکترن.

کاروانیش وتی: لە قوونی هاوسەرگیری وەهابەم، ئەو ژنەسەماکەرە و هەر شەوی دەستی لە نـاو دەسـتی پیاوێکـە، چ شـەریعەتێك ڕێگـا بـەم هاوسەرگیرییە دەدات!

منیش وتم: ئەم جـۆرە هاوسـەرگیرییە، لـە نـاو شـیعە مەزهەبـەکان باوە و پێی دەوترێ (زەواجی موتعە)، زەواجێکی کاتیـە و بـۆ ماوەیـەکی دیاریکراو دەبێت.

## پێنج لیتر شیر

پاش ئەوەی نانی بەیانیمان خوارد، زەنگی تەلەفۆنەکەی بانۆ لێی دا، هەڵی گرت و لە ئێمە دوورکەوتەوە، دوای تۆزێك گەڕایەوە لامان و وتی: دایکم بوو پەیوەندی پێوە کردم، (وتی ئەم شەو کچەکەت تا درەنگ نەخەوتووە، بیری هەر لای تۆ بووە) دەبێ ئێستا بچمەوە.

ئازاش وتی: ئێستا تۆ هاوسەری منیت، نەکەی بەجێم بهێڵیت؟

بانۆش وتی: وەکو وتم، منداڵەکەم ئەم شەو تا درەنگ بۆ من گریاوە. لە دوێنێوە نەمبینیوە، دەچم دەیبینم و دەگەڕێمەوە لاتان.

کاروانیش بە پێکەنینەوە بە ئازای وت: ئازای گەواد چیت دەوێ، منداڵێکیشت بۆ پەیدا بوو!

وتم: ئەو منداڵە لە کوێوە هات؟

ئازاش وتی: دوێنێ بۆی باس کردم، پێشتر هاوسەرگیری کردووە و منداڵێکی حەوت ساڵانی لە هاوسەری پێشووی هەیە، لای دایکییەتی، ئەو بۆی بەخێو دەکات.

کاروانیش وتی: دەترسم پیاوێکی تری دەست کەوتبێ، لە بەر ئێمە وابڵێت.

ئازاش وتی: خۆ من پارەیەکی زۆرم پێی نەداوە، خوا دەیکرد دەڕۆیشت و نەدەگەڕایەوە.

بانۆ کە بینی ئێمە باسی ئەو دەکەین، وتی: ناوی خۆم گوێ لێ بوو، ئێوە چی دەڵێن؟

ئـازاش وتـی: هاوڕێکـانم پـێم دەڵـێن بـانۆ بـە بیـانووی منداڵەکـەی دەڕوات و بەجێت دەهێڵێت و ناگەڕێتەوە.

ئەویش وتی: ئەی دوێنێ شەو هاوڕێیەکەت ئێمەی لە یـەکتری مـارە نەکرد، چۆن بەجێت دەهێڵم.

ئەمــەی وت و خواحــافیزی لێ کــردین و ڕۆیشــتە دەرەوە. ئێمــەش خۆمان گۆڕی و چووینە بازاڕ.

لـە نزیـك ئـەو باڵاخانەیـەی کـە شـوقەکەی ئێمـەی لێبـوو، لـە سـەر شۆستەی شەقامەکە پیرەژنێکی سوور و سپی، پرچـی وەکـو بـەفر سـپی بـوو، بـە سـەر ڕوومەتـە چـرچ و لۆچـەکانی هاتبوونـە خـوارەوە، دەتـوت زیـوە، کـە تیشـکی خـۆر لێـی دەدا دەتریسـکایەوە، لـە نـاو سـەبەتەیەك هەندێك هێلکەی خۆماڵی لە بەردەمی خۆی دانـابوو، دەیفرۆشـت. کـە بـە بەردەمی تێپەڕین، ئاوڕێکی لە ئێمە دایەوە و تەماشـای ئـازای کـرد و بـە وردی لێی ڕاما و هیچ دەنگی نەکرد. ئـازاش هەڵوێسـتەیەکی کـرد و پێـنج مەناتی لە گیرفانی دەرهێنا، بەبێ ئەوەی هێلکەی لێبکڕێت، پێی دا.

کە ئەم دیمەنەم بینی، سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر ئەو پیرەژنـە سـواڵکەر بوایـە، هێلکـەی بـۆ فرۆشـتن لـە بـەر دەمـی خـۆی دانەدەنا).

بەهـــەرحاڵ، هەنـــدێکی تـــر ڕۆیشـــتین، شیرفرۆشـــێکمان بینـــی، تانکـەرێکی بچـووکی پـڕ لـە شـیری لـە لێـواری شـەقامەکە ڕاگرتبـوو، بـە دەبەی پلاستیکی پێنج لیتری و یەك لیتری شیری دەفرۆشت.

ئـازا کـە چـاوی بـە شیرفرۆشـەکە کـەوت، وتـی: بـەختمان هـەبوو، شیرفرۆشەکە لێرەیە، پێنج لیتر شیر دەکڕین.

کاروانیش وتی: پێنج لیتر شیرمان بۆچیە، خۆ بەنیاز نین ماسـتی لێ دروست بکەین.

ئازاش وتی: تۆ غەشیمیت نازانیت شیر بۆچی باشە.

کاروانیش وتی: ئەم شیرە فرێشە، لە قوتوو نەکراوە، ئەو برە زۆرە بە ڕۆژێك ناخورێتەوە و تێك دەچێت.

ئـازاش وتـی: دەیخەینــە نــاو بــەفرگرەکـە، تــا بــەیانی هــەمووی دەخۆینەوە.

منیش وتم: کامەران ڕاست دەکات، ئەگەر لە بەر ئێمەت بێت، من لە پەرداخێك زیاتر ناخۆمەوە.

ئەویش وتی: ئەگەر ئێوە حەزتان لێنیە، مەیخۆنەوە، مـن بـە تـەنیا دەیخۆمەوە.

ئەمەی وت و پێنج مەناتی لە گیرفانی دەرهێناو دایـە شیرفرۆشـەکە و پێی وت: پێنج لیتر شیرم دەوێ.

لە نزیك وێستگەی میترۆ خەتائی بـانقێکی لێبـوو، چـووینە بانقەکـە هەندێك دۆلارمان بە مەنات گۆڕیەوە. دوایـی چـووینە مارکێتێـك، هەنـدێك پێداویستی و شتی خواردنمان کڕی و یاغر یاغر بەرەو شـوێنی نیشـتەجێ بوونمان گەڕاینەوە.

لە نزیك ئـەوێ نانەواخانەیـەکی لێبـوو، هەنـدێك کولێرەمـان کـڕی و گەڕاینەوە. جلەکانی دەرەوەمان داکەند و پێجامەمان لەبەر کرد. کـاروان وتــی: ژیــانی تــەنیایی فێــری زۆر شــتی کــردووم، یــەکێك لــەو شــتانە، چێشتلێنانە، تا لێرەین من چێشتتان بۆ ئامادە دەکەم.

ئەمەی وت و هەندێك پەتاتەی دەرهێنـا و خـەریکی پاککردنـەوەیان بـوو، وتـی: نیـوەڕۆ خـواردنێکی خـۆش و بـەتامتان بـۆ دەکـەم، دەبـێ پەنجەی خۆتانی لەگەڵ بخۆن.

ئـازاش شـیرەکەی دەرهێنـا و چـوار پـەرداخ شـیری لـە سـەر یـەك خواردەوە.

کاروانیش وتی: نەدەبوو ئەم هەموو شیرە بخۆیتەوە، نیـوەڕۆ نانـت پێ ناخورێ.

ئەویش وتی: ئەوە ئیشی خۆمە، پەیوەندی بە نانی نیوەڕۆوە نیە.

منیش وتم: وا بڕوات، تاکو ئێوارە هەمووی دەخۆیتەوە!

وتی: ناکات گاڵتەت پێبێ، دەبینی بەیانی تا ئەو کاتانە هیچی تیا ناهێڵمەوە.

ئەمەی وت و مۆبایلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، پەیوەندی بە ژنێکەوە کرد و پێی وت: ئێوارە وەرەو یەك دوانێکیش لەگەڵ خۆت بێنە.

کاروانیش پێی وت: ئەم ژنە کێ بوو تەلەفۆنت لەگەڵ کرد؟

وتی: ناوی سەمیرەیە، ئەفسەری هێزی ناوخۆیە، سێ ئەستێرەی لە سەر شانە، تەمەنی نزیکەی سی و پێنج ساڵ دەبێت، ژنێکی جوان و ناسکە، لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە، جاری پێشوو کە هاتمە ئێرە، لە ڕێگەی برادەرێکەوە ناسیم.

منیش وتم: مەبەستت فریادە؟

کەوام وت، سەری سوڕما، وتی: چۆن زانیت، دیارە بە تۆشی وتووە؟

منیش وتم: لەم ڕۆژانە ئەوم لە بازاڕ بینی هەندێك ملوانکە و بازنە و گوارەی شووشەی کڕیبوو، پیشانی دام و وتی (ئەمانەم لە شێخەڵڵا کڕیوە، چوار دانەی بە هەزار دینار، جوانن؟). وامزانی مناڵی ساوای هەیە و بۆ ئەوانی کڕیوە، کەچی وتی:(هەرجارێك بچمە باکۆ، هەندێك لەم ملوانکە و بازنانە، دەکڕم و لەگەڵ خۆم دەبەم و دەیانکەمە دیاری بۆ ژنە هاوڕێکانم.

جا ئەوەبوو ناوی هەندێك لەو ژنانەی پێوتم و باسی جوانی ئەوانی بۆ کردم. یەکێك لەوانە ئەم سەمیرەیە بوو، وتی: ئەفسەرە و سێ ئەستێرەی لە سەر شانە.

ئازاش وتی: منیش ژمارەی تەلەفۆنی سەمیرەم لە فریال وەرگرتووە، ئەو ژنی نیە و پارەشی زۆرە، نازانێ چی لێبکات، بۆیە زوو

زوو دێته ئێره و ژمارەی زۆربەی ژنه سـەماکەر و لەشفرۆشـەکانی ئێـرەی لایە، وەکو پاشا دەژیت.

کاروانیش وتی: ئەی چی بە بانۆ بڵێین ئەگەر هاتەوە؟

وتی: ناتوانێ ئەمڕۆ بگەڕێتـەوە، بـە قسـەی خـۆی مـاڵی دایکـی لـە دەرەوەی شارە.

کاروانیش وتی: بە سەمیرە بڵێ دوو ژنی جـوانیش لەگـەڵ خـۆی بـۆ ئێمه بێنێ.

ئـەویش وتـی: پـێم وتـووە، هاوڕێیـەکی جـوانی هەیـە، بـۆ هـەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی دەیبات.

بەهەرحاڵ، تا کـاروان چێشـتەکەی ئامـادەکرد، خۆمـان بـە مۆبایـل خەریك کرد، دوایی چێشتمان خوارد و چایەکی شیرینیشمان لە سەر کرد. زۆرم خەو دەهات، ویستم بچمە ژووری خـەوتن، هەنـدێك چـاوەکانم گـەرم بکـەم، ئـازا پێـی وتم: کـاتی خـەوتن نیـە، پـاش کـەمێکی تـر سـەمیرە و هاوڕێیەکەی دێنە ئێرە، دەبێ لە ئامادەباشیدابین، کارمان هەیە.

کاروانیش وتـی: ئامادەباشـی بۆچـیە، کـە هـاتن دەیانبەینـە ژووری نووستن.

ئەویش وتی: تا ئەوان نەهاتوون، شەڕابەکە بێنە، بـا یـەك و پێکێـك بخۆینەوە، تا نەشئەی لێوەربگرین و بە زەوق بین.

کاروانیش بتڵی شەڕابەکەی لەگەڵ هەندێك فسـتق و میـوەی هێنـا و لەگەڵ سێ پەرداخ لە سەر مێزەکەی دانا.

هێشتان شەڕابەکەمان نەخواردبۆوە، لە دەرگا درا.

منیش وتم: ناکات بانۆ بێت، چ زوو گەڕایەوە.

ئازاش وتی: سەمیرە و هاوڕێکەیەتی.

منیش وتم: چۆن دەزانی کە ئەوانن.

وتی: کورتە نامەیەکی بۆ ناردم، نووسیویەتی لەبەردەرگاین.

ئەمەی وت و ڕۆیشت دەرگاکەی لێکردنەوە و هاتنە ژوورەوە.

سەمیرە و ئەو ژنەی کە لەگەڵیشیدا بوو، یەك لە یەکتری جوانتر بوون، بەڵام ئەو ژنەی لەگەڵیدا بوو، سوور و سپی و ناسك تر بوو، کە بینیم، دڵم کەوتە سەری، لە دڵی خۆمدا وتم (تا یەکێیان نەیبردۆتە ژوورەوە بۆخۆم گری دەدەم).

ئازا من و کاروانی بە سەمیرە ناساند و وتی: تۆش ئەو هاوڕێیەی خۆتمان پێ بناسێنە.

سەمیرەش دەستی هاوڕێیەکەی گرت و هێنایە لای ئێمە و وتی: ناوی لەیلایە، هاوڕێیەکی خۆشەویستمە، ماوەیەکی زۆرە یەکتری دەناسین، تاکو ئێستا لە یەکتر زوێر نەبووینە.

ئازا وتی: دەزانم تۆ شەڕاب دەخۆیت، بەڵام نازانم ئەم خاتوونە چی دەخواتەوە تا بۆی بێنم.

وتی: ئەویش وەکو من شەڕاب دەخواتەوە.

ئەوەبوو، دوو پێك شەڕابی بۆ تێکردن و لە بەر دەمی دانان.

پێش ئەوەی کاروان یەکێك لە ژنەکان بۆ خۆی دەستنیشان بکات، چوومە تەنیشت لەیلا و دەستم خستە سەر شانی و ڕووم لە ئازا و کاروان کرد و بە پێکەنینەوە پێم وتن: من هاوڕێی خۆم دۆزیەوە، من لەگەڵ ئەو دەبم، نامەوێ کەستان دەستتان پێی کەوێ.

کە وام وت، کاروان وتی: خۆ بە نیاز نیت تۆش وەکو ئازا لە خۆتی مارە بکەیت.

وتم: من سێکسی لەگەڵ ناکەم تا لە خۆمی مارە بکەم، تەنها ماچ و بۆنی دەکەم و هەندێك دەستبازی لەگەڵ دەکەم.

کاروان ڕووی لە ئازا کرد و پێی وت: من و تۆش لەگەڵ سەمیرە دەبین، خۆت سەرپشك بە، حەزدەکەی یەکەمجار تۆ لەگەڵی بخەوە، تا تۆ تەواو دەبیت، پێکێکی تر شەڕاب دەخۆمەوە.

ئەوەبوو، ئازا دەستی سەمیرەی گرت و بردییە ژووری نووستن. من و لەیلاش چووینە ژوورەکەی تر.

کە چووینە ژوورەوە، لەیلا جلەکانی سەرەوەی لەبەرخۆی داکەند، ویستی ئەوانی ژێرەوەش دابکەنێت، پێم وت: پێویست ناکات جلی ژێرەوە لەبەر بکەیتەوە، نامەوێ سێکس بکەین، ئەوەندە بەسە بە یەکەوە دانیشین و لەگەڵ یەکتری قسە بکەین.

کە وام پێی وت، سەری سوڕما، وای زانی پارەی نادەمێ، بۆیە وا دەڵێم. ویستی جلەکانی بپۆشێتەوە و بڕواتە دەرەوە، دەستم گرت و پێم وت: دەتەوێ چی بکەیت؟

وتی: من بۆ پارە ئەم ئیشە دەکەم، ئەگەر پارەم نەدەیتێ، لەگەڵ هاوڕێیەکەت دەخەوم.

کەوای وت، پەنجا مەناتم لە گیرفانم دەرهێنا و دامە دەستی و پێم وت: ئەم پارەیەم لێوەربگرە، ئەگەر کەمیشە پێم بڵێ تا بۆتی زیاد بکەم.

وتی: کەم نیە، دەمەناتیشی زیادە.

وتم: ئەویش بۆخۆت.

پارەکەی خستە ناو جانتاکەی و لە تەنیشتم دانیشت، دەستی خستە ناو دەستم و تەند گوشی، منیش دەستەکانی ئەوم گوشی و بە زمانی ئینگلیزی پێم وت: من زمانی تورکی نازانم، ئەگەر ئینگلیزی دەزانی، بەو زمانە قسە لەگەڵ یەکتری دەکەین.

وتی: کەمێکی لێدەزانم، بەڵام زۆر باش نیم.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: منیش زۆری لێ نازانم، بەڵام لە تورکییەکە باشترە.

لێم پرسی هاوسەرگیریت کردووە، وتی: هاوسەرگیرم کردووە، بەڵام هەر زوو لە یەکتری جیا بووینەوە.

وتم: لەگەڵ باوک و دایکت دەژیت؟

وتی:ماڵی باوکم لە گوندە، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لێرە دەژیم.

وتم: تۆش وەکو سەمیرە لە پاڵ ئەم کارەت، کارێکی تریش دەکەیت؟

وتی: بەیانیان تا نیوەڕۆ لە سالۆنێکی جوانکاری ژنان کار دەکەم، ئەو بڕە پارەیەی لەوێ وەریدەگرم بەشی بژێوی ژیانم ناکات، بۆیە ئەم کارەش دەکەم.

وتم: لەو سالۆنەی کە کاری لێدەکەیت، ڕۆژانەت چەندە؟

وتی: مانگی پێنج سەد مەنات وەردەگرم.

وتم: ئەی لە سێکسکردن چەند پارەت دەست دەکەوێت؟

وتی: دیار نیە، لە سەر گەشتیاران وەستاوە، لە وەرزی هاوین، بەهۆی هاتنی گەشتیارێکی زۆر بۆ ئێرە، پارەیەکی زۆرمان دەست دەکەوێت، بەلاّم لە وەرزەکانی تر، کەمتر دەبێت.

کاتێك کە قسەی بۆ دەکردم، دیقەتی سیمای چاوەکانیم دەدا، خەم و پەژارەیەکی زۆرم لەناو چاوەکانی دەخوێندەوە، هەندێك جاریش نقوومی دەریای خەیاڵ دەبوو، چەند چرکەیەك وەلاّمی پرسیارەکانی نەدەدامەوە و بێ دەنگ دەبوو.

بەر لەوەی هەستین، بێینە دەرەوە، وتی: ئەگەر سێکسم لەگەڵ دەکەیت، من ئامادەم، تۆ پارەی خۆت داوە.

وتم: خۆم نامەوێ سێکس بکەم، چێژ لەم دانیشتنانە وەردەگرم.

جلەکانی پۆشی و جانتاکەی بە شانییەوە کرد و بە یەکەوە چووینە هۆڵی دانیشتن.

کاروان بتڵێك شەڕابی لەبەردەم بوو، بە دەم گۆرانی وتنەوە دەیخواردەوە.

من و لەیلاش لە سەر کورسیێکی بەرامبەر ئەو دانیشتین. دوو پێك شەڕابی بۆ تێکردین و لە بەر دەمی داناین و پێی وتم: بۆچی وا زوو هاتنە دەرەوە، هێشتان کاتێکی زۆرتان لە بەردەم بوو.

وتم: دەمەتەقێیەکی خۆشمان بەیەکەوە کرد، قسەکان زۆرن، تەواو نابن، حەزم کرد تۆش بەشداریمان لەگەڵ بکەیت.

کە وام وت، بە سەرسوڕمانەوە وتی: ناکات سێکست لەگەڵ نەکردبێت؟

وتم: ئەی پێم نەوتی تەنها دەستبازی لەگەڵ دەکەم.

وتی: لەیلا لە سەمیرە جوان و ناسکترە، لەبەر دڵی تۆ داوام لێی نەکرد، دەنا ئەوم لەگەڵ خۆم دەبرد.

منیش وتم: تۆ و ئازا ژنتان زۆر دەست دەکەوێ، لەیلا بۆ من لێ بگەڕێن، ئەو هاوڕێی منە، بۆخۆمان بەیەکەوە قسە دەکەین.

لەم قسانەدا بووین، لە پڕ سەمیرە بە ڕووتی هاتە ژوورەوە، دەستێکی لە سەر قوزی دانابوو، دەستەکەی تریشی بۆ ئێمە درێژ کرد وتی: کلینێکسم پێبدەن.

کاروانیش هەندێك کلینێکسی لە پاکەتەکە دەرهێنا و دایە دەستی، ئەویش کلینێکسەکەی لێوەرگرت و قوزی خۆی پێ خاوێن کردەوە. ئازاش لە ژوورەوە بانگی دەکرد و بە دەنگێکی بەرز دەیوت: سەمیرە بگەڕێوە، دەستێکی ترم ماوە.

سەمیرەش ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: بە گانێك و دوو تێر نابێت، زۆری نەمابوو تووشی خوێن بەربوونم بکات.

ئەمەی وت و ڕۆیشتە گەرماوەکە، دوشێکی وەرگرت و جلەکانی پۆشی و گەڕایەوە لامان.

کاروانیش پێی وت: بۆچی بە پەشۆکاوی لە ژووری نووستن هاتیتە دەرەوە؟

ئەویش وتی: کە هاوڕێیەکەت هات، لێی بپرسە، با ئەو وەڵامت بداتەوە.

پاش ئەوەی ئازاش جلەکانی پۆشی و هات دانیشت. کاروان پێی وت: ئازا چیت لەو بەستەزمانە کردووە،

به قوزو قوونی ڕووتەوە بە ڕاکردن هاتە دەرەوە؟

ئازاش بە پێکەنینەوە وتی: دوو جار لە پێشەوە چوومە لای، ویستم لە پشتەوەش بچمە لای، دەستی بە هاوار کرد و ڕایکردە دەرەوە.

کاروانیش ڕووی لە سەمیرە کرد و پێی وت: بۆچی نەتهێشت؟

سەمیرەش وتی: خەریك بوو بم دڕێنێت، نازانێت وەکو مرۆڤ سێکس بکات.

کامەرانیش ڕووی لە من کرد و وتی: نە وەکو تۆ، بە دەستنوێژ، نەوەك ئەویش، هێندە توندو تیژ.

ئیتر ئەوەبوو، ئازاش پێکێك شەڕابی تێکرد و پەرداخەکەی بەرز کردەوە و وتی: لە گیانی ئێوە.

دوای هەندێك کاروان ڕووی لە سەمیرە کرد و پێی وت: پێت خۆشە لەگەڵم بێیت؟

سەمیرەش وتی: لەگەڵت دێم، بەڵام وەکو ئازا نەکەیت؟

کاروانیش بە پێکەنینەوە وتی: هەر خۆی من وەکو ئەوم پێناکرێ، ئەو ڕۆژی پێنج لیتر شیر دەخواتەوە، بۆیە بە دوان و سیان تێر نابێت!

بەم شێوەیە، دەستی سەمیرەی گرت و بردیە ژووری نووستن و دوای کەمێك هاتنە دەرەوە.

ئازاش بە کاروانی وت: خۆ چۆڵەکە نیت، وا بە خێرایی لێ بوویتەوە؟

وتی: کە خۆم بەتاڵ کرد، چی بکەم لە ژوورەوە.

بەم شێوەیە سەمیرە و لەیلا قەمسەڵەکانیان لەبەرکرد و خواحافیزیان لێکردین و ڕۆیشتن. ئێمەش جلی دەرەوەمان لەبەرکرد و ڕۆیشتینە بازاڕ بۆ کڕینی هەندێك نان و پێخۆری بەیانیان.

## پیرەژنە هێلکە فرۆشەکە

ئەو ڕۆژەش وەکو ڕۆژانی پێشوو کە چووینە بازاڕ و گەیشتینە لای پیرەژنە هێلکە فرۆشەکە، پیرەژنەکە لێمان هاتە پێشەوە و ڕووی لە ئازا کرد و پێی وت: تۆ کەسێکی باشیت، لە بیرت نەکردووم، هەرکاتێك خۆت و هاوڕێکانت ویستتان لەگەڵتان دێم، چیتان بویّ بۆتان دەکەم.

ئەویش وتی: هیچم نەکردووە تا سوپاسم بکەیت، تۆ ئەو ڕۆژە لەبیرکە.

ئەمەی وت و دەستی خستەوە ناو گیرفانی و پێنج مەناتی دایە.

پیرەژنەکەش وتی: ئەو چاکەیەی کە جاری پێشوو تۆ لەگەڵت کردم، تاکو ئێستا هیچ کەس لەگەڵی نەکردوومە. ئەگەر حەز بکەیت لەگەڵتان دێم، چیتان بویّ بۆتان دەکەم.

کە وای وت، ئازا ڕەنگی تێك چوو، دەمی تێك ئالاّ، نەیزانی چی بلّیّ.

پیرەژنەکە جارێکی تر لێی دووپات کردەوە و پێی وت: ئەگەر حەزبکەیت لەگەڵتان دێم، هاوڕێکانیشت چیان بویّ بۆیان دەکەم.

ئازاش وتی: ئێستا کارمان هەیە، ئەگەر ویستمان پێت دەڵێین.

ئەمەی وت و پیرەژنەکەی بەجیّ هێشت. ناوە ناوەش ئاوڕی لێدەدایەوە و لە بەردەمی خۆی پێدەکەنی و هیچی نەدەوت.

دیمەنی ئەم پیرەژنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم ماستە موێکی تیایە) ڕووم لە ئازا کرد و پـێم وت: چـیرۆکی ئـەم پیرەژنـە چیە، بۆمان باسکە؟

وتی: شتێکی وەها نیە.

وتم: دیقەتم داوەتیێ، هەرجارێك بە بەردەم ئـەم پیرەژنـە ڕەت بـین، پیرەژنەکە بێ ئەوەی شتێك بڵـێ، بـە تیلـی چـاوەکانی سـەیرت دەکـات، تۆش بێ ئەوەی هێلکەی لێبکڕیت، پێنج مەناتی دەدەیتێ.

ئازاش وتـی: پیرەژنێکـی دامـاوە، کەسـی نیـە، لـە ڕاهـی خـوا ئـەو پارەیەی دەدەمێ.

کاروانیش وتی: ئەم قسانە بۆ کەسـێك بکـە کـە نەتناسـێت، تـۆ لـە هەزار ئاوت داوە قاچت تەڕنەبووە، ئێستا پێمان بڵێ چی لـە نێـوان تـۆ و ئەم پیرەژنە هەیە.

ئەویش وتی: هیچ شتێك لە نێوانماندا نیە، ئەو وەکو نەنکم وایە.

کە وای وت، لە بیری خۆمدا وتم (ڕەنگە ژنی جوانی لـە ژێـر دەسـت بێت، یانیش تریاك فرۆش بێت، دەنـا ئـازا چ کـارێکی بـەم پیرەژنـە سـەر سپییە دەبێت).

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، کاروان دەستی خستە سەر شانم و وتـی: خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە.

وتم: بیرم لای ئەو پیرەژنە هێلکە فرۆشە بوو.

ئـەویش وتـی: منـیش سـەرم لێـی سـوڕماوە، بۆچـی کـە دەگەینـە بەردەمی، تەنها سەیری ئازا دەکات.

کاروان بەردەوام بوو لە قسەکانی و وتی: ئەو ژنە لە پیریان قژی وەکو بەفر سپی بـووە، تەنانـەت مووەکـانی بـرۆ و برژانگەکانیشـی سـپی بوونە، ئەگەر جاحێڵ با، بیرم بۆ شتێك دەچوو، بـەڵام ئـەم پیرەژنـە لـەو شتە ناوەشێتەوە کە خەیاڵم بۆی دەچێت.

وتم: تۆ بڵێی ژنی جوانی لە ژێر دەستدا نەبێت.

وتی: ئەگەر وا بوایە، ئازا شەرمی لە ئێمە نەدەکرد و داوای لێدەکرد ژنی بۆ بێنێت.

وتم: من بیرم بۆ شتێکی تر دەچێت، بەڵام ئازا لەوە ناوەشێتەوە.

وتی: ئەو شتە چیە کە بیری لێدەکەیتەوە، من دەمێکە ئازا دەناسم، بەڵکو وابێت!

وتم: ئەگەر بیڵێم دەترسم ئازا لێم تورە بێت.

کە وام وت، ئازا وتی: دەزانم لێتان بۆتە مەراق، تا نەیزانن، وازم لێناهێنن.

ئەمەی وت و ڕووی لە من کرد و وتی: گومان لە چی دەکەیت، شەرم مەکە بیڵێ، بە لێنت پێدەدەم کە لێت عادز نەبم.

وتم: دەڵێم ڕەنگە ئەم پیرەژنە تریاك فرۆش بێت و تریاکت بۆ بێنێ.

کە وام وت، لە قاقای پێکەنینی دا، وتی: هەر ئەوە مابوو، ئەم ناوەشم بە دوا بخەن!

وتم: کەواتە پێمان بڵێ چیت لەو پیرەژنە بە ساڵا چووە کردووە وا هۆگری تۆ بووە، تۆش هەرجارێك بیبینیت، پێنج مەناتی دەدەیتێ.

وتی: نازانم چۆن پێتان بڵێم.

کاروانیش وتی: وەکو خۆی بۆمان بگێڕەوە و درۆمان لەگەڵ نەکەیت.

ئەویش وتی: جاری پێشوو کە بۆ ئێرە هاتم، دوو برادەری تریشم لەگەڵ بوو، لەم شوێنەی کە ئێستا لێین، نیشتەجێ بووین. ئێوارەیەك ئەوان خەوتبوون، خۆم گۆڕی و هاتمە بازاڕ، بە تەنیا هەندێك پیاسەم کرد، دوایی چوومە ڕیستوڕانتی (میترۆ کافێ) سەری خۆم گەرم کرد، بتڵێك ڤۆدگام داوا کرد، ئەو کچە گارسۆنەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرد، زۆر جوان بوو، لە خۆشی ئەو خۆم لە بیر کرد و هەموویم

خواردەوە. کاتێك هەڵسام ڕۆیشتمە دەرەوە، کۆنترۆڵی خۆم لە دەست دابوو، بەم لادا دەچووم. لە کاتی گەڕانەوەم بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونمان، لەم بالاخانەیەی کە ئێستا لێی دابەزیوین، چاوم بەو پیرەژنە هێلکە فرۆشە کەوت، لە هەمان ئەم شوێنەی کە ئێستا هێلکەی لێدەفرۆشێت. لە پێش چاوم بووە ژنێکی جوان و جاحێڵ، دڵم بۆی چوو، پێم وت (لە بالاخانەیەکی نزیك ئێرە نیشتەجێم، هەندێك کارم پێتە، ئەگەر لەگەڵم بێیت، پارەت دەدەمێ). کە وام پێی وت، بێ ئەوەی بپرسێت چ کارێکم پێیەتی، لەگەڵم هات. کە بردمە ژوورەوە، باوەشم پیا کرد و لە سەر تەختەی خەوتن درێژم کرد و سێکسم لەگەڵی کرد.

وتم: کە هاوڕێکانت ئێوەیان بە یەکەوە بینی چیان نەوت؟

ئازاش وتی: هاوڕیکانم خەوتبوون، لەگەڵ دەنگی من و پیرەژنەکە لە خەو هەڵسان، کە پیرەژنەکەیان بە ڕووتی بینی، ئەوانیش بردیانە ژووری خۆیان و سێکسیان لەگەڵ کرد. کە تەواو بووین، سی مەناتمان پێیدا، زۆرمان لێیکرد تا وەریگرت، وتی: ئێوە چاکەیەکی واتان لەگەڵ کردووم تاکو مردن لە بیری ناکەم.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: بۆیە هەر جارێك تۆ دەبینێت، چاوی دەخاتە ناو چاوەکانت، تومەز چاوی لێیە چاکەیەکی لەگەڵ بکەیت.

ئازاش وتی: ئەوکات سەرخۆش بووم، ئاگام لەخۆم نەبوو، ئەگینا چۆن لەگەڵ پیرەژنێکی سەر سپی وەکو نەنکم دەخەوتم.منیش بە گاڵتە پێم وت: ئەگەر خوا لێت خۆشبێت، لە بەر نزای ئەم پیرەژنە سەرسپییە لێت خۆش دەبێت، چونکە دڵیت خۆش کردووە.

کاروانیش وتی: چوونە بەهەشتی چی، لە ڕۆژی قیامەت لە بەر ئەم گوناهە گەورەیە بە ئاگری دۆزەخ دەیسووتێنن.

ئازاش وتی: بۆچی خۆتان بەم بابەتە سەرقاڵ کردووە، ئەگەر بچمە بەهەشت یانیش دۆزەخ بە ئێوە چی.

کـاروانیش وتــی: گریمـان تـۆ سـەرخۆش بوویـت و نـەتزانی، وەکـو ژنێکـی جـوان و جاحێـڵ هاتـە پـێش چـاوت، هاوڕێکانـت خـۆ سـەرخۆش نەبوون، ئەوان بۆچی لەگەڵی خەوتن؟

ئازاش وتی: ئەوان غەشـیم بـوون، نەیانـدەزانی ئێـرە پـڕە لـە ژنـی سۆزانی، کە چاویان پێیکەوت، وەکو ئاژەڵ پەلاماریان دا.

وتم: کە ڕووتت کردەوە و لەگەڵی جووت بوویت، هیچی نەوت؟

ئازاش وتی: زۆر تامەزرۆ بوو، لە خۆشیان دڵی لە سەد و بیست لێی دەدا. کە لێبوومەوە، نیوچەوانی ماچ کردم و وتی: ئەو چاکەیەت لـە بـیر ناکەم.

کـاروانیش بـە پێکەنینــەوە وتــی: خێـرت دەگـاتێ جـارێکی تـریش چاکەی لەگەڵ بکە.

ئازاش وتی: بۆچی تۆ لەجیاتی من ئەو چاکەیەی لەگەڵ ناکەیت؟

ئەویش وتی: ئاخر ئەو تامی لە کێری تۆ وەرگرتوە و تەنها دڵـی بـە تۆ خۆش دەبێت. ئازاش وتی: با ئەم بابەتە دابخەین و باسی شـتێکی تـر بکەین.

# ژنەکەی میترۆ کافێ

لە نزیك ئەو باڵاخانەیەی کە ئێمە لێی نیشتەجێ بووین، کافێیەکی خنجیلانەی لێبوو، لە ژێرزەمینی باڵاخانەیەك لە نزیك وێستگەی میترۆ بوو، هەر بۆیە ئەم ناوەی لێ نرابوو. زۆربەی ئێواران دەچووینە ئەوێ، یەکی دوو بتڵ بیرەمان دەخواردەوە. نرخی خواردن و خواردنەوەکانی لە چاو شوێنەکانی تر زۆر کەم بوو، هەرجارێك بڕۆیشتبانە ئەوێ، هەندێك بیرە و زەڵاتە و پەتاتەی سوورکراو و پەنیری قاشکراومان بە دە مەنات دەخوارد.

لەو کافێ یە دوو کچ مەیگێڕ بوون، یەك لە یەکیان ناسکتر و جوانتر بوون، یەکێکیان کچێکی سوور و سپی، قژ زەرد بوو، ڕەنگی چاوەکانی شینێکی ئاسمانی بوو، تازە بنی مەمکی دانابوو، تەنوورەیەکی کورتی لەگەڵ تیشێرتێکی پەمەیی نیوقۆڵی یاخە کراوەی لەبەردابوو، کە دەهات و دەچوو، وەك ئەستێرە دەدرەوشایەوە.

ئەوەی تریش کچێکی ئەسمەری باڵا بەرز و خوێن شیرین بوو، قەمیسێکی خۆڵەمێشی نیو قۆڵ و پانتۆڕێکی کاوبۆی مۆدێل نوێی لەبەردا بوو، لە سەر ڕانی تا سەر چۆکی دڕابوو، گۆشتی ڕانەکانی دەتوت گەنمی قەندەهارە لە ناویدا دیار بوون. هەرجارێك بیرەی بۆ دەهێنایین و خۆی

دەچـەماندەوە، مەمکـەکانی وەکـو هــەرمێی بــە دارەوە، بــە لارو لەنجــە دەلەرینەوە.

یەکەم ڕۆژ کە ئەوم بینی، دڵم کەوتە سەری، زۆرم حەز لێ بوو ببێتە هاوڕێم، بەڵام نەمدەزانی چـۆن تێـی بگەیـەنم. هــەرجارێك دەچـوومە ئــەو کافێیە، کە چاوم پێی دەکـەوت، لـە خۆشـی ئـەو، دوو بتـڵ بـیرەم زیـاتر دەخواردەوە، تا زیاتر چاوم پێی بکەوێت.

ڕۆژێك بێ دەنگیم شکاند و نهێنی دڵی خۆمم بـە ئـازا و کـاروان وت. ئازا وتی: وریابە ئێرە شوێنێکی هەستیارە، بـێ لـە ئێمـە خـەڵکێکی تـری لێیە، نەکەیت داوای هاوڕێیەتی لێبکەیت، دوایی خاوەنکەی ئەوە بزانێت، لێرە دەریدەکات و نانی دەبڕێت.

وتم: بیرم لەوە کردۆتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە چەند ڕۆژێکـە دوو دڵـم قسەی لەگەڵ بکەم.

کاروانیش وتی: تۆ لە ئێمـە باشـتری لێـدەزانیت، ئێمـە فکرمـان لـە سەری کێرمانە، ئەو پارە زۆرە بە ژنە لەشفرۆشێك دەدەین و دواییش بـە پێنج خولەك ئاوەکەی بۆ تێدەکەین و هەڵدەستین. بـەڵام تـۆ دەیانکـەیت بە هاوڕێی خۆت و جەوێکی ڕۆمانسی بۆ خۆت دروست دەکەیت.

ئازاش وتی: ئەگەر ئاویان بۆ تێنەکەم دڵم داناکەوێت.

کاروانیش وتی: تۆ باسی خۆت مەکە، ئەو ژنانە بێ ئەقڵن کە لەگەڵ تـۆ دەخـەون، ئـەو شـەوە بـانۆت هێنـدە مانـدوو کـرد، نەخۆشـت کـرد و خسـتتە نەخۆشـخانە. ئــەو دامــاوە پارەیــەی لــە تــۆی دەســکەوت، بــە دەرمانی دا. سەمیرەش لە بەر کێـرت خـۆی ڕانـەگرت و بـە قـوزو قـوونی ڕووتەوە، لە بەر دەستت ڕایکرد.

کە وای وت، بە پێکەنینەوە پێم وت: ئێستاش کە دیمەنی سەمیرەم بە ڕووتی دێتەوە پێش چاو، پێکەنینم دێت، لە دڵی خۆمـدا دەڵـێم دەبـێ ئازا چی لەو کردبێت، وا بە سەر لێشێواوی خۆی بە چێشتخانەکەدا کرد.

کـاروانیش وتـی: دەبـێ چـی لێکردبێـت، قـوزو قـوونی درانـدبوو، بەستەزمانە داوای کلینێکسی لێکردین، تا خوێنی دامێنی خـۆی پـێ پـاك بکاتەوە.

کەوای وت: ئـازا وتـی: دووجـار لـە پێشـەوە سێکسـم لەگـەڵ کـرد، ویستم لە دواوەش لەگەڵی بکەم، دەسـتی لـە سـەر دانـا، نـەی دەویسـت بخەمە ناوی، بەڵام من گوێم پێی نەدا و بە زۆری بۆم پاڵدا.

کاروانیش وتی: بۆیە کە منـیش بردمـە ژوورەوە، وتـی: نەکـەیت لـە پشتەوە بێیتە لام.

بە دەم خواردنەوەوە ئەم قسانەمان دەکرد، بـەڵام چـاوەکانم هـەر لەسەر کچە مـەیگێڕە ڕەشـتاڵەکە بـوو، بـیرم لـەوە دەکـردەوە کـە چـۆن خۆمی پێ بناسێنم و بیکەم بە هاوڕێی خۆم.

دوو بتـڵ بـیرەم خواردبـۆوە، داوای بتڵـی سـێیەمم کـرد، کـە بـۆی هێنام، دەستیم گرت و داوام لێی کرد بە مۆبایلەکەم وێنەیەکمان بگرێـت. ئـەویش مۆبایلەکـەی لێـوەرگرتم و چـەند وێنەیـەکی بـۆ گـرتین و دایـەوە دەسـتم و وتـی: سـەیری وێنـەکان بکـە، ئەگـەر بـە دڵـت نـەبێ، بۆتـان دەگرمەوە.

هەرچەند من مەبەستم وێنەکە نەبوو، بەڵکو دەمویست بەو بیـانووە خۆمی لێنزیك بکەمەوە و بیدوێنم. بۆیە بێ ئەوەی سەیری وێنەکان بکەم، پێم وت: وێنەیەك کە تۆ بەم دەستە ناسکانەت گرتبێتت، هیچ گومانی تیا نیە کە ناوازە دەبێت.

کەوام وت، بە زەردەخەنەیەکـەوە وتـی: سووپاسـی هەسـتی پاکـت دەکەم، بۆ ئەو متمانەیە.

منـیش وتم: لـە یەکـەم ڕۆژەوە کـە تـۆم بینـی سەرسـام بـووم بـە جوانیەکەت، حەزدەکەم ببینە هاوڕێ و ژمارەی مۆبایلەکەتم پـێ بـدەیت، تا پەیوەندیت پێوە بکەم.

کـەوام وت، مۆبایلەکـەی لێـوەرگرتم و ژمـارەی خـۆی نووسـی و نووکەیەکیشی بۆ خۆی لێدا و دایـەوە دەسـتم و وتـی: ئەمـە ژمارەکەمـە، بەناوی مەهیٚ لای خۆت تۆماری بکە، منـیش ژمارەکـەت لای خـۆم تۆمـار دەکەم ، کە گەڕامەماڵەوە بە واتس ئاپ قسەت لەگەڵ دەکەم.

ئەمەی وت و ڕۆیشتەوە شوێنی خۆی.

ئازا وتی: ئافەرین بـۆ تـۆ، ئێمـەش بـە خۆمـان دەڵـێین پیـاو، تـاکو ئێسـتا کچـێکی وەهـا جـوان نەبۆتـە هاوڕێمـان، تـۆ لای خـوابیٚ زمـانی تورکیش باش نازانیت، کەچی توانیـت ئـەو کچـە ڕازی بکـەیت و بیکەیتـە هاوڕێی خۆت.

کاروانیش وتی: لە خزمەتت دامە، هەر شتێکت لیٚ عاسـیٚ بـوو، پـێم بڵیٚ، لەجیاتی گۆگڵ قسەکانتان بۆ وەردەگێڕم.

منیش وتم: چەند وشەیەك دەزانم، جـاریٚ بـەڕی خـۆمی پـیٚ لـە ئـاو دەبەمە دەرەوە، بەلاٚم ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوو پێویستم پێت بێت.

ئێمـە لـەم قسـانەدا بـووین، دەنگـی مۆبایلەکـەم هـات، نامەیـەکم بۆهات. کە سەیرم کرد، مەهیٚ بـە واتـس ئـاپ وێنەیـەکی خـۆی و دڵێکـی سووری بۆ ناردم.

منیش وێنەیەکی خۆم و گوڵێکی سوورم بۆی ناردەوە.

کـاروان کـە ئەمـەی بینـی، وتـی: مـادام وێنـەی خـۆی بـۆ ناردیـت، لەگەڵت دێتە دەرەوە.

ئـازاش وتـی: لـەو بـاوەڕەدا نـەبووم ڕازی بێـت، ئـەو بچـووکە، بـە مەکەکانی دیارە، بە قەد پرتەقاڵێکن، لەوە ناچیٚ کەس دەستی لێدابن.

کاروانیش وتی: ئەگەر لەگەڵ خۆتت بـرد، وریابـە نەیکەیتـە ژن، بـا تووشی کێشەیەك نەبیت.

منیش وتم: تۆ چی دەڵێیت، من بە نیاز نـیم لەگـەڵی بخـەوم، تـەنها دەمـەویٚ لەگـەڵی بچـمە ڕۆخـی دەریـا و لـە ئـامێزی خـۆمی بگـرم و

لێوەتەنکەکانی بمژم و جووت شەمامەکانیشی بگوشم و چل ڕێساکەی خۆشەویستیی شەمسی تەبریزی و جەلالەدینی ڕۆمی فێربکەم، کە لە دونیادا بۆتە هەوینی چیڕۆکی خۆشەویستی.

کە هاتینە دەرەوە، پەیوەندیم پێوە کرد و داوام لێیکرد، سبەی بەیەکەوە بچینە ڕۆخی دەریا و لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ بەیەکەوە بین.

وتی: بیرۆکەکەی پێ باش بوو، وتی: بەیانی کاتژمێر دە، لە بەرامبەر (میترۆ نیزامی) چاوەڕێت دەکەم. ئەو شوفێرەی کە تۆ بۆلای من دێنێ، مۆبایلەکەتی پێ بدە، با قسەم لەگەڵ بکات، شوێنی خۆمی پێ دەڵێم.

ئەوەبوو، بۆ ڕۆژی دوایی، پاش نانخواردنی بەیانی، خۆم گۆڕی، بەرلەوەی بڕۆمە دەرەوە، بە کاروانم وت: خۆت دەزانی، زمانی تورکییەکەم زۆر باش نیە، ئەمڕۆ ژوانم لەگەڵ کچەکەی میترۆ کافێیە و تا دوای نیوەڕۆ بە یەکەوە دەبین. لە مۆبایلەکەت دوور مەکەوە، کە پەیوەندیم پێوە کردیت، ئەگەر مانای شتێکم نەزانی، تۆ بیکە تورکی و لەجیاتی من پێی بڵێ.

کاروانیش وتی: هەر تۆ و ئەوەندە، لە خزمەت دامە، گرینگ ئەوەیە تۆ کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەو کچە بەسەر ببەیت.

پیاوێکی بە تەمەن، ناوی قەهرەمان بوو، پێشتر لە سەردەمی حوکمڕانێتی یەکێتی سۆڤێت، کاری کردبوو، کەسێکی کۆمۆنیست بوو، دوای جیابوونەوەی ئازربایجان لە یەکێتی سۆڤێت و خانەنشین بوونی، دەستی کردبوو بە کاری تەکسی. ئازا لە گەشتەکەی یەکەم جاری ئەوی ناسی بوو، کە گەیشتینە باکۆ، بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتباین، تەلەفۆنی بۆ ئەو دەکرد، لە لامان ئامادە دەبوو، لەگەڵی دەڕۆیشتین. جا ئەوەبوو بۆ چوونە دەرەوەم لەگەڵ مەهیێ، بە ئازام وت، کە تەلەفۆن بۆ شوفێری تەکسییەکە بکات و تێی بگەیەنێت کە بمباتە میترۆ نیزامی بۆ لای مەهیێ هاوڕێم.

که وام پێی وت، پەیوەندی پێوە کرد و داوای لێکرد کە لە لامان ئامادەبێت.

هێندەی پێ نەچوو، لە بەردەم بالآخانەکەمان ئامادە بوو. بەر لەوەی بڕۆین، ئازا پێی وت: ئەم هاوڕێیەم ئەمانەتی تۆ بێت، ئەو وەکو من زمانی تورکی باش نازانێت، بۆیە هەر خۆت بە مۆبایلەکەی ئەو پەیوەندی بە کچەکەوە بکە و ناونیشانی شوێنەکەی لێوەربگرە، دوای هەڵگرتنی کچەکە، هەردووکیان بۆ شوێنێکی خۆش و دوور لە چاوی خەڵکی ببە، بۆ ئەوەی چێژ لە یەکتری وەربگرن.

ئیتر ئەوەبوو، سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم و لەگەڵ قەهرەمانی شوفێر چووینە دوای مەهیێ.

کە گەیشتینە (میترۆ نیزامی)، قەهرەمان وتی: ژمارەی مۆبایلی ئەو ژنەم پێ بدە، تا پەیوەندی پێوە بکەم، تا شوێنی خۆیمان پێ بڵێت و هەڵی بگرین.

منیش ژمارەی مۆبایلەکەی ئەوم دایە و پێم وت: کە قسەت لەگەڵ کرد، ئەوەشی پێ بڵێ کە تەواو بووین هەر لەگەڵ تۆش دەگەڕێینەوە.

پەیوەندی پێوە کرد و ناونیشانی شوێنەکەی لێوەرگرت و چووینە ئەوێ.

کە گەیشتینە شوێنەکە، ڕووی لە من کرد و وتی: من ئەو ژنە ناناسم، ئێرە ئەو شوێنەیە کە پێی وتم، سەیری شوێنی ڕاوەستانی پاس بکە، بزانە کام لەم ژنانەی دانیشتوون، هاوڕێیەکەی تۆیە، ئیشارەتی بۆ بکە، با بێتە لای ئۆتۆمبێلەکە.

منیش جامی لای خۆم هێنا خوارەوە و دەستم لە ناوی دەرهێنا و بەدەنگێکی بەرز بانگم کرد و وتم: مەهیێ ئێمە لێرەین.

بەرلەوەی بێتە لامان، قەهرەمان شووشەیەك گوڵاوی لە دەشبوولی ئۆتۆمبێلەکەی دەرهێنا و هەندێك بۆنی پرژاندە دەموچاوم و جل و

بەرگەکانم و وتی: ئەم بۆنە تایبەتیە، ژنانی باکۆ زۆر پێیان خۆشە، هەستی ڕۆمانسییان پێی دەبزوێت.

کە مەهیّ هات، قەهرەمانی شوفێر پێی وت: لە ڕۆخی دەریا شوێنێکی خۆشی لێیە، دەتانبەم بۆ ئەویّ، بە یەکەوە کاتێکی خۆش بە سەر ببەن، کە تەواو بوون، لەویّ دوور مەکەونەوە، چاوەڕوانم بکەن، دوای سیّ کاتژمێری تر دێمە لاتان و هەڵتان دەگرم.

ئەمەی وت و سەری هێنایە ژێر گوێم و بە پێکەنینەوە وتی: ژنێکی جوان و ناسکت هەڵبژاردووە، لەوەناچیّ پێشتر لەگەڵ کەس خەوتبێت، دەستبازی لەگەڵ بکە، تا چێژت لێوەربگرێت، ئینجا بۆی بخە ناوی و وردە وردە بۆی پاڵدە.

نەمزانی چی وەڵام دەمەوە، تەنها بزەیەکم کرد و هیچم نەوت.

دوای ئەوە ڕووی لە مەهیّ کرد و پێی وت: ئەم پیاوە تۆزێک شەرمنە، ئەمانەتی تۆی دەکەم، بیّ دڵی مەکە، جەوێکی خۆشی بۆ دروست بکە، چێژێکی خۆشی پیّ ببەخشە.

مەهێش وتی: بیّ گومان وا دەکەم، ئەوم بە دڵ نەبووایە، لەگەڵی نەدەهاتمە دەرەوە.

ئیتر ئەوەبوو، ئێمەی بردە شوێنێك لە ڕۆخی دەریا، کۆمەڵێك داری گەورەی لێبوو، لە نزیك ئەوێش ڕیستورانتێکی لێبوو، ئێمەی لەویّ دانا و وتی: لە ژێر یەکێك لەم دارانە دابنیشن، بیّ دڵی خۆتان مەکەن لە ئێوە بەو لاوە کەسی تری لێنیە، کە تەواو بوون، بڕۆنە ئەو ڕیستورانتە هەموو شتێکی هەیە، چیتان حەز لیّ بوو بیخۆن، دوای سیّ کاتژمێری تر دەگەڕێمەوە لاتان.

بەم شێوەیە، ئێمەی بەجیّ هێشت و ئێمەش دەستی یەکتریمان گرت و ڕۆیشتینە ژێر دارێك دانیشتین.

مەهیّ خۆی زۆر جوان ڕازاندبۆوە، قەمیسێکی سووری یاخە کراوەی لەگەڵ تەنوورەیەکی ڕەشی قەترانی کورتی لەبەر کردبوو، قژیّ تا سەر

سمتی هاتبوو، شەڕی لەگەڵ تەنوورەکەی دەکرد. جووتە شەمامەکانی لە ناو قەمیسەکەی بە قەد لیمۆ بوون، لەگەڵ جووڵە و بزەی لێوەکانی دەلەرینەوە، هەروەها تەنوورەکەی هێندە کورت بوو، کە قاچەکانی لە سەر یەکتری دادەنا، ڕانەکانی تا ژێر سمتی بە دیار دەکەوتن. کە دەستم دەخستە ناو سوخمەی و مەمکەکانیم دەگوشین، لە خۆشیان موچڕك بە لەشیدا دەهات، ناوە ناوەش دەمم دەخستە ناو دەمی و لێوە تەنکەکانیم دەمژی، دەستێکیشم لە سەر ڕانە نەرم و نۆڵەکانی بوو، مەساجم بۆی دەکرد و بەدەم دەستبازییەوە چیرۆکی خۆشەویستی جەلالەدینی ڕۆمی و شەمسی تەبریزیم بۆی دەگێڕایەوە.

کە وشەیەکم لێ عاسی دەبوو، تەلەفۆنم بۆ کاروانی هاوڕێم دەکرد و مۆبایلەکەم دەکردە سەماعەی خارجی و لێم دەپرسی، ئەویش قسەکانی منی بۆ مەهی دەکردە تورکی و قسەکانی ئەویشی بۆ دەکردمە کوردی. زۆرجارانیش مۆبایلەکەی خۆمم لەگەڵ ئەو بە کراوەیی دەهێشتەوە و پێم دەوت: چیت پێ دەڵێم وەکو گۆگڵ وەری بگێڕەو بۆ مەهێی باس بکە و دواییش قسەکانی ئەویش وەربگێڕە و پێم بڵێ.

بە بەژن وباڵای مەهێم داهەڵدا و پێم وت: تۆ کچێکی جوان و جاحێڵی، لەوەناچێت پێشتر لەگەڵ کەسێك خەوتبیت.

کەوام پێی وت، هیچ وەڵامی نەبوو. کە سەیری چاوەکانیم کرد، کەوتبووە خەیاڵێکی قووڵەوە، زەینی لای من نەبوو. منیش پێم وت: تۆ لێرە نیت، خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

کە وام پێی وت، مۆبایلی خۆی دەرهێنا و چووە ناو ستۆدیۆ و ئەلبومی وێنەکانی خۆی پیشاندام. وێنەی خۆی و منداڵێکی شەش ساڵانی پیشان دام و وتی: ئەم منداڵە هی منە، بە تەنیا لە ماڵەوە بەجێم هێشتووە، بیرم لای ئەوە.

کەوای وت، حەپەسام، پێم وت: باوەڕناکەم!

که وام پێی وت، به پێکەنینەوە وتی: بۆچی پێمەوە دیار نیە؟

منــیش وتم: هــەر کەســێك بتبینــێ، هەســت ناکــات کــە پێشــتر هاوسەرگیریت کردبێت.

ئەویش وتی: هاوسەر گیرم نەکردووە.

منیش وتم: ئەی ئەو منداڵە لە کوێ هات؟

وتی: ئەم منداڵە بەرهەمی یەکەمین ئەزموونی سێکسیمە.

وتم: چۆن؟

وتی: هـەرزەکار بـووم، تەمـەنم لـە نێـوان شـانزە بـۆ حەڤـدە سـاڵ دەبوو، کوڕێکم ناسی، تەنها جارێك لەگەڵی خەوتم، ئەم منداڵەم لێی بوو، دوای ئەوە نەم بینییەوە.

ئەمـەی وت و چـاوەکانی پـڕی ئـاو بـوون، منـیش کلینێکسـێکم لـە گیرفـانم دەرهێنـا و بـە دەسـتەکانم فرمێسـکەکانیم سـڕیەوە و پـێم وت: خەفەت مەخۆ، تۆ هێشتان منـداڵیت، دەرفـەتی زۆرت لـە بـەردەم مـاوە، دەتوانیت قەرەبووی بکەیتەوە.

وتی: ئەوەی بە سەرم هاتووە، هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە.

پێم وت: با بچین بۆ ڕیستورانتەکە، ئاوێك بە دەموچاوت دابکـە، تـا شوفێرەکە دێت، بە یەکەوە قاوەیەك دەخۆینەوە.

دەستیم گرت و بە پیاسە بۆ ڕیستورانتەکە ڕۆیشـتین. نزیکـەی نیـو کاتژمێر لەوێ دانیشتین، بە دەم قاوە خواردنـەوە، هەنـدێك قسـە خۆشـم بۆی کرد و بە پێکەنینم هێنا. بە مۆبایلەکەم هەندێك وێنەمان بـە یەکـەوە گـرت و دواتـر تەلـەفۆنم لەگـەڵ قـەهرەمانی شـوفێر کـرد و پـێم وت: لـە بـەردەم ڕیسـتورانتەکە ئامـادە بێـت، بـۆ ئـەوەی بگەڕێینـەوە شـوێنی خۆمان.

بەرلەوەی شوفێرەکە بێت، دوو سەد مـەناتم لـە گیرفـانم دەرهێنـا و دامە دەستی و پێم وت: ئەوە بۆ تۆ.

سەد مەناتی دایەوە دەستم وتی: ئەمە زیادە.

سەد مەناتەکەم لێی وەرنەگرت، پێم وت: بۆ منداڵەکەت خەرجی بکە.

کە وام پێ وت، دەستی خستە سەر دەستم و توند گوشی و وتی: تۆ کەسێکی زۆر باشیت، دڵێکی گەورەت هەیە.

منیش وتم: تۆش ژنێکی هەست ناسك و جوانیت.

ئیتر ئەوەبوو، قەهرەمانی شوفێر تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: لە بەر دەرگای ڕیستورانتەکە چاوەڕێتان دەکەم.

پێش ئەوەی لە ڕیستورانتەکە بێینە دەرەوە، باوەشی پیا کردم و دەمی خستە ناو دەمم و ماچێکی گەرمی لێکردم و وتی: هیوادارم توانیبێتم کەمێك چێژت پێ ببەخشم.

منیش وتم: هیوادارم بە خۆشی بتبینمەوە.

بەم شێوەیە، لە ڕیستورانتەکە هاتینە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین. شوفێرەکە سەرەتا مەهێی گەیاندەوە ناوچەی (میترۆ نیزامی) و لە بەردەم ماڵەکەی دانا، دواتر منی گەیاندەوە ناوچەی (میترۆ خەتائی) بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونم.

هاوڕێکانم، مێزیان بە شەڕاب و ڤۆدگا و پەنیری قاشکراو و زەڵاتەو فستق ڕازاندبۆوە، ئازا و بانۆ لە تەنیشت یەك دانیشتبوون، کاروانیش لە بەرامبەریان بوو، گۆرانی بۆ دەوتن، جەوێکی خۆشیان دروست کردبوو.

کە بانۆ چاوی پێم کەوت، دەستی درێژ کرد و تۆقەی لەگەڵ کردم، منیش باوەشم پیا کردو ڕوومەتەکانیم ماچ کرد.

کاروان کە ئەمەی بینی، بە پێکەنینەوە بە ئازای وت: خۆ براژنی ماچ کرد.

ئەویش بە گاڵتەوە وتی: نازانم ئەو بانۆی لە من مارە کردووە، یان لە خۆی؟

منیش وتم: چەند ڕۆژێکی تر ئێمە دەگەڕێینەوە هەولێر و بانۆش لێرە دەمێنێتەوە، چۆن تۆ لە (چەنە قەلأ) لە باوەشی پیاوێك دەرت هێنا، یەکێکیش دەبێت چاوێکی لێ بتروکێنێت و بۆ خۆی ببات.

ئەویش وتی: مەبەستت چیە؟

کاروانیش بە پێکەنینەوە وتی: بۆچی تێناگەیت، مەبەستی ئەوەیە، تا جارێکی تر دێیتەوە لای، پیاوەکانی چەنە قەلأ سکیت بۆ پڕ دەکەن.

ئەویش وتی: بۆچی من گەوادم؟

منیش وتم: بۆ ئەوەی ڕزگارت بێت و کلأوت بۆ نەدوورن، باشترین شت ئەوەیە، پێش گەڕانەوەمان، دەستی لێهەڵبگریت و تەلأقی بدەیت.

بانۆ نەیدەزانی ئێمە باسی چی دەکەین، وایدەزانی ئازا ئیرەیی پێ بردووە کە من ماچم کردووە، بۆیە وتی: مەترسە، من هاوسەری تۆم، لە تۆ زیاتر کەسی ترم خۆش ناوێ، ئەوانم وەکو برای خۆم خۆش دەوێ.

کە وای وت، کاروان ڕووی لە ئازا کرد و پێی وت: تێگەیشتی بانۆ چی دەڵێ، ئەو هاوسەری تۆیە، دەبێ نەفەقەی بدەیتێ.

ئازا ڤۆدگای زۆر خواردبۆوە، سەرخۆش بوو، ئاگای لە خۆی نەبوو، کە چی دەڵێت، باوەشی بە بانۆدا کرد و وتی: تۆ هاوسەری منی، ئەگەر بشگەڕێمەوە هەولێر، لە بیرت ناکەم، مانگانە دوو سەد دۆلارت بۆ دەنێرم.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، بانۆ پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ هات. ئازا پێی وت: خۆ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە؟

بانۆش وتی: دایکم لە سەر خەتە، بزانم چی دەوێت.

ئەمەی وت و ڕۆیشتە دەرەوەی ژوورەکە.

کاروانیش بە پێکەنینەوە بە ئازای وت: ژنێکی بەخشندەت هەیە، بزانە کێ پێویستی پێیەتی تا ڕۆنی بۆ بگۆڕێت، بۆیە ڕۆیشتە دەرەوە.

ئەویش وتی: بانۆ ژنێکی ڕاستگۆیە، لە شتی وا ناوەشێتەوە، هەموو شتێکی بۆ من باس کردووە. ماوەیەکی زۆر نیە لە هاوسەرەکەی جیا بۆتەوە، بە حەرامی لەگەڵ کەس نەخەوتووە.

کاوانیش وتی: ئەوانە کۆمۆنیستن، چوزانن حەڵاڵ و حەرام چیە.

ئازاش وتی: هەرچەند ئەوان پێشتر لە ژێر حوکمڕانی یەکێتی سۆڤێت بوون، بەڵام ئەوەش لەبیرنەکەیت، ئەوان موسڵمان و شیعە مەزهەبن، وەکو ئێمە باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەر هەیە.

بانۆ گەڕایەوە لامان و ڕووی لە ئازا کرد و پێی وت: کچەکەم نەخۆشە، دەبێ هەر ئێستا بگەڕێمەوە و بیبەمە نە خۆشخانە.

کە وای وت، کاروان ڕووی لە ئازا کرد و وتی: چیم پێوتی، نەم وت کڵاوت بۆ دەدورێت، هێشتان تۆ بەجێت نەهێشتووە، خەڵکی تری بە ڕادان داوە، ئەی کە بەجێتهێشت دەبێ چی بکات.

ئازاش وتی: متمانەم پێی هەیە، هیچ شتێکم لێناشارێتەوە، پێشتر پێی وتوومە کە منداڵێکی ساوای لە هاوسەری پێشووی هەیە.

کاروانیش وتی: من ئەم بینە و بەردەیە نازانم، بە جوانیەکەی سەرسامم، بە بیانووی خواحافیزی باوەشی پێدا دەکەم و ماچی دەکەم.

ئازاش وتی: ئەو هاوسەری منە چۆن ماچی دەکەیت.

کاروانیش بە پێکەنینەوە وتی: ئەی منیش برای تۆ نیم، وەکو براژنی خۆم ماچی دەکەم.

ئەمەی وت و هەڵسایە سەر پێ و باوەشی پیا کرد و ڕوومەتەکانی ماچ کرد و دەمیشی خستە ناو دەمی و لێوەکانی مژی و پێی وت: بەخێرچیت، بە هیوای سەلامەتی بۆ کچەکەت.

کە ئازا ئەم دیمەنەی بینی، چاوی زەق بۆوە و هیچی نەوت.

## تەنها گەوادی بۆ مایەوە

پاش ئەوەی بانۆ بە بیانووی نەخۆشی کچەکەی ئازای بەجێ هێشت و ڕۆیشت، ئازا لیستێکی لە گیرفانی دەرهێنا، ناوی کۆمەڵێك ژنە ئـازەری تیا نووسرابوو. یەك یەك تەلـەفۆنی بـۆ کـردن و بـە هـەر هـەموویانی وت: **(ئەم شەو وەرە)**.

پێم وت: ئەم هەموو ژنەت بۆ چیە، خۆ لێمان نـەبوویت بـە هاڕوونـە ڕەشید.

ئازاش وتی: تەنها بۆ خۆم نیە، بۆ ئێوەشمە، ئـەم شـەو هـەموویان تاقیدەکەینەوە.

وتم: بـە تـەمای مـن مەبـە، حـەزم لـە سێکسـکردن نیـە، بۆیـە منـی لێدەربێنە.

که ئەمەم وت، ڕووی لە کاروان کرد و پێی وت: ئەی تۆ؟

ئەویش وتی: ئەی بۆچی هاتووین، مەگەر بۆ مێبازی نەبێت.

ئازاش بە پێکەنینەوە وتـی: کەواتـە مـن و تـۆ بـە نـۆرە سێکسـیان لەگەڵ دەکەین، ئەویش با بۆ خۆی لـە بەرامبـەر تەلـەفزیۆن دابنیشـێت و سەیری فلیمی کارتۆن بکات.

منیش وتم: لە خواردن و خواردنەوەدا بەشداریتان لەگەڵ دەکەم.

کاروانیش وتی: چۆن بانۆت لە ئازا مارە کرد، ژنێکی جوانیش لە من مارە بکە، با لە باکۆ ژنێکم هەبێت.

منیش وتم: حەزدەکەیت هەموویانت لێ مارە دەکەم.

ئازاش وتی: یەکێك لەو ژنانە ناوی ناتالیایە، بە ڕەچەڵەك ڕووسە، ژنێکی جوان و قسە خۆشە، ئەو لە من مارە بکە، ئەوانی تریش لە کاروان مارە بکە.

کە ئازا ئەمەی وت، کاروان ڕووی تێکردم و وتی: ئەگەر بتەوێ، یەکێك لەو ژنانە لە تۆ مارە دەکەم، با تۆش وەکو ئێمە ژنێکت لە باکۆ هەبێت.

منیش وتم: من نامەوێ هیچ ژنم لە باکۆ هەبێت، بۆ من ئەوەندە بەسە کە هاوڕێیەکی وەکو مەهێ و کچە گوڵفرۆشەکەی چەنە قەلاّم لێرە هەبێت.

ئیتر ئەوەبوو، دوای تۆزێك زەنگی مۆبایلەکەی ئازا لێی دا، هەڵی گرت و قسەی لەگەڵ ژنێك کرد و پێی وت: لە شوێنی خۆتان ڕاوەستن، ئێستا دێمە لاتان.

ئەمەی وت و ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: دەزانن کێ بوو تەلەفۆنی کرد.

کاروانیش وتی: کێ بوو؟

ئازاش وتی: ناتالیا بوو، سەفنێجیشی لەگەڵ هاتووە.

کاروانیش وتی: زانیمان ناتالیا ژنێکی جوانە و ڕووسییە، ئەی ئەو سەفنێجە ژنێکی چۆنە؟

وتی: بە تەمەن لە ناتالیا بچووکترە، وەکو ئەو جوانە، بەلاّم ئازەرییە.

کاروانیش وتی: کەوابێت ئەویش بۆ من.

ئازاش وتی: ئەگەر بە دڵت نەبوو، هی تریش بە ڕێگاوەن، ژنی زۆر جوانیان تیایە، کامەیانت بە دڵ بوو، بۆ خۆت بیبە.

بــە پێکەنینــەوە وتم: هــەردووکتان لێمــان بــوون بــە ڕاســپۆتین، دەتانەوێ بە حەفتەیەك لەگەڵ هەموو ژنە لەشفرۆشەکانی باکۆ بخەون.

ئەمەو ئازا ڕۆیشتە دەرەوە، دوای کەمێك لەگەڵ دوو ژنی بالاّ بەرز و شۆخ و شەنگ گەڕایەوە لامان و ئێمەی بە یەکتری ناساند. دوای ئەوە لـە تەنیشت ناتالیا دانیشت و سەفنێجیشی تەسلیمی کاروان کرد.

ناتالیـا ژنێکـی دەم بـە خەنـدە و ڕۆح سـووك بـوو، هەرچـەند لـە سـەفنێج بـە تەمـەنتر بـوو، بـەلاّم تێکـەڵاو بـوو، دەتـوت دە سـاڵە ئێمـە دەناسێت، لەگەڵمان بە تەواوەتی گونجا بوو.

سەفنێجیش تەمەنی لە دەور و بەری سی ساڵ دەبوو، ژنێکی سـپی و تەنك و خوێن شیرین بوو، لە هـەڵس و کەوتـەکانی دیـار بـوو، خـۆی بـە کچی ناتالیا دەزانی و بە ڕێزەوە سەیری دەکرد.

ئازا ڕووی تێکردن و وتـی: هـەموو جـۆرە خواردنەوەیـەکمان هەیـە، چی دەخۆنەوە تا بۆتان بێنین؟

ناتالیاش وتی: بۆ من ڤۆدگا بێنە.

ئازاش وتی: دەمزانی تۆ حەزت لە ڤۆدگایە، بۆیە بۆم هێناویت.

ئەمــەی وت و ڕووی لــە ســەفنێج کــرد و پێــی وت: ئــەی تــۆ چــی دەخۆیتەوە؟

ئەویش وتی: من شەڕاب دەخۆمەوە.

ئازاش وتی: شەڕابێکمان کڕیوە بە ناوی تۆیە.

ئـەویش بـە پێکەنینـەوە وتـی: منیـان خـۆش دەوێ بۆیـە بـە نـاوی منیان کردووە.

کــە وای وت، ڕووم تێــی کــرد و وتم: منــیش وەك تــۆ حــەزم لــە خواردنەوەی شەڕابە.

کاروانیش پێی وتم: ئەگەر دڵت لایەتی، با بۆ تـۆ بێـت، پەلـەم نیـە، دواتر لەو ژنانەی کە دێن، یەکێك بۆ خۆم هەڵدەبژێرم.

منیش وتم: چاوم لە هیچیان نیە، با بۆ تۆ بێت،تەنها لە خواردنـەوە بەشداریتان لەگەڵ دەکەم.

کەوام وت، کاروان لـە سـەفنێج نزیـك بـۆوە و دەسـتی خسـتە سـەر شانی و ماچێکی لە ڕوومەتـەکانی کـرد و پێـی وت: تـۆ ڕازیـت لـە خۆمـت مارە بکەم؟

سەفنێج کـە گـوێی لـە وشـەی مـارەکردن بـوو، بـە سەرسـوڕمانەوە وتی: مەبەستت چیە، تۆ بەڕاستی دەتەوێ بمکەیتە هاوسەری خۆت.

بەرلەوەی کاروان وەلأمی بداتەوە، ئازا ڕووی تێکرد و وتـی: خۆتـان دەزانن ئێمە موسڵمانین، سێکسکردن لەگەڵ ژن بە بـێ مـارەیی حەرامـە، بۆیە دەمانەوێ ئێوە لە خۆمان مارە بکەین، تا گوناهبار نەبین.

کە وای وت: ناتالیا بە پێکەنینەوە وتی: ئێمە هـیچ کێشـەمان نیـە، مادام ئێوە واتان پێ خۆشە، با وابێت.

ئیتر ئەوەبوو، هەمان ئەو پەشتەماڵەی کە بانۆم پێی لـە ئـازا مـارە کرد، دەستی کاروان و سەفنێجم پێی داپۆشی و لە یەکتریم مارەکردن.

دوای ئـەوە، تۆقــەم لەگـەڵ کـاروان کـرد پیرۆزبـاییم لێـی کـرد و باوەشیشـم بـە سـەفنێج دا کـرد و ڕوومەتـەکانیم مـاچ کـرد و دەستیشـم خستە ناو سوخمەکەی و مەمکەکانیم گوشی و پیرۆزباییم لێی کرد.

کـاروان ڕووی لــە مــن کــرد و بــە پێکەنینــەوە وتــی: ئەمــە چـۆن مارەکردنێك بوو، بە بەرچـاوی منـەوە ماچـت کـرد و دەسـتت خسـتە نـاو سوخمەکەی، من تەنها گەوادیم بۆ مایەوە!

بە پێکەنینەوە وتم: ئەو براژنی منە، بە مەبەستی پاك ماچـم کـرد و دەستم دایە.

ئازاش ڕووی لە کاروان کرد و پێـی وت: دیـارە بـیرت چـووە، چـۆن هەردووکتان باوەشتان بە بانۆدا کرد و بە نـاوی بـراژن تێـر و پـڕ ماچـتان کرد!

کاروانیش وتی: گاڵته دەکەم، خـوا دەیکـرد لەگەڵیشـی دەخـەوتن، ئێمە بۆ خۆشی هاتووین، ئەم مارەکردنەشمان هەر بۆ خۆشی کردووە.

ئەو شەوە، لە خۆشی ناتالیا، ئـازا ڤۆدگـای زۆر خواردبـۆوە، پـاش ئەوەی ناتالیا و سەفنێجمان بەڕێ کرد، ئازا دەستی کرد بە ڕشانەوە و بە لادا دەچـوو، خـۆی بـۆ نـەدەگیرا. کـاروانیش دەسـتی گـرت و بردیـە لای دەستشۆرەکە و هەندێك ئاوی بە دەموچـاوی دا کـرد و دوایـیش بردیـەوە ژوورەکەی خۆی لە سەر جێگاکەی درێژی کرد.

ئــەو شــەوە کـاروان زۆر بـە زەوق بـوو، لــە خۆشــیان خــەوی لێ نەدەکەوت، دەستی کرد بە گۆرانی وتن، بـە دەنگـە خۆشـەکەی مـەقامی دەوت، منیش بە نـەرمی چـەپڵەم بـۆی لێـدەدا و کۆپڵەیەکیشـم لـە دوای دەوتەوە.

لەو کاتەشدا مۆبایلەکەی ئازا بەردەوام زەنگی لێدەدا، ناوە نـاوەش کورتە نامەیەکی بۆ دەهات. ئەم وەزعە بەردەوام بوو، بۆیـە ناچـار بـووم ســەیری مۆبایلەکــەی بکــەم، بــزانم کێیــە و چــی دەوێ. کــە ســەیری مۆبایلەکـەیم کـرد، ئـەو ژنـە ئازەریانـە بـوون کـە ئێـوارە تەلـەفۆنی بـۆ کردبوون و پێی وتبوون (ئەم شەو وەرن).

کاروانیش کە بینی مۆبایلەکەی ئازام بە دەستەوەیە، وتی: نـەتزانی کێیە ئەم هەموو تەلەفۆنەی بۆ دەکات؟

وتم: ئەو ژنانەن، کە بۆ ئەم شەو بە ڕادانی دابوون.

کە وام وت، بە پێکەنینەوە وتی: لە خۆشی ناتالیا، بە قەد کـەرێکی خواردەوە تا سـەرخۆش بـوو، ئـەی ئەگـەر ئەوانـە هـەموویان بهاتنایـەن ئێستا چیمان دەکرد!

## دەرپێی لەشفرۆشەکان

دوای ئەوەی دوو حەفتە لە باکۆ ماینەوە، بڕیارماندا کە بگەڕێینەوە ئێران و شەوێك لە سەر دەریای خەزەر لە (بەندەر ئەنزەلی) بەسەر ببەین.

ئەوەبوو پەیوەندیمان بە شوفێرە ئێرانییەکە کرد و پێمان وت بەیانی پێش نیوەڕۆ لە مەرزی ئاستارە چاوەڕێمان بکات.

دوای ئەوە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی کەل و پەل و جل و بەرگەکانمان، لە ناو جانتا سەفتمان کردن.

لەو کاتەی کە ئازا خەریکی کۆکردنەوەی جل و بەرگەکانی بوو، چەند دەرپێیەکی ژنانەی بەکارهاتووی بە دەستەوە بوو، بە لووتیەوە دەنان و بە قوولی بۆنی دەکردن و دوایش لە ناو جانتاکەی خۆی دادەنان.

کە ئەمەم بینی، پێم وت: ئەم دەرپێیە کۆنانە چین، بۆچی بۆنیان دەکەیت؟

وتی: ئەمانە دەرپێی ئەو ژنانەن کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵیان خەوتووم و سێکسم لەگەڵ کردوون، بۆ یادگاری لێم وەرگرتوون.

کە ئەمەی وت، کاروانیش دەستی خستە ناو جانتاکەی و دەرپێیەکی سووری ژنانەی دەرهێنا و وتی: منیش ئەم دەرپێیەم لە سەفنێج وەرگرتووە و بۆ یادگاری لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە.

منـیش بـە پێکەنینـەوە پـێم وتـن: بۆچـی بەیەکـەوە پیشـانگایەك ناکەنەوە و ئەو دەرپێیانەی تیا نمایش ناکەن.

ئازاش وتی: تاکو ئێستا، لەگـەڵ هـەر ژنێکـی لەشـفرۆش خـەوتبم، دەرپێکەم لێی وەرگرتووە و لای خۆم هەڵم گرتووە.

منیش وتم: ئەگەر لە بنکەی پشکنین، سەیری جانتاکانیان کـردین و ئەم دەرپێیانەیان لە ناو بینی، پێتان ناڵێن ئەمانە چین.

ئـازاش وتـی: چـی دەڵـێن بـا بیڵـێن، خـۆ مـاددەی هۆشـبەرمان هەڵنەگرتووە، تا سین و جیممان لەگەڵ بکەن.

بەم شێوەیە، ئـەو شـەوەمان بـەڕێکرد و بـەیانی پـێش ئـەوەی ڕۆژ هـەڵبێت، لـە خـەو هەسـتاین و نـانی بـەیانیمان خـوارد و تەلـەفۆنمان بـۆ میهرەبانخـانی خـاوەن شـوقەکەمان کـرد و پێمـان وت کـە دەمانـەوێ شوقەکە چۆڵ بکەین و بگەڕێینەوە کوردستان. ئەویش وتی: کە ڕۆیشتن، لە دوای خۆتـان دەرگایەکـە دابخـەن و کلیلەکـەش بخەنـە ژێـر سـەبەتەی زبڵەکە.

ئیتر ئەوەبوو، جانتاکانمان هێنایە دەرەوە و دەرگاکەشمان لە دوای خۆمان داخست و کلیلی دەرگایەکەشمان خستە ژێـر سـەبەتەی زبڵەکـە و ڕۆیشتین.

## شەوێك لە لێواری دەریای خەزەر

بەیانی زوو، تازە خۆر تیشکە زێڕینەکەی خستبووە سەر زەوی، لەگەڵ قەهرەمان چووینە تەرمیناڵ و لە وێشەوە ئۆتۆمبێلێکمان بە شێست مەنات گرت و لەگەڵی چووینە سەر سنوور. کاتژمێر دەی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە مەرز.

گەشتیارێکی زۆر لە ئازربایجانەوە دەگەڕانەوە ئێران، مەرزی ئاستارە لە گەشتیاران جمەی دەهات. تازە دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاو ببۆوە، میدیا جیهانیەکان باسیان لەوە دەکرد کە لە شاری وەهانی چین ئەم ڤایرۆسە بڵاو بۆتەوە و زۆر بە خێرایی تەشەنە دەکات. ئەم هەواڵە ترس و دڵەڕاوکێی لای خەڵك دروست کردبوو، هەر بۆیە گەشتیارە ئێرانیەکان شڵەژابوون، هەموویان بە جارێك ڕوویان لە مەرزی ئەستارە کردبوو بۆ گەڕانەوە.

شوفێرەکەشمان ناوە ناوە تەلەفۆنی بۆ دەکردین و پرتە و بۆڵەی بوو، دەیوت لە تاریك و ڕوونەوە لە بەر دەرگای مەرز چاوەڕێتان دەکەم، ئێوە لە کوێن، بۆچی نەهاتن.

ئێمەش باسی جەنجاڵی گەشتیارەکان و بارودۆخی مەرزمان بۆی کرد و تێمان گەیاند کە لەوانەیە چەند کاتژمێرێکمان پێ بچێت تا سەرەمان بەردەکەوێت.

ئـەوەبوو، تـا سـەرەمان بەرکـەوت و لـە مـەرز چـووینە دەرەوە، نیوەڕۆمان بە سەرداهات.

شـوفێرەکەمان کـە چـاوی پێمـان کـەوت، بـە دەنگـی بـەرز بـانگی کردین، وتی: لێرەم.

چـووینە لای و جانتاکانمـان خسـتە نـاو سـندووقی ئۆتۆمبێلەکـە و بەڕێ کەوتین.

بەرلەوەی شارۆچکەی ئاستارە بەجێ بهێڵین، شـوفێرەکەمان وتـی: لە دوێنێ شەوەوە بەڕێ کەوتووم، بەیانیش لە چاوەڕوانی ئێـوەدا بـووم، بۆیـە نـانم نـەخواردووە، تـا دەگەینـە بەنـدەر ئـەنزەلیش دوو کاتـژمێرو نیومـان پێدەچـێت، بۆیـە پـێم باشـە بچـینە ڕیسـتورانتێك، پاروێـك نـان بخۆین، ئەوجا بەڕێ بکەوین.

منیش وتم: منیش بەرگەی برسێتی ناگرم.

ئازاش وتی: هەر خۆی ئێمەش برسیمانە.

ئـــیتر ئـــەوەبوو، شـــوفێرەکەمان ئۆتۆمبێلەکـــەی لـــە بـــەردەم ڕیستورانتێك ڕاگـرت و لامانـدا ژوورەوە. پشـوێکی کورتمـان دا و چێشـتی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد و دواییش بەڕێ کەوتین.

تـــا گەیشـــتینە بەنـــدەر ئـــەنزەلی ئێوارەمـــان بـــە ســـەر داهـــات، شوفێرەکەمان وتـی: دوێنـێ بـە تەلـەفۆن ڤێلایـەکم بـۆ گـرتن. هـەرکاتێك بچین ئامادەیە. بەڵام پێم باشە، بـەر لـەوەی بچـینە ئـەوێ، بڕۆینـە سـەر دەریا، تا ڕۆژ ئاوا نەبووە، سـەیری دیمەنـە دڵڕفێنەکـەی دەریـای خـەزەر بکەین و هەندێك وێنەش بۆ یادگـاری لەگـەڵ ئـاوی دەریـا بگـرین. منـیش وتم: ئەگەر دەزانی شوێنی حەوانەمان لێرە نزیکە، با جانتاکانمان دابنێین و ئاوێکیش بـە دەموچـاومان دابکـەین، ئینجـا بـۆ وێنـەگرتن بچـینە سـەر دەریا.

ئەویش وتی: ئەو ڤێلایەی کە بۆم گرتوون، کەمێك لە دەریا دوورە، ئەگەر بۆ ئەویێ بچین، ڕەنگە فریای ئەوە نەکەوین بچینە سەر دەریا. چونکە لێرە بە خێرایی خۆر ئاوا دەبێت و زوو تاریکی دادێت.

منیش وتم: کە ئەوەت دەزانی، بۆچی ڤێلایەکت لە نزیك دەریا بۆ نەدەگرتین؟

وتی: ئێوە داوای ژنتان لێکردم بۆتان بێنم، لێرەش حکوومەت زیاتر لە سەر ئەو ڤێلایانەیە کە لە دەریا نزیکن، بۆیە پێم باش بوو لە شوێنێکی لاچەپ و دوور ڤێلاتان بۆ بگرم، نەوەك تووشی کێشە بین.

ئازاش وتی: لە هاتنمان لە هیچی خۆڕایی لە بازگەی ورمێ سێ کاتژمێر و نیو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، ئەگەر لەگەڵ ژنی لەشفرۆش بمانبینن، هیچ بە زەییان پێمان نایەتەوە، بێ قەید و شەرت دەمانخەنە ژوورەوە و ئابڕومان دەچێت.

بەهەرحاڵ، بەرلەوەی بچینە شوێنی حەوانەوەمان، ڕۆیشتینە سەر دەریا و هەندێك وێنەمان لەگەڵ ئاوی دەریا و ئەو پاپۆڕانە گرت کە لەناو ئاوە بوون.

دوای ئەوە ڕۆیشتینە ناو بازاڕ و هەندێك پێداویستی و نان و خۆراك و میوەمان کڕی. تا گەیشتینەوە شوێنی حەوانەوەمان، شەومان بەسەر داهات، ئەو ڤێلایەی کە شوفێرەکەمان بۆی گرتبووین، لە دوو ژووری خەوتن و هۆڵێکی دانیشتن و گەرماو و چێشتخانەیەك پێك هاتبوو. جانتاو کەل وپەلەکانمان لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و چووینە ژوورەوە. هەوای ژوورەوە گەرم و خۆش بوو. سۆپایەکی غاز بە پێکراوی لە هۆڵی دانیشتنەکە بوو، هەروەها لە چوورەکانی خەوتن و چێشتخانە و گەرماوەکەش ئامێری گەرم کەرەوەی تیا بوو، بە ئاوی گەرم کاری دەکرد.

کـە ئەمــەم بینــی، بــە شــوفێرەکەمانم وت: خــاوەنی ئــەم ڤێلایــە، کەسێکی بە ویژدان بووە، زانیویەتی بەم سەرمایە، لە ڕێگایەکی دوورەوە دێین، بۆیە سۆپاکەی بۆ داگیرساندوین و ژوورەکانی بۆ گەرم کردووین.

ئەویش وتی: ئەمە هیچ پەیوەندی بە ویژدانەوە نیە، لە ئێـران بۆتـە نەریت، کە زستان دێـت، سـۆپاکانمان دادەگیرسـێنین و تـا سـەرما تـەواو دەبێتن نای کوژێنینەوە.

منیش وتم: چۆن بۆتان دەردێنێت، سووتەمەنییێکی زۆری دەوێت.

وتی: لێرە حکوومەت بـە بـۆری غـازی سروشـتی گەیاندۆتـە هـەموو کوچە و کۆڵانێك، بە نرخێکی زۆر کەم پێمـان دەفرۆشـێت، بۆیـە خـەڵکی ئێران لە سەرەتای وەرزی زستان سۆپا دادەگیرسێنن و تـا سـەرما تـەواو نەبێت، نای کوژێننەوە.

ئازاش ڕووی لە شـوفێرەکە کـرد و پێـی وت: واز لـەم بابەتـە بێنـە، باسی ئەو دوو ژنەمان بۆ بکە کە بۆت بە ڕادان داوین، بۆمان وەسف کـە، بزانین جوانن یان نا؟

ئــەویش وتــی: بــە هاوڕێکــەمم وتــووە، دوو ژنــە عەجــەمی ناســك و جوانتان بۆ بێنێ.

ئازاش وتی: پێم باش بوو، دوو ژنمان لەو ژنانە بۆ بێنیت، کە خـۆت دەیانناسیت، نەوەك سەر بە دەزگای ئیتللاعات بن و پەندێکمان پێبکەن.

ئەویش وتی: ترسی ئەوەتان نەبێت، ئەو کەسەی پێم وتووە بۆتـان بێنێ، هاوڕێیەکی کۆنی منە و جێگای متمانەیە.

کاروانیش وتی: گرینگ ئەوەیە ژنەکان عەجـەم بـن، تـا تۆڵـەی ئـەو سوکایەتییەیان لێبکەینەوە کە لە بازگەی ورمێ پێیان کردین.

شوفێرەکە وتی: ئەو عەجەمانە سەگ و سـەگبابن، بـۆ ئـەوە باشـن ژنەکانیان بگێی. لە درێژەی قسەکانیدا وتـی: ئێـوە جـارێ چـیتان لێیـان بینیوە، ئەوان بەردەوام سوکایەتی بە ئێمـەی کـورد دەکـەن و بـە چـاوی دوژمن تەماشامان دەکەن.

منیش وتم: پێم ناڵێن ئێوە ئـەوان بـۆ زەوقـی خۆتـان دەگـێن، یـان بەناوی کوردایەتی؟

ئازا و کاروان بە یەکەوە وتیان: بۆ کوردایەتی دەیانگێین.

منیش وتم: هەموو عەجەمێك کەسـی خـراپ نـین، چـەم بـێ چـەقەڵ نابێت، لەناو میللەتی کوردیش کەسی خـراپ هـەن، ئێـوە ڕاسـت ناکـەن، حەزتان لێیە ژنە عەجەم بگێن و پاساویش دێننەوە.

کاروانیش وتی: مادام بەشداریمان لەگەڵ ناکەیت، وازیش لەم قسانە بێنە، با بزانین کە ئەوانت بینی، خۆت پێ ڕادەگیرێت یان نا؟

منیش وتم: جوانیش بن، وەکو ژنانی ئازربایجان نابن.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، زەنگی مۆبایلەکەی شوفێرەکەمان لێی دا. هەڵی گرت بە زمانی فارسی قسەی لەگەڵ کرد. پاش ئەوەی لە قسـەکانی تـەواو بـوو، وتـی: دوو ژنـەکانیان بـۆ هێنـاوین، لـە دەرەوە چـاوەڕێمان دەکەن.

ئەمەی وت و ڕۆیشتە دەرەوە، دوای کەمێك دوو ژنی جـوانی لەگـەڵ خۆی هێنا.

هەردوو ژنەکە دەموچاوی خۆیـان داپۆشـی بـوو، جبەیـەکی درێـژی ڕەشیان لە سەر جلـەکانیان لەبـەر کردبـوو، کـە لێمـان نزیـك کەوتنـەوە، جبـەکانیان داکەنـد و خسـتیانە سـەر قەنەفەکـە و بـە سـەماکردن هاتنـە لامان.

دەتـوت بـۆ خـەوتن خۆیـان ئامـادەکردووە، عەزیەیـەکی سـووری نیوقۆڵی تەنکیان لەبـەردابوو، لـە تـەنکیان، دەرپێـی ژێـرەوەی تیـا دیـار بـوو، یاخـەی عەزیەکـەی بەریشـیان کـراوە بـوو، لەگـەڵ سـەماکردن، مەمکەکانیان بە یەك دەکەوتنەوە.

بـە بینینـی ئـەم دیمەنـە، وتەیـەکی هاوڕێیـەکم بـیر کەوتـەوە، لـە ماڵپەڕەکـەی لـە فێسـبووك وێنـەی سیاسـەتمەدارێکی گـەورە و ژنـە

سەماکەرێکی لە تەنیشت یەکتری دابەزاندبوو، پێم وت: (چ شتێك ئەم دوو وێنەیە لەگەڵ یەکتری کۆ دەکاتەوە؟)، هاوڕێکەم وتی: (هیچ جیاوازییێکیان نیە، سیاسەتمەدار بە دروشمی زل و وتە درۆکانی خەڵك دەوروژێنێ، ژنە سەماکەریش بە لەشی ڕووت و جوولە ڕۆمانسییەکانی، لە کۆتادا هەردووکیان یاری بە هەست و سۆزی کەسی بەرامبەریان دەکەن).

کە ئازا ئەوانی بەم شێوەیە بینی، خۆی بۆ نەگیرا، هەستایە سەر پێ و سەمای لەگەڵ کردن.

کاروانیش قونی تۆتکەی نەدەگرت، دەیویست باوەشیان پیا بکات، بەڵام شەرمی دەکرد.

بە پێکەنینەوە بە کاروانم وت: تەنها لە گۆرانیان کەمە، تۆش گۆرانیان بۆ بڵێ، من و کاکی شوفێریش دەبینە کۆرس و لە دوات دەیڵێینەوە، دەرفەتێکی باشت بۆ هاتۆتە پێشەوە، کلیپێکیان لەگەڵ دەربێنە.

کاروانیش وتی: کەی کاتی کلیپە، ئێمە کاری ترمان لە پێشە.

یەکێك لە ژنە سەماکەرەکان، ڕووی لە کاروان کرد و بە زمانی کوردی پێی وت: هاوڕێکەت ڕاست دەکات، گۆرانییێکمان بۆ بڵێ.

کە بە کوردی قسەی کرد، حەپەسام، پێم وت: کوردیەکەت زۆر جوان و پاراوە، چۆن فێر بوویت؟

بە پێکەنینەوە وتی: بۆچی من بەچی تێگەیشتوویت؟

منیش وتم: ئەی تۆ عەجەم نیت؟

وتی: من عێراقیم، دایکم کوردە و باوکیشم عەرەبە، لە شاری بەغداد لە دایك بوومە، نزیکەی سێ ساڵە هاتوومەتە ئێران و لەگەڵ ئەم هاوڕێیەم لە شاری قوم دەژیم.

منیش وتم: ئەویش کوردە؟

وتی: نەخێر، ئەو فارسە و خەڵکی شاری قومە.

ئەمەی وت و دەستی منی گرت و سەمای لەگەڵ کردم. بە دەم سەماکردنەوە، خۆی پێ ناساندم وتی: ناوم شەیمایە، لێرە بە شەیما بەغدادی بانگم دەکەن، ماوەیەکە لێرە کار دەکەم، بەلاّم نیازم وایە بێمە هەولێر، وەسفی هەولێریان بۆ کردوومە، دەڵێن کافتریاو ڕیستورانت و یانەی شەوان و شوێنی مەساجی زۆری لێیە، دەرفەتی ئیشکردن باشترە و پارەی عێراقیش لە تومەنی ئێرانی بە نرخترە.

ئازا لە خۆشی ئەو ژنە سەماکەرە فارسەی کە سەمای لەگەڵ دەکرد، زەوقی فوول بوو بوو، بە پەلە بوو بیباتە ژوورەوە و سێکسی لەگەڵ بکات، ڕووی لە کاروان کرد و پێی وت: گۆرانییەکەت هەڵبگرە بۆ دوایی، جاریّ وەختی نیە، با بیانبەینە ژوورەوە و بیانگێین.

منیش بە پێکەنینەوە بە کاروانم وت: ئازا ڕاست دەکات، ئەوان هاتوون بیانگێن، نەهاتوون گۆرانیان بۆ بڵێن.

کە وام وت، شەیما ڕووی لە من و کاروان کرد و وتی: کامتان لەگەڵم دێن؟

منیش وتم: بم بەخشە، من بۆ ئەوە نەهاتووم.

کە وام وت، دەستی کاروانی گرت و پێی وت: ئەگەر ئامادەیت با بچینە ژووری خەوتن.

ئەویش وتی: با بچین.

ئەوان چوونە لەگەڵ ژنە سەماکەرەکان چوونە ژووری نووستن و دەرگایان لە دوای خۆیان داخست و من و شوفێرەکەش بە یەکەوە ماینەوە.

شوفێرەکە وتی: ئەو ڤێلایەی تەنیشتمان بەتاڵە و دەرگاکەشی دانەخراوە، با من و تۆ بچینە ئەویّ، لەویّ سەیری تەلەفزیۆن دەکەین و دوو قسەی خۆشیش دەکەین.

ئەوەبوو، ڕۆیشتین، تەلەفزیۆنەکەمان پێکرد و لە بەرامبەری دانیشتین. دوای کەمێك، شوفێرەکەمان پەیوەندییێکی تەلەفۆنی بۆ هات،

به زمانی فارسی قسەی لەگەڵ کرد و ڕۆیشتە دەرەوە و منی بە تەنیا بەجێ هێشت.

هەندێك بە تەنیا مامەوە، دوایی کاروان هاتە ژوورەوە و پێی وتم: بۆچی بە تەنیا لێرە دانیشتووی، لەگەڵ من وەرە، تا ژنەکان نەڕۆیشتوون، هەر هیچ نەبێ تۆش هەندێك دەستبازییان لەگەڵ بکە.

کە گەڕامەوە لایان، بینیم، شوفێرەکەمان ژنە فارسەکەی لەگەڵ خۆی بردۆتە ژووری خە وتن. کە هاتە دەرەوە پێم وت: تۆ فێڵت لێکردم، منت بردە ڤیلاکەی تر و خۆت لێم دزیەوە. بۆچی نەتوت دەچمە لای ئەو ژنانە؟

وتی: بڕوام پێ بکە من نیازی ئەوەم نەبوو، بەڵام ژنە فارسەکە خۆی داوای لێکردم وتی تۆش وەرە گانێك بکە.

منیش وتم: تۆ پیاوێکی کاسبکاریت، شەو و ڕۆژ ڕادەکەیت، تا دوو پول پەیدا بکەیت، ئەو پارەیەت بۆ خۆت هەڵگرتبا باشتر نەبوو لەوەی بیدەیتە ئەم لەشفرۆشانە.

وتی: لە سەر داوای خۆی لەگەڵی خەوتم، پارەی لێوەرنەگرتم.

وتم: لەگەڵ شەیماش نەخەوتی؟

وتی: سوێندێکە و خواردوومە، تا لە ژیان بم، ژنە فارس و عەجەم بگێم.

منیش بە پێکەنینەوە وتم: تۆش وەکو ئازا و کاروان، گانەکە دەکەیت و دواییش دەیخەیتە قالبی کوردایەتیەوە.

کەوام وت: کاروان ڕووی لە شوفێرەکە کرد و پێی وت: ئەگەر بمزانیبا تۆ ژنی کوردمان بۆ دێنیت، نەدەهاتینە بەندەر ئەنزەلی و ئەم شەویش لە باکۆ دەماینەوە.

ئەویش وتی: خەتای من نەبووە، من ئەو ژنە کوردە ناناسم، تەلەفۆنم بۆ ژنە فارسەکە کرد و داوام لێی کرد کە ژنێکی عەجەم لەگەڵ خۆی بێنێت، کەچی ئەو ژنە کوردەی لەگەڵ خۆی هێناوە.

که شەیما ئەوەی گوێ لێ بوو، ڕووی لە شوفێرەکە کرد و پێی وت: بۆچی من ناشیرینم، وا دەڵێت؟

ئەویش وتی: پەیوەندی بەوە وە نیە، تۆ زۆر جوانیت، ئەوە چیرۆکێکی درێژە پەیوەندی بە نێوان خۆمانەوە هەیە.

وەکو وتم، ژنە فارسەکە زۆر جوان بوو، چاوی شین و پرچی زەرد بوو، قەد و باڵایەکی شووشەیی هەبوو، سەیری منی دەکرد، چاوی لێ بوو بیبەمە ژووری نووستن و دەستێکی بگێم. ئامێزم پیا کرد و دەمم خستە ناو دەمی و لێوەکانیم مژی، دەستیشم خستە ناو سوخمەکەی و مەمکەکانیم گوشی، ڕانەکانی لە ژێر عەزیە سوورە کورت و تە نکەکەی، وەکو پەنیری کوردی سپی دەچۆوە، دەستێکم پێدا هێناو مەساجم بۆی کرد.

ویستی زیاتر حەزم بجوێنێت، عەزیەکەی بۆ هەڵکردم، دەرپێی لە پێ نەبوو، قوزی وەکو ماسی دەمی کردبۆوە، وتی: شەرم مەکە، بە کەیفی خۆت تەماشای بکە، ئەگەر بە دڵتە، تۆش گان بکە.

کە ئەمەی وت، دەستێکم بە قوزی داهێنا و پێم وت: هەموو شوێنێکت جوانە، زیاتر چێژ لە بینینت دەبینم، نەك شتی تر.

کە وام وت: ڕووی لە شوفێرەکەمان کرد و پێی وت: پێیان بڵێ پارەکەمان بدەنێ تا بڕۆین.

ئیتر ئەوەبوو، چوارسەد تومەنیان پێ دان و ڕۆیشتن.

بە ئازام وت: ژنە فارسەکە دەرپێی بەر نەبوو، دیارە دەرپێی ئەویشت وەکو دەرپێی ژنە ئازەریەکان بۆ یادگاری هەڵگرتووە؟

وتی: چۆنت زانی؟

کە عەزیەکەی هەڵدایەوە، دەرپێی لەبەر نەبوو.

کە وام پێی وت، کاوانیش دەرپێیەکی سووری ژنانەی لە ناو جانتاکەی دەرهێنا و وتی: ئەوە دەرپێی شەیما بەغدادییە، بۆ یادگاری لێم وەرگرتووە.

شوفێرەکەمان زۆر خەوی دەهات، گڕی سۆپاکەی خۆش کرد و لە سەر دۆشەکێك لە بەرامبەری لێی ڕاکشا و کەوتە پرخەی خەو. خواردن و خواردنەوەیەکی زۆریشی تێکردبوو، لەوە دەچوو خۆی بەتاڵ نەکردبێ، بۆیە ناوە ناوە تسێکی توونی بەر دەدا.

کاروانیش لە بەر بۆنی تس، لووتی خۆی توند گرتبوو، دەیوت: بە چەکی کیمیایی سەدام حوسێن نەمردین، وا بڕوات، بە بۆنی تسی شوفێرەکەمان دەمرین.

ئازاش چیلکە دارێکی هێنا و بە قاچەکانی شوفێرەکەی دادێنا و ختوکەی دەکردەوە. پێدەچوو ڕۆژی پێشتر نەخەوتبێت، بۆیە لە شوێنی خۆی نەدەجوولا.

منیش ناوە ناوە دەرگا و پەنجەرەکانم دەکردنەوە، تا بۆن تسەکە بچێتە دەرەوە و هەوایەکی پاقژ بێتە ژوورەوە.

کامەران زۆر خەوی دەهات، چاوەکانی سوور ببوون بۆ خەو، وتی: ئەگەر پێش کاتژمێر دوانزەی شەو نەخەوم، خەوم دەزڕێ و خەوم لێناکەوێ.

ئازاش وتی: منیش وام.

منیش وتم: کەواتە چاوەڕێی چی دەکەن، باشتر نیە زووتر بەڕێ بکەوین و لەم بۆنە ناخۆشەش ڕزگارمان بێت.

ئازاش وتی: بیرۆکەیەکی چاکە، بەڵام ئەم مردوو نەمرە، دوو شەو و ڕۆژە نەخەوتووە، تۆپ لە ژێر گوێی بتەقێنیتەوە، بە ئاگا نایەت.

کاروانیش وتی: ئەگەر نیازی ڕۆیشتنتان هەیە، خۆم دەزانم چۆن بە ئاگای دێنم.

ئیتر ئەوەبوو، چووە تەنیشتی و بە دەنگی بەرز پێی وت: لە خەو هەستە، دەمانەوێ بەڕێ بکەوین.

چەند جارێك ئەمەی لێ دووبارە کردەوە، بەڵام بێ سوود بوو.

لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، لەگەڵ دەنگەکەی لە شوێنی خـۆی تۆزێـك جـوولا، بـەلام هـەڵی نـەگرت. بـۆ جـاری دووەم زەنگـی مۆبایلەکەی لێی دایەوە.

ئەو جارەیان، دەستی دایە مۆبایلەکەی و بە چاوی خەوەوە وەلامی دایەوە و پێی وت: شـاجوان بۆچـی بـەم کاتـە درەنگـە پەیوەنـدیم پێـوە دەکەیت، دیارە قوزت بە ژان هاتووە بۆیە تەلەفۆنم بۆ دەکەیت؟

ئەمەی وت و مۆبایلەکەی خامۆش کرد و ویستی بخەوێتـەوە، بـەلام ئازا لێنەگەڕا بخەویٚ، جامێك ئاوی ساردی بـە دەموچـاوی دا کـرد و پێـی وت: گڕی ئەو سـۆپایەت هێنـدە خـۆش کـردووە، لـە گـەرمان خـەومان لیٚ نەکەوت.

ئەویش وتی: سۆپاکە دوگمەیەکی لە تەنیشتە، سـێ نمـرەی هەیـە، بۆچی نزمتان نەکرد؟

ئەویش وتی: لە عێراق سۆپای وا بـەکارناهێنین، نـازانین چـۆن نـزم دەبیٚ.

کـە وای وت، شـوفێرەکە هەسـتا و چـووە لای سـۆپاکە و دوگمـەی سۆپاکەی دەسکاری کرد و وتی: گڕی سۆپاکەم زۆر نزم کـرد، ئـەوجا بـە ئیسراحەت بخەون.

ئەمەی وت و گەڕایەوە شوێنی خۆی و ویسـتی بخەوێتـەوە. کـاروان پێی وت: مەخەوە، ئێمە بڕیارمان داوە ئێستا بەڕیٚ بکەوین، دەبیٚ ئـەمڕۆ ئێوارە لە شوێنی کارکردنم ئامادەبم و دەست بەکار بمەوە.

شوفێرەکەش وتی: ئێوە تێرخەون، بۆیە وا دەڵێن، مـن هێشـتا تێـر خەو نەبوومە، لێگەڕێن با تۆزێك بخەوم.

کـاروانیش وتـی: ئەگـەر تێرخـەو نـەبوویت، بۆچـی بـۆ شـاجوان گوێچکەکانت هێندە سووك بوون، لەگەڵ زەنگی مۆبایلەکەت هەڵسـایتەوە و وەلامت دایەوە. ئێمـە دەمێکـە ختووکـەی قاچـەکانت دەکـەین، کەچـی خۆت بیٚ ئاگرد و وەلامت نەدایەوە.

ئەویش بە پێکەنینـەوە وتـی: شـاجوان ناوەکـەی لەگـەڵ خۆیـەتی، ژنێکی زۆر جوانە، ماوەیەکە لە هاوسەرەکەی جیا بۆتەوە و دەسـتی بـەم کـارە کـردووە، ئـەو ڕۆژەی کەسـی دەسـت نەکـەوێت، تەلـەفۆن بـۆ مـن دەکات، پارەم لێوەرناگرێت، بە خۆڕایی گانم دەداتێ.

کاروانیش پێی وت: مەبەستت چـیە، دەتـەوێ حـەزمان بچـوێنیت و بمانبەیت بۆ لای ئەو؟

ئـەویش وتـی: ئەگـەر بتانـەوێ لـە سـەر ڕێگـای خۆمـان، سـەردانی دەکەین و هەندێکیش لای ئەو دەمێنینەوە، ئینجا دەتانبەم بۆ مەرز.

ئازا لە چاوەکانیدا دیار بوو، ئـەوەی پـێ خـۆش بـوو، تەماشـایەکی کاروانی کرد، دەیویست شتێك بڵێ.

کاروان وەڵامی شوفێرەکەی دایەوە و وتی: پێم وتـی دەبـێ ئێـوارە بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، دەنا غائیب دەدرێم.

ئەویش وتی: کەوایە با بۆ جارێکی تر بمێنـێ، ئەگـەر هـاتن، پێشـتر زەنگم بۆ لێدەن، ئاگاداری دەکەمەوە و دەتانبەم بۆ لای.

ئازاش وتی: هێشتان دوو ڕۆژ مۆڵەتم ماوە، لە بەر هاوڕێیان نـەبێت، پێم خۆشە شاجوانیش تاقی بکەینەوە.

منیش وتم: تۆ لەو هەموو ژنە ئازەریانە تێـر نـەبوویت، دەتـەوێ بـە شاجوان تێربیت!

کاروانیش وتـی: ئێمـە بـە نـاوی ئازربایجـان هـاتووین، نـەك ئێـران. چونیشمان بۆ بەندەر ئەنزەلی، بۆ تۆڵە کردنەوە بوو، لەو سوکایەتیەی لە بازگەی ورمێ پێیان کردین.

شوفێرەکەش وتی: کەوایە لە گەڕانەوە پەلە ناکـەین، دەتانبـەم بـۆ شاری سەرعەین، نانی بەیانی لەوێ دەخۆین.

کاروانیش وتی: جا نانی بەیانی ئەوە دەهێنێ لێرەوە بۆی بچین؟

ئـەویش وتــی: شـاری سـەرعەین بـە هـەنگوین و ماسـت و پـەنیر و سەرتوو بەناو بانگە، ئەو هەنگوینەی لەوێ هەیە، لە هیچ وڵاتێك نیە.

منیش وتم: گوێم لە ناوەکەی بووە، ئەوانەی هاتوون بۆ باکووری ئێران، زۆر باسی هە نگوینی ئەو شارە دەکەن.

کە وام وت، ئازا ڕووی لە شوفێرەکە کرد و پێی وت: ئەگەر دەزانیت زۆر دوور نیە، بمانبە با بزانین ئەو هەنگوین و پەنیرە چیە وا مەتحی دەکەن.

ئەویش وتی: نزیکەی چوار کاتژمێر و نیومان پێدەچێت.

کاروانیش وتی: بۆچی چەند کیلۆمەتر دوورە؟

وتی: دوو سەد و شەست و پێنج کیلۆمەتر لێرەوە دوورە.

کاروانیش وتی: زۆر دوورە، پێویست ناکات بۆ ژەمە نانێك ئەم ڕێگا دوورە ببڕین.

شوفێرەکەش وتی: لە سەر ڕێگای خۆمان بۆی لادەدەین، زۆر دوا ناکەوین.

کاروانیش وتی: مادام وایە، ناوی خوای لێ بێنە و با بڕۆین.

ئیتر ئەوەبوو، کەل و پەلەکانمان کۆ کردەوە و جانتاکانمان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکە و بەڕێ کەوتین.

کە گەیشتینە سەرعەین، ئاسمان تاریك و ڕوون بوو، گەشتمان بە ناو شارەکەدا کرد، گشت دووکان و ڕیستورانتەکان داخرابوون، تەنها نانەواخانەکان کرابوونەوە، بۆیە بە ناچاری ڕۆیشتین و شارەکەمان بەجێ هێشت.

ماوەی نێوان شارۆچکەی سەرعەین و شاری تەبرێز دوو سەد و پانزە کیلۆ مەتر بوو، دوای سێ کاتژمێر گەیشتینە تەبرێز.

کە گەیشتینە شاری تەبرێز، شوفێرەکەمان وتی: زۆری ماوە بۆ نیوەڕۆ، بۆ نانخواردنی بەیانیش بچینە ناو شارەکە، دەنا دەکەوینە ناو جەنجاڵی ماشێنان و کاتێکی زۆرمان لێ دەڕوات، بۆیە ئەگەر پێتان ناخۆش نەبێت، لە سەر ڕێگای خۆمان، لادەدەینە چایخانەیەك و نانی بەیانی لەوێ دەخۆین.

منیش وتم: چایخانەکانی سەر ڕێگا نان و ماستی بە لەزەتیان هەیە، نانی بەیانی لەوێ دەخۆین و بۆ چێشتی نیوەڕۆش کە گەیشتینە شاری ورمێ، لەوێ بمانبە بۆ ڕیستورانتێك کە ماسی برژاوی هەبێت، زۆر بیری ماسی برژاوم کردووە.

ئازاش وتی: منیش زۆر حەزم لە ماسی برژاوە.

شوفێرەکەش وتی: لە شارۆچکەی شنۆیە، لە سەر ڕێگا، ڕیستورانتێکی لێیە، تەنها ماسی برژاوی هەیە، خەڵکی عێراق بۆ خواردنی ماسی، ڕووی تێدەکەن.

کاروانیش وتی: حیسابێکیش بۆ من بکەن، من حەزم لە خواردنی ماسی نیە، با بچین بۆ ڕیستورانتێك برنج و شلەی هەبێت.

شوفێرەکەش وتی: خەمت نەبێ، لە گەڕانەوەمان، دەچینە ناو شارۆچکەی خانێ، لەوێ ڕیستورانتێکی لێیە، جگە لە ماسی برژاو، هەموو خواردنێکی هەیە، خواردنەکانی خۆش و بە تامن.

هەندێك ڕۆیشتین، لە بەردەم چایخانەیەك، ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت وتی: لێرە نان و ماستێك دەخۆین و سەیری دیمەنی بەفر بارینیش دەکەین.

دیمەنێکی زۆر جوان بوو، بە نەرمی بەفر دەباری، هەموو شتێك سپی دەچۆوە، شەقامەکان و دار و درەختەکان تارای زیویان پۆشی بوو.

کاروانیش وتی: خۆزگە ئەم بەفرە لای ئێمە ببارییایە، تا شەڕە تۆپەڵمان پێی بکردایە، ساڵانێکی زۆرە لە ناو شاری هەولێر بەفر نەباریوە و لێی بێبەشین.

شوفێرەکەش وتی: تا دەگەینە شنۆیە، زۆر دەبارێت، ئەگەر خێرا نەبین، لەوانەیە لە ڕێگا گیربخۆین.

کاروانیش وتی: مادام وایە، کە لێرە بەڕێ کەوتین، ڕاست بڕۆ، لامەدە هیچ شوێنێك، با لە پێناوی ژەمێك ماسی گیرنەخۆین.

ئـەویش بـە پێکەنینـەوە وتـی: ئێمـە لێڕاهـاتووین، کـە بـەفر زۆر دەبارێت، زنجیر لە تایەی ماشێنەکانمان دەخەین و بەبێ تـرس بەسـەریدا دەڕۆین.

کاروانیش وتی: تۆ دڵنیایت بەفر ڕێگامان لێ ناگرێت؟

ئەویش وتی: ئێستا دەستی بە بارین کردووە، تاکو بەیانی مەترێکی تێ دەکات، بەڵام خەمتان نەبێت، بە سەلامەتی دەتـان گەیەنمـەوە سـەر سنوور.

ئـازاش وتـی: کەواتـە بـۆ چێشـتی نیـوەڕۆش بمانبـە بـۆ ئـەو ڕیسـتورانتەی کـە وتـت، مـن شـاری شـنۆم نـەبینیوە، هەنـدێك وێنـەی لێ دەگرین.

کاتێك لە چایخانەکە نانی بەیانیمان دەخوارد، خـاوەنی چـایخانەکە بە شـوفێرەکەمانی وت: لـە کوێـوە هـاتوون دەنگوباسـی کۆڕۆنـا لـە چـی دایە؟

شوفێرەکەش وتی: لە بەندەر ئەنزەلیـەوە هـاتووین، مەبەسـتت لـە کۆڕۆنا چیە؟

ئەویش وتی: نەتانزانیوە کە ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە شاری وەهانی چین بڵاو بۆتەوە و دونیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

ئەویش وتی: ئەم ڤایرۆسە چیە، تازە گوێم لە ناوی دەبێت.

خـاوەنی چـایخانەکەش وتـی: ڤایرۆسـێکی ترسـناکە، دەڵـێن لـە شەمشەمە کوێرەوە بۆ مرۆڤ گواستراوەتەوە، ئـەوەی بیگرێـت لـە مـاوەی چەند ڕۆژێك دەیکوژێت.

ئەویش وتی: بۆچی دەرمانی نیە؟

وتـی: زانایـانی چـینی دەڵـێن ئـەم ڤایرۆسـە نوێیـە و تـاکو ئێسـتا دەرمـانی بـۆ نەدۆزراوەتەوە.مەترسییەکەشـی لەوەدایـە تـاکو ئێسـتا بـە تەواوەتی نازاندرێ سروشتەکەی چۆنە. ئـەم ڤایرۆسـە زوو زوو سروشـتی

خۆی دەگۆڕێت، بۆیە زاناکان نەیانتوانیوە دژەکەی بدۆزنەوە. تەنانەت دەڵێن تاکو چوارده ڕۆژ نیشانەکانی لەو کەسە بە دیار ناکەوێت کە تووشی بووه، بۆیە کاتێك دەزاندرێت کە کار لە کار ترازاوه و بە چوار پێنج ڕۆژ دەیکوژێت.

ئەویش وتی: پەکو لەو بەلایە، خوا بکات زوو کۆنترۆلی بکەن، تا لە هەموو شوێنێك بلاو نەبۆتەوه.

ئەویش وتی: چینیەکان تەواوی دانیشتوانی شاری وەهانیان خستۆتە ژێر چاودێری و لە ماڵەکانی خۆیان کەرەنتینەیان کردوون. ئێستا خەریکی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی هەزار قەروێڵەیی تایبەت بەو پەتایەن، بڕیاریان داوه لە ماوەی ده ڕۆژ تەواوی بکەن.

ئازا کە ئەمەی گوێ لێ بوو، ڕووی لە من و کاروان کرد و وتی: کە بۆ ئازربایجان هاتین، هیچ لە گۆڕێ نەبوو، دەنا گەشتەکەمان دوا دەخست.

منیش وتم: ئێستاش هیچ نەبووه، ئەگەر لە چین کۆنترۆل بکرێت ناگاتە ئێره.کاروانیش وتی: لە چینیەکان مەترسن، ئەوان ژیرن، بە زووترین کات کۆنترۆلی دەکەن.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، تەلەفزیۆن پرۆگرامی ئاسایی خۆی بڕی و بێژەرەکە وتی: هەر ئێستا هەواڵێکمان بە دەست گەیشتووه، کە لە شاری قومی پیرۆز کەسێك تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووه، ئێستا ئەو کەسە لە ژێر چاودێری چڕ دایە و ئەوانەش کە بەرکەوتەی ئەون بۆ ماوەی دوو حەفتە کەرەنتینە کراون.

بێژەرەکە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: چەند ڕۆژێك پێش ئێستا، کەسە تووشبووەکە لە وڵاتی چین گەڕاوەتەوه. کەی زانیاری زیاترمان دەستکەوت پێتان دەڵێین.

بەهەرحاڵ، نانەکەمان خوارد و بەڕێ کەوتین، ماوەی نێوان تەبرێز و ورمێ سەد و چل و حەوت کیلۆمەتر بوو، دوای دوو کاتژمێر گەیشتینە ئەوێ.

بە شوفێرەکەم وت: ڕەچێتەیەکی پزیشکیم پێیە، ئەگەر لابدەیتە لای دەرمانخانەیەک، هەندێک دەرمان دەکڕم.

ئەویش وتی: ئێستا دەتانبەم بۆ ناو جەرگەی بازاڕی ورمێ، دەرمانەکانی ئێرە باشن، وەکو لای ئێوە فڕو فێڵیان لەگەڵ ناکرێت، هەروەها جل وبەرگ هەرزانە، چیتان دەوێ بیکڕن، پەلەمان نیە، بۆ ئێوارە دەگەینە سەر سنوور، تا لە سنوور نەپەڕنەوە جێتان ناهێڵم.

ئەوەبوو ئێمەی بردە خیابانی ئیمام و ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم دارۆخانەیەک ڕاگرت. بایی شەش مانگ دەرمانم بۆ هاوسەرەکەم کڕی. ئازا و کاروانیش ڕۆیشتنە ناو قەیرسەریەکە و هەندێک جل و بەرگیان کڕی.

ئینجا سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و بۆ شنۆ بەڕێ کەوتین.

کە بەڕێ کەوتین بە شوفێرەکەمان وت: چەندمان پێدەچێت تا دەگەینە شاری شنۆ؟

وتی: لێرەوە حەفتاو دوو کیلۆمەتر دوورە، بە کاتژمێر و نیوێک دەگەینە جێ.

هەر لەو کاتەی کە بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە شنۆیە، بە درێژی ڕێگا بەفر دەباری. لە دەروازەی شارەکە لە بەردەم ڕیستورانتێک ڕایگرت و وتی: ئەم ڕیستورانتە بە ماسی برژاو بە ناوبانگە ماسی لە سەر ڕەژوو دەبرژێنێت، ئەگەر یەکجار بیخۆن، ئارەزوو دەکەن بۆی بگەڕێنەوە، هێندە خۆش و بەلەزەتە.

کوڕێکی گەنج  لەگەڵ پیاوێکی پیر ڕیستورانتەکەیان بەڕێوە دەبرد. نزیکەی نیو کاتژمێر چاوەڕێمان کرد، تا ماسیەکە ئامادە بوو. ئەو ماسیانەی بۆیان هێناین، قەوارەی هەر یەکێکیان لە کیلۆگرامێک زیاتر نەبوو، بەڵام بێ دڕک و بەتام بوو.

پاش ئەوەی ماسیمان خوارد و چایەشمان لە سەر فڕ کرد، ئازا وتی: پێش ئەوەی ئێرە بەجێ بێڵین با هەندێك وێنە لەگەڵ بەفر بگرین. دیمەنی ئەم بەفرە زۆر جوانە، با لە دەست خۆمانی نەدەین.

ئەوەبوو، ئەوان ڕۆیشتنە دەرەوە بۆ وێنە گرتن، من و شوفێرەکەش لە بەر سۆپاکە دانیشتین و چایەکی ترمان خواردەوە.

لە کاتی چایە خواردنەوە، شوفێرەکەمان چیرۆکی گرتنی ئێمەی بۆ کوڕەگەنجەکەی ڕیستورانتەکە گێڕایەوە و کەوتە لۆمەی حکوومەتی ئێران و پیاوەکانی ئیتلاعات و وتی: ئەوان سەگ و سەگبابن، دوژمنی کوردن، بە خوێنی سەری ئێمە تینوون بۆیە ئەم سووکایەتییەیان پێکردین.

کوڕە گەنجەکەش خۆی بێ ئاگا کرد و هیچ قسەیەکی نەکرد.

شوفێرەکە بەردەوام بوو لە قسەکردن و زۆر جوێنی پیسی بە پیاوەکانی حکوومەت دا، دوایی ڕووی لە من کرد و وتی: لەوانەیە ئێوە بڵێن سەدام حوسێن سەرۆکێکی خراپ بوو. بڕوا بکەن، لە چاو ئەو مەلایانەی کە حوکمڕانی ئێمە دەکەن، فریشتە بوو.

کەوای وت، ئەو ڕۆژانەم بە بیرهاتەوە (کە ناوی سەربازیم هات، لە ترسی مەرگ ڕامکرد، لە ترسی جەلادەکانی شوێن نەبوو خۆمی تیا بشارمەوە). ڕووم تێی کرد و پێم وت: ئەو سەدامە حوسێنەی تۆ بە فریشتە ناوی دەبەی، بۆ من ئەهریمەن بوو، چونکە لە سەردەمی ئەو هیچ خێر و خۆشیم لە خۆم نەبینی، لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، بوومە سەرباز و بە ناچاری ڕامکرد، لە ترسی پیاوەکانی ڕژێم شوێن نەبوو خۆمی تیا بشارمەوە.

کە ئەوەم وت، هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە. بە کوڕە گەنجەکەم وت چایەکی ترم بۆ بێنێ.

چایەکەی بۆ هێنام و وتی: بە دووری نازانم ئەو شوفێرە هەر خۆی ئێوەی بە گرتن دابێت.

وتم: چۆن؟

وتی: خەڵکی ڕۆژهەلات، بە تایبەتی ئەو شوفێرانەی کە لە سەر سنوور کاردەکەن و گەشتیاران دێنن و دەبەن، هەندێکیان سەر بە ئیتلاعاتن و چاوساغییان بۆ دەکەن.

منیش وتم: چۆن شتی وا دەبێ؟

وتی: ئەوان بۆ ئافەرینێك، لە بازگەکان چاوێك لە کارمەندی بازگەکە دەنوقێنن، وەك ئاماژەیەك کە گومانیان لەو کەسانە هەیە کە لەگەڵی دان، ئەوانیش تێدەگەن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن، هەروەکو چۆن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئێوە کردووە.

منیش وتم: لەوانەیە وابێت، چونکە تەنها ئێمەیان لە ئۆتۆمبێل هێنا خوارەوە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین.

ئەمە و خواحافیزیم لێی کرد و منیش ڕۆیشتمە دەرەوە و هەندێك وێنەم گرت.

دوای ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و بەرەو خانێ بەڕێ کەوتین، پێش ئەوە بگەینە خانێ، لە ڕێگا ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و زنجیری لە تایەکان خست.

خانێ شەست کیلۆمەتر لە شنۆیە دوور بوو، دوای کاتژمێرێك گەیشتینە جێ. لە بەردەم ڕیستورانتێك ڕایگرت و بە کاروانی وت: ئەمە ئەو ڕیستورانتەیە کە پێم وتی.

ئەویش وتی: هیچم بۆ ناخورێت، لە ڕێگا هەندێك پسکیتم خوارد، لێخوڕە با دوانەکەوین.

بەم شێوەیە لە ئۆتۆمبێل نەهاتینە خوارەوە و چووینە سەر سنوور بۆ مەرزی تەمرچین. کە گەیشتینە مەرز، جانتاکانمان لە سندووقی ئۆتۆمبێلەکە دەرهێنا و ماڵئاواییمان لە شوفێرەکەمان کرد و ڕۆیشتینە شوێنی مۆرکردنی پاسپۆرت.

مـەرزی تەمرچـین زۆر قـەرەباڵغ بـوو، لـە شـوێنی هـاتن، تیمێکـی پزیشکی بـە جلـی سـپی دژە ڤایرۆسـەوە ڕاوەسـتابوون، ئـامێری گـەرمی پێویان بە دەستەوە بوو، پلەی گەرمی ئـەو کەسـانەیان پـێ وەردەگـرت، کە لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە هاتبوون.

کـە چـووینە مـەرزی حـاجی ئۆمـەران، بـە هامـان شـێوەی مـەرزی تەمرچینی ئێران، تیمێکی پزیشـکی لـە بـەر دەرگـا ڕاوەسـتابوون، پلـەی گـەرمی ئـەو کەسـانەیان وەردەگـرت کـە لـە ئێرانـەوە هاتبوونـە هـەرێمی کوردستان.

ئێمە زانیارییێکی ئەوتۆمان لە سەر پەتاکە نەبوو، بۆیە دیمەنەکەمان بەلاوە سەیر بوو، ئازا ڕووی لـە کـاروان کـرد و پێـی وت: خۆزگـە تـەواوی مـاوەی گەشـتەکە لـە ئازربایجـان بماباینەتـەوە و نەچـووباین بـۆ بەنـدەر ئەنزەلی.

ئەمەی وت و هەناسەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا و وتـی: کـێ نـاڵێ ئـەو ژنانەی کە لەگەڵیان خەوتین، هەڵگری ئەم ڤایرۆسە نەبوونە؟

کاروانیش وتـی: ئێمـە بـۆ تۆڵەکردنـەوە لەگـەڵیان خـەوتین، ئەگـەر بمانزانیبا پەتایەکی وەها لە ئێران بڵاوبۆتەوە، چۆن لەگەڵیان دەخەوتین.

ئازاش ڕووی لە من کرد و وتی: تەنها تۆ قازانجـت کـرد، کـە هیچـت لەگەڵیان نەکرد.

منـیش وتم: بـەلاَم منـیش وەکـو ئێـوە قسـەم لەگـەڵ کـردوون و لەگەڵیان دانیشتووم.

کـاروانیش وتـی: خۆزگـە هـی منـیش هـەر قسـەکردن بووایـە، ژنـە فارسـەکە لێـوی زۆر گـەورە و جـوان بـوو، دەمـم خسـتە نـاو دەمـی و لێوەکانیم مژی.

ئازاش وتی: دەڵێن ئەم ڤایرۆسە لە دەم و لووت دەچێتە ژوورەوە و کۆئەندامی هەناسە تێك دەدات، بۆیە نزا بکە ئەو ژنە هەڵگری ڤایرۆسـەکە نەبێت، دەنا وێران دەبیت.

کاروانیش وتی: تۆش لەگەڵی خەوتیت، هەناسەتان تێکەڵی یەك بووە، ئەگەر هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت، تۆش وەکو من وێران دەبیت.

منیش وتم: قسە مەکەن، زۆر نەماوە سەرەمان بگاتێ، با تیمی پشکنین گوێیان لێنەبێت، دەنا گومانمان لێ دەکەن.

کاروانیش وتی: من هونەرمەندێکی گۆرانی بێژم و خەڵکێکی زۆر دەمناسێت، ئەگەر تووشی ئەم پەتایە بم، ئابڕوم دەچێت.

ئازاش وتی: لەماڵەوە بە ناوی ئازربایجان هاتووم، ئەگەر بزانن شەوێك لە بەندەر ئەنزەلی ماومەتەوە، خۆیان خەبەرم لێدەدەن.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، کارمەندێکی تیمە پزیشکییەکە ڕووی تێکردین و وتی: واز لە قسەکردن بێنن، وەرنە پێشەوە، تا پشکنینتان بۆ بکەین.

ئازا و کاروان زۆر دەترسان، نەوەك لە پشکنین دەرنەچن، بۆیە منیان خستە پێش خۆیان، وتیان تۆ براگەورەمانیت، پێش کەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، منیش ترسام، بەلاّم بەسەر خۆمم نەهێنا و چوومە پێشەوە.

کارمەندی تیمە پزیشکییەکە ئامێرێکی سپی وەکو دەمانچەی بە دەستەوە بوو، لە دووری نیو مەتر لە بەرامبەر نیوچەوانم ڕایگرت و چرکەیەکی لێوە هێنا و وتی بڕۆ.

کە پێی وتم بڕۆ زۆر دڵخۆش بووم، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەمجارەش بە سەلامەتی دەرچووم، دەنا ئابڕووم دەچوو).

هەرچەند ئەنجامی پشکنینەکەی من نێگەتیڤ بوو، بەلاّم خەمی هاوڕێکانم بوو، لە دڵی خۆم نزام بۆ دەکردن کە ئەوانیش وەکو من بە سەلامەتی دەربچن.

دوای من پشکنین بۆ ئەوانیش کرا و ئەوانیش ئیزن دران. لە خۆشیان ئاو بە دەمیان ڕانەدەوەستان دەتووت بیتاقەی یانەسیبیان بۆ

دەچووە، ئـازا بـە پێکەنینـەوە وتـی: لـەم زگـەش ڕزگارمـان بـوو، خـوا گەورەیە بۆ گەشتێکی تر.

کاروانیش وتی: لـە ژیانمـدا ئـەوە یەکـەم جـارە بـۆ دەرەوەی وڵات گەشت بکەم جارێکی تر هەڵـەی وا ناکـەم، ئەگـەر تووشـی ئـەم ڤایرۆسـە بومایــە، چــۆن وەڵامــی خانــەوادەی خــۆم و جــەماوەرە هونەریەکــەمم بدابایەوە.

منیش وتم: پەیوەندی بەوە نیە، تاکو ئێستا بۆ دەیان وڵات گەشـتم کردووە و تووشی هیچ نەخۆشییێکیش نەبوومەن بۆ ئـەم پەتایـەش جـارێ زووە بڕیـار بـدەین، یەکـەم جـارە گوێمـان لـە ناوەکـەی بێـت، هیچـی لێ نازانین، بۆیە پێویست ناکات دڵـی خۆتـان تـەنگ بکـەن، ئەمـەش بەسـەر دەچێت.

ئەمەو مۆرمان لە پاسپۆرتەکانمان دا و ویستمان بچینە دەرەوە، لـە بەر دەرگا هەندێك کەسمان بینین دەمامی پزیشکییان بە دەم و لووتـەوە بـوو، جلێکـی سـپی نایلۆنیشـیان پۆشـیبوو، ئێمـەیان بـرد بـۆ هـۆڵێکی گــەورەن کۆمــەڵێك گەشــتیاری لێبــوو، ئــەوانیش لــە وڵاتــی ئێــران گەڕابوونەوە، یەکێك لە دەمامکدارەکان پێی وتـین: نـابێ لێمـان زوێـر بـن ئێوە لە ئێرانەوە هاتوون چەند ڕۆژێکـە لـە شـاری قـوم ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بڵاوبۆتەوە و بە خێرایی تەشەنە دەکاتن ئێمە نازانین ئێـوە هـەڵگرن یـان نــا، بۆیــە ناچــارین، بــۆ مــاوەی دوو حەفتــە کەرەنتینــەتان بکــەین و پشکنینتان بۆ بکەین.

کاروانیش وتی: ئێمە لە پشکنینی پلەی گـەرمی دەچووین، کەچـی هێشتان گومانمان لێدەکەن.

کارمەندەکـەی تیمـی پزیشـکیش وتـی: نیشـانەکانی ئـەم پەتایـە زۆرن، یـەکێك لەوانـە، بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمییـە، بـەڵام مـەرج نییـە ئەوەی پلەی گەرمی نزم بێت، سەلامەت بێت.

ئازا وتی: ئێمە بۆ گەشتکردن هاتبووین، بۆیە ئاگاداری هەواڵەکان نەبووین، تکایە زیاتر بۆمان ڕوون بکەوە، مەبەستت چیە؟

ئەویش وتی: کۆرۆنا ڤایرۆسێکی نوێیە، ماوەکی زۆر نییە بڵاوبۆتەوە، بۆ یەکەم جار لە شاری وەهان لە چین سەری هەڵدا، دواتر گەیشتە شاری قوم و تاکو ئێستا سەدان کەس تووشی بوونە و بە دەیان کەسیش بە هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە.

زانایان و پسپۆران دەڵێن ئەم ڤایرۆسە لە ڤایرۆسەکانی تر جیاوازە بەوەی سروشتی خۆی دەگۆڕێت و تەشخیسکردنیشی زەحمەتە، هەروەها ئەو کەسەی کە دەیگرێت تا دوو حەفتە نیشانەکانی بە تەواوەتی لێ بەدەر ناکەوێت.

کە ئەمەی وت، کاروان وتی: من کەسێکی بەد بەختم، ژیانم هەمووی بە کۆڵەمەرگی و خەم و خەفەت بەڕێ کردووە، ئەوە یەکەمین جارە لە ژیانمدا، گەشتێك بۆ دەرەوەی وڵات بکەم، ئەمجارەش تووشی ئەم بەڵایە بووم.

کارمەندی تیمەکەش وتی: ورە بەر مەدە، ئەم ڤایرۆسە زیاتر کار لەو کەسانە دەکات کە دەترسێن.

ئازاش وتی: دوو حەفتە کەرەنتینە کردن بۆ من زۆرە، دەترسم لە سەر کارەکەم لام بدەن.

کاروانیش وتی: لە ماڵەوە بە ناوی ئازربایجان هاتووم، هاوسەرەکەم بزانێ لە باکوری ئێران ماومەوتەوە بۆیە کەرەنتینە کراوم، متمانەی پێم نامێنێت.

ئازاش وتی:  ئەگەر شوفێرەکە ئەو دوو ژنە لەشفرۆشەی بۆ نەهێنابان، وامان بە سەر نەدەهات.

کاروانیش ڕووی لە من کرد و وتی: چاك نەبوو تۆ لەگەڵیان نەخەوتی، دەنا تۆش وەکو ئێمە تووش دەبوویت.

منیش وتم: بۆچی لە ئێستاوە گومان لە خۆتان دەکەن، کێ دەڵێ ئەم ژنانە هەڵگری ڤایرۆسەکە بوونە.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، کارمەندێکی دەمامکدراو هاتە ژوورەوە و وتی: جانتاکانتان بێنن و لەگەڵم وەرن. دەتانبەم بۆ قەزای سۆران، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوێ هۆتێلی بۆ گرتوونە و ئەو ماوەیە لەوێ دەمێننەوە. ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکەتان نێگەتیڤ دەربچێت، ڕەوانەی ناو ماڵ و منداڵەکانتان دەکرێنەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر ئەنجامەکەی پۆزەتیڤ دەربچێت، دەبرێنە نەخۆشخانە و دەخرێنە ژێر چاودێری چڕەوە، تا چاك نەبنەوە، ڕێگاتان پێ نادرێت بڕۆنە ماڵەوە.

کاروان بەم قسانە شڵەژا، ڕەنگی دەموچاوی وەکو ڕەنگی مردووی لێهات، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: من دەمزانی ئەم گەشتەم لێ دەبێتە ژەقنەبوت.

## له گەشتەوە بۆ کۆرۆنا

وەکـو وتم ئێمــەیان بـردە قــەزای سـۆران و لــە هــۆتێلێکی سـێ ئەستێرەیان دانایین. ئەو کەسەی ئێمەی هێنا، پێی وتین: بـۆ مـاوەی دوو حەفتە لێـرە دەمێننــەوە، پـاش کـەمێکی تـر سـامپڵێك لـە ئـاوی لوتتـان وەردەگیرێت و ڕەوانەی تاقیگە دەکرێت، ئەگـەر ئەنجامەکـەی نێگـەتیڤ بـوو، دوای تێپــەڕبوونی ئـەم مـاوە، جـارێکی تـر سـامپڵێکی ترتـان لێ وەردەگیرێت ئەگەر هەمان ئەنجامی هەبوو، ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێنـەوە. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر پـۆزەتیڤ دەرچـوو، ڕەوانـەی نەخۆشـخانەتان دەکەن لە شاری هەولێر، بۆ وەرگرتنی چارەسەر.

کە ئەمەی وت، کاروان ڕووی لـە ئـازا کـرد و وتـی: ئەگـەر تـۆ پێـت نەوتبام، ئەم گەشتەم نەدەکرد و هەرگیز نەدەهاتمە ئێران.

ئەویش وتی: من بۆ ئازربایجان پێم وتی، نەك بۆ ئێـران، بـەلام هـەر دەبوو بە ناو خاکی ئێراندا بڕۆین و بێینەوە.

ئـەویش وتــی: ئەگــەر هــەر چــوون و هــاتن بووایــە، وامــان بەســەر نەدەهات، بەلام ئێمە شەوێك لە بەندەر ئـەنزەلی لەگـەل ژنـە ئێرانییـەکان ماینەوە.

ئەویش وتی: کێ دەڵێ ئەو ژنانە هەڵگری ڤایرۆسی کۆڕۆنا بوونە؟

کاروانیش وتی: ئاخر ئەوان ڕۆژی پێشتر لە شاری قوم بوون.

کەوای وت، ئازا لە ترسان موچڕکی پیا هات و سام گرتوو بوو، هیچ دەنگی نەکرد.

منیش وتم: گوێت لێ بوو کاروان چی وت؟

ئازاش وتی: کاروان ڕاست دەکات، من ئەوەم لەبیر نەبوو، کێ نالێ ئیتلاعات ئەو ژنانەیان بە مەبەست بۆ ئێمە ناردووە، تا تووشی ئەو ڤایرۆسە بین.

کاروانیش وتی: کە ئێمەیان لە بازگەی ورمێ ڕاگرت و سێ کاتژمێرو نیو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین، دەبوو بمانزانیبا ئەوان وا بە ئاسانی وازمان لێ ناهێنن و پەندێکمان پێدەکەن.

ئازاش وتی: هیچیان لە ناو مۆبایلەکەی ئێوە نەدۆزیەوە، بەڵام ناوی سەدان کەسایەتی ناودار و پلەداری ئەمنی و سەربازییان لە ناو مۆبایلەکەی من بینی و هەر هەموویان لە ناو پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە نووسی و کارمەندەکەی ئیتلاعات پێی وتم (ناوی ئەم هەموو پلەدارە ئەمنی و سەربازییانە چی دەکەن لای تۆ؟).

کاروانیش وتی: تۆ چیت پێ وت؟

ئازاش وتی: بە درۆ پێم وت پێش ئێستا وێنەگری ڤیدیۆ بووم وێنەی بووك گواستنەوە و ئاهەنگە تایبەتییەکانم دەگرت، بەم هۆیەوە ئەوانم ناسی.

کاروانیش جڕتێکی بۆ کێشا و وتی: وای لەو درۆ گەورەیە، تۆ باسی پێش ڕاپەڕین دەکەیت، ئەوکات بە هەموو شارەکانی کوردستان، دە ئەفسەری کوردی لێ نەبوو.

منیش وتم: ئارام بگرن، واز لەم قسانە بێنن، با کەسێك گوێی لێ نەبێت، دەنا لێکدانەوەی خراپی بۆ دەکات و تووشی کێشەمان دەکات.

کاروانیش وتی: کێشە لەوە گەورەتر دەبێت، ئێستا لە ماڵەوە بزانن کەرەنتینە کراوین، چی دەڵێن؟

ئـازاش بـە پێکەنینـەوە وتـی: پێمـان دەڵـێن لەگـەڵ ژنـی ئێرانـی خەوتوونە، بۆیە تووشی ئەم ڤایرۆسە بوونە.

منیش وتم: مەرج نیە ئەوەی لەگەڵ ژنی ئێرانی خـەوتبێت، تووشـی ئەم ڤایرۆسە بێت.

ئازاش وتی: ئەی گوێت لە کارمەندی تیمەکە نەبوو چی وت.

منیش وتم: چی وت؟

وتـی: کارمەندەکـە وتـی (لـە ڕێگـای بەرکـەوتن و تـۆە کـردن و هەناسەوە، ئەم ڤایرۆسە دەگوێزرێتەوە).

منـیش وتم: بەهـەرحاڵ، ئـەوەی بـووە، بـووە، بـا بـزانین ئـەنجامی پشکنینەکانمان چی دەبێت. نزا بکەن شتێکی خراپ دەرنەچێت، دەنا بە فەتارەت دەچین.

هوتێلەکە پڕبوو لە کەسانی وەکو ئێمە، هەموو ئەوانەی کە لە ئێران گەڕابوونـەوە، کـەرەنتین کرابـوون. ژوورێکـی سـێ تەختـەیان بـۆ ئێمـە تەرخان کرد. جانتاکانمان دانا و چووینە هۆڵی دانیشتنەکە.

هـیچ شـوێنی بـەتاڵمان دەسـت نەکـەوت لێـی دابنیشـین، ویسـتمان بگەڕێینەوە ژوورەکەی خۆمـان، یـەکێك لـە نزیـك تەلـەفزیۆن دانیشـتبوو، بانگی ئازای کرد و پێی وت: تۆ چی دەکەیت لێرە، ناکات تۆش سـەفەری ئەو دیوت کردبێت؟

ئـازاش ڕووی تێکـردین و وتـی: ئـەو پیـاوە دەناسـم، بازرگانـە، زۆر هاتووچـۆی ئێـران دەکـات، بـا بـزانین چ زانیـارییێکی لـە بـارەی ئـەم ڤایرۆسەوە پێیە.

کـە چـووینە لای، ئێمـەی بـە وانـی تـر ناسـاند و داوای لێکـردن لـە تەنیشت خۆیان شوێنمان بکەنەوە.

ئـیتر ئـەوەبوو، شـوێنی ئێمـەیان کـردەوە و لـە تەنیشـت ئـەوان دانیشـتین. ئـازا ڕوووی لـە هاوڕێیەکـەی کـرد و پێـی وت: لـە کەیـەوە کەرەنتینە کراویت؟

وتی: چوار ڕۆژە لێرەم، هێشتان دە ڕۆژم ماوە، ئەگەر ئەنجامی پشکنینەکەم نێگەتیڤ دەربچێت، دەردەچین.

ئازاش وتی: تاکو ئێستا هیچ کەس لەوانی ئێرە، ئەنجامی پشکنینەکەی پۆزەتیڤ بووە؟

وتی: تاکو ئێستا پشکنینی هیچ کەسێك پۆزەتیڤ دەرنەچووە، بەڵام لە هەواڵەکانی دوێنێ شەو، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە مەلایەکی بە تەمەن، لە شاری سلێمانی بە هۆی ڤایرۆسی کۆڕۆناوە گیانی لەدەست داوە.

ئازاش وتی: گوایە سەرچاوەی ئەم ڤایرۆسە، شەمشەمە کوێرەیە، بۆیە چینیەکان گرتوویانە، چونکە گۆشتی شەمشەمە کوێرە دەخۆن.ئەویش وتی: ئەمە تەنها قسەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، دەنا پەیوەندی بە شەمشەمە کوێرەوە نیە، تاکو ئێستا بە تەواوەتی بە دیارنەکەوتووە کە سەرچاوەکەی چیە.

ئازاش وتی: ئەی ناڵێن ئەو مەلایە بۆچی تووشی ئەم ڤایرۆسە بوە، ناکات ئەویش وەکو ئێمە سەفەری ئێرانی کردبێت؟

ئەویش وتی: خانەوادەکەی ویستیان لە ڕای گشتی بشارنەوە، وتیان بۆ هیچ شوێنێك سەفەری نەکردووە، لە خۆیەوە مردووە. بەڵام دواتر دەرکەوت کە بۆ نەشتەرگەری ماوەیەك بەر لە ئێستا چۆتە ئێران و پێش مردنی بە حەفتەیەك گەڕاوەتەوە.

کاروان کە ئەوەی گوێ لێ بوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: من ئەمزانی خێر لەم گەشتە نابینم و شتێکی خراپم بەسەر دێت.

پیاوەکە بە سەرسوڕمانەوە وتی: بەچی دەزانیت؟!

کاروانیش وتی: تۆ نازانیت من کەسێکی چەند بەدبەخت و چارەڕەشم، هەموو ژیانم خەم و پەژارەیە، هاوسەرەکەم هانی دام

گەشتێك بكەم و هەوایەك بگۆڕم، بەلاّم نەمزانی ئەم گەشتە دەبێتە شووم و گیانی خۆمی لە سەر دادەنێم.

پیاوەکەش ڕووی لە ئازا کرد و پێی وت: ئەم برادەرە ورەی زۆر ڕووخاوە، ئەگەر وابڕوات، ڤایرۆسەکە بەسەریدا زاڵ دەبێت.

ئازاش وتی: بۆچی ئەم ڤایرۆسە چ پەیوەندییێکی بە مەوە هەیە؟

ئەویش وتی: لەوەتی لێرە کەرەنتینە کراوین، هەندەمان لە بارەی ئەم ڤیرۆسە گویَ لیَ بووە، هەموومان بووینەتە شارەزا و پسپۆر.

بەردەوام بوو لە قسەکانیدا و وتی: زانا چینییەکان توێژینەوەیان لە سەر ڤایرۆسەکە کردووە دەڵێن (ئەم ڤایرۆسە زیاتر کار لە بەساڵاچوان و ئەو کەسانە دەکات کە نەخۆشن یان ورەیان بەرداوە، چونکە ئەوان هێزی بەرگریی لەشیان لاوازە و ڤایرۆسەکە بە ئاسانی بەسەریاندا زاڵ دەبێت و زیان بە دڵیان دەگەیەنێت و خانەکانی سییەکانیان لە ناو دەبات و دەیانکوژێت).

کاروان کە ئەمەی گویَ لیَ بوو، هێندەی تر ورەی بەردا و لە خەفەتان نقەی لێوە نەهات.

دوای ئەوە ئازا ڕووی لە برادەرەکەی کرد و پێی وت: چی هەیە و چی نیە؟

ئەویش وتی: باس باسی کۆڕۆنایە، لەوەتی ئەم پەتایە بلاّو بۆتەوە، لە باسکردنی کۆڕۆنا بەولاوە هیچی ترمان لە تەلەفزیۆن گویَ لیَ نابێت. چینیەکان ئەمریکا تۆمەتبار دەکەن، گوایە ئەوان ئەم ڤایرۆسەیان دروست کردووە و لە شاری وەهان لاّویان کردۆتەوە. ئەمریکیەکانش چینی پیَ تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن دەسکردی خۆیانە. ئێران و ئەوروپاش گیرۆدەی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە بوونە و ڕۆژانە سەدان کەسیان تووش دەبێت و دەیان پێی دەمرن.

له درێژەی قسەکانیدا وتی: ستایش بۆ خوا وەزعی ئێمە لەو وڵاتانە باشترە، کە ڤایرۆسەکەی تیا بڵاو بۆتەوە، تاکو ئێستا تەنها ئەو پیاوە ئایینییەی شاری سلێمانی گیانی لە دەست داوە، دەڵێن خانەوادەیەکیش لە شاری کەرکوك گرتوویانە.

ئازاش وتی: پێت نەوتم تۆ چ کارێکت لە ئێران هەبوو، بۆچی چووبوویت؟

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: هەر زەواجی موتعە نیە!

ئازاش وتی: نزا بکە ئەو کەسەی لەگەڵی خەوتوویت، ڤایرۆسەکەی بەرنەکەوتبێت، دەنا وێران دەبیت.

ئەویش وتی: ئەی تۆ لەوێ چیت دەکرد؟

ئازاش ئیشارەتی بۆ من و کاروان کرد و وتی: لەگەڵ ئەم هاوڕێیانە بە گەشت چووبووین بۆ وڵاتی ئازربایجان.

ئەویش وتی: کەواتە بۆچی ئێوەیان کەرەنتینە کردووە؟

ئازاش وتی: ئیمە بە ناو خاکی ئێران چووین و هاتینەوە.

ئەویش وتی: ئەگەر هەر ئەوەندە بێت هیچ نیە، تاکو ئێستا لە ئازربایجان کەس تووشی ئەم ڤایرۆسە نەبووە.

ئازاش وتی: خۆزگە هەر ئەوەندە بوایە.

ئەویش وتی: لە قسەکانت دیارە، شتیك دەشارنەوە.

ئازاش باسی شەوە سوورەکەی بەندەر ئەنزەلی بۆ کرد و وتی: بۆیە دەترسین، چونکە ئەو دوو ژنەی بۆیان هێنابووین، ڕۆژی پێشتر سەردانی شاری قومیان کردبوو.

کە وای وت، برادەرەکەی لێمان دوور کەوتەوە و وتی: باوکە ڕۆ، ئێوە چیتان کردووە، سەد لە سەد تووش بوونە، لێم نزیك مەکەونەوە، با منیش تووش نەبم.

ناکات حاڵی خۆت پێ لە ئیمە باشتر بێت، تۆش لەگەڵ ژنی ئێرانی خەوتوویت.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، تیمێکی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتن، ئێمەیان بانگ کردە لای خۆیان و سامپلێکیان لە ناو لووتمان بۆ پشکنین وەرگرت.

کاروانیش وتی: چی لەم سامپڵە دەکەن؟

سەرۆکی تیمەکەش وتی: دەینێرینە تاقیگە، شیکاری بۆ دەکەین، ئەگەر هیچی تیا دەرنەچێت، دوای دوو حەفتەی تر ڕێگاتان پێ دەدەین بگەڕێنەوە ناو خانەوادەکەتان. ئەگەر پۆزەتیڤیش بێت، بۆ نەخۆشخانەتان دەنێرین و دەتانخەینە ژێر چاودێری چڕەوە.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، پەخشکەری هەواڵەکانی تەلەفزیۆن وتی: ئەو پزیشکە چینییەی کە یەکەمین کەس بوو ئەم ڤایرۆسەی لە شاری وەهان ئاشکرا کرد، حکوومەتی چینی ئەوکات گوێیان لێی نەگرت، تەنانەت فشاریشیان خستە سەری کە هیچ لێدوانێکی لەو جۆرە نەدات. دوای ئەوەی تووشی ڤایرۆسەکە بوو، ئەمڕۆ لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

پەخشکەری هەواڵەکە لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەم ڕووداوە بووە هۆی نیگەرانی ملیۆنەها هاولاتی چینی. ئەم پزیشکە ناوی (لی لیانگ) ە، تەمەنی سی و چوار ساڵە، پزیشکی نەخۆشییەکانی چاوە لە شاری وەهان. لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی لە فێسبووک، لە کۆتایی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠١٩ نووسی بووی (ڤایرۆسێکی کوشندە لەم شارە بلاوبۆتەوە). بەلام دەسەلاتدارانی چین بڕوایان پێی نەکرد. وێڕای ئەوە، ئەو بەردەوام بوو لە بلاوکردنەوەی زانیاری لە سەر ڤایرۆسەکە و لە ڕێگای واتس ئاپ و یوتوپ ڕۆژانە زانیاری زانیاری نوێی بلاو دەکردەوە و دەیوت (ئەم ڤایرۆسە جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی تری ڤایرۆس هەیە، ناوکی ئەم ڤایرۆسە، لە ناوکی ڤایرۆسی سارس دەچێت، کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە جیهاندا بلاوبۆوە. بەلام چواردەوری بە تاجێک چنراوە،

ناوەکەشی هەر لەوەوە هاتووە. ئەمەو (لی لیانگ) ئامۆژگاری هاوڵاتیـانی دەکرد کە لە کاتی چوونە دەرەوەیاندا دەمامك ببەسـتن و دەستکێشـیش لە دەست بکەن، بۆ کاری پێویست نەبێت، نەچنە دەرەوە).

دوای ئـەم لێدوانانـەی، پۆلیسـی شـاری وەهـان و بەڕێوەبـەری ئـەو نەخۆشــخانەیەی کــە (لــی لیــانگ) کــاری لێ دەکــرد، بانگیــان کــرد و بەڵێننامەیەکیان پێی پڕ کردەوە کە نابێت هیچی تر ئەو لێدوانانـە بـدات، دەنا دەیگرن و دەیدەنە دادگا. بەڵام دواتر کـە هـەزاران کـەس لـە شـاری وەهان و وڵاتانی تر تووشی ڤایرۆسەکە بوون و زانایانیش لێدوانەکانی ئەم پزیشـکەیان پشتڕاسـت کـردەوە، حکوومـەتی خـۆجێیی شـاری وەهـان، پەشیمان بوونەوە و چوونە لای پزیشکەکە و داوای لێبوردنیان لێی کرد.

پەخشـکەری هەواڵـەکان بـە سـەر سـوڕمانەوە وتـی: دەزانـن ئـەم پزیشکە دواتر چی بەسەرهات؟

هــەر بــە خـۆی وەڵامـی پرسـیارەکەی دایـەوە و وتـی: بـە هـۆی ڤایرۆسەکەوە کەوتە ژێر چاودێری چڕەوە، بەڵام دوای تێپـەڕبوونی چـوار ڕۆژ بە سـەر دەرکـەوتنی نەخۆشـیەکەی، ئـەمڕۆ (7فەبرایـەری ٢٠٢٠) لـە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دا.

کە ئازا ئەمەی گـوێ لێ بـوو، ڕووی لـە ئێمـە کـرد و وتـی: بـە هـۆی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەوە ئەم هەموو شتە ڕوویانداوە کەچی ئێمە بێ ئاگا بووین.

کاروانیش بە توڕەییەوە پێی وت: هەمووی بەهۆی تۆوە بوو، تۆ لـە بەر کێرت نەتهێشت ئێمەش سەیری تەلەفزیۆن بکەین و گوێ لـە هـەواڵێك بگرین، هەر خەریکی قەحپە گان بوویت.

ئازاش وتی: ئەی ئێوەش لەگەڵ من بەشدار نەبوون.

کاروانیش وتی: من تەنها یـەك ڕۆژ بەشـداریم لەگـەڵکردیت، خۆزگـە بمردبام ئەوەم نەکردبا.

ئەویش وتی: بەڵام کە لەگەڵ ئـەو ژنـە جوانـە خـەوتی، وات نـەوت، ئەو ڕۆژە لە خۆشیان نەخەوتی، تا بەیانی گۆرانیت بۆ وتین.

کاروانیش وتی: ئەگەر بمزانیبا پەتایەکی وا کوشـندە بـڵاو بۆتـەوە، چۆن لەگەڵی دەخەوتم.

منـیش وتم: ئەگـەر دەمـت نەخسـتبێتە نـاو دەمـی و لێوەکانیـت نەمژیبێت، هیچ ڕوونادات.

کاروانیش وتی: بۆ شوێن ماوە نەمژیبێت، پێت وایە کەسـێك لەگـەڵ ژنێکی وا جوان بخەوێت، خۆی پێ کۆنترۆل دەکرێت؟!

ئازاش وتی: کەواتە دەنگ مەکە و چاوەڕێ بکە، بـزانین چـیمان بـە سەر دێت.

کاروانیش ڕووی لە من کرد و وتی: تەنها تـۆ قازانجـت کـرد، کـە لـە گەڵیان نەخەوتی، خۆزگە منـیش وەکـو تـۆم کردبـا، ئێسـتا تووشـی ئـەم دڵەڕاوکێیە نەدەبووم.

منــیش دڵــیم دایــەوە و پــێم وت: تــاکو ئێســتا هــیچ حاڵــەتێکی بەرکـەوتنی ئـەم ڤایرۆسـە لـە ئازربایجـان ڕانەگەیانـدراوە، ئـەوەی جێـی مەترسییەن تەنها خەوتنتانە لەگەڵ ژنەکانی ئێران، چونکە ئـەم ڤایرۆسـە شاری قومیشی گرتۆتەوە و سەدان کەس بەو هۆیەوە گیانیان لـە دەسـت داوە.

ئێمـە لـەم قسـانەدا بـووین، کـەناڵی ئاسمـانی جـەزیرە لـە میـانی هەواڵەکانیـدا وتـی (ئـەمڕۆ پێنجشـەممە ڕێکـەوتی ٢٠٢٠/١/٣٠ ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی لـە سـەر زاری بەڕێوەبـەرە گشـتییەکەی (تیـدوس ئەدهانوم) لـە شـاری جنێـف، حـاڵەتی نائاسـایی بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنـا ڕاگەیانـد و وتـی (تـا ئـەمڕۆ ژمـارەی توشـب,وانـی ئـەم ڤایرۆسە لە چین گەیشتۆتە هەشت هەزار و سەد کەس، بەمـەش لـە کـۆی توشبووانی ڤایرۆسی (سارس) ی تێپەڕاندووە کە لە ساڵی( ٢٠٠٢–٢٠٠٣ ) بڵاو بۆتەوە.

بـه هـەرحاڵ، ماوەیـەك لـە كەرەنتینـە ماینـەوە، دوو ڕۆژی مـابوو ماوەكـەمان تـەواو بێـت، تیمێكـی پزیشـكی سـەردانی كـردین و پێـی ڕاگەیانـدین كـە یـەكێك لـەو كەسـانەی كـە لـە ئێـران گەڕاوەتـەوە و لەگەڵماندایە، ئەنجامی پشـكنینەكەی گەڕاوەتـەوە و پۆزەتیڤـە، ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت، كە ئەو كەسە تووشی ڤایرۆسەكە بـووە و مەترسـی بـۆ سەر گیانی ئێوە هەیە.

لە درێژەی قسەكانیدا وتی: بـۆ سـەلامەتی ئێـوە، لـەمڕۆوە بـۆ دوو حەفتەی تر كەرەنتینە كردنتان درێژ دەكرێتەوە.

كە وای وت، كاروان حەپەسا، هەناسەیەكی سـاردی هەڵكێشـا و بـە خەمباریەوە سەیری من و ئازای كـرد و وتـی: نـەموت، هـیچ بـەختم نیـە، ئەنجامی سامپڵەكەی منیش پۆزەتیڤ دەبێت و بەم ڤایرۆسە دەمرم.

ئازاش وتی: ماڵت بە قوڕ نەگیرێت، لـەوەتی هاتوینەتـەوە، تـۆ ئـەم قسـەیەت بـە دەمـی خـۆت گرتـووە و وەكـو بنیشـتە خۆشـە دەیلێیـت و دەیلێیتەوە.

ئەو ماوەیەی كە لە كەرەنتینە ماینەوە، خۆمانم وەكو زیندانی كـراو دەهاتە بەرچاو، تەنانەت كەسیش بۆی نەبوو سەردانمان بكات، تـەنها لـە ڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەنـدییان پێـوە دەكـردین و بۆمـان هـەبوو ئێمـەش پەیوەندییان پێوە بكەین.

دەنگوباسی بڵاوبوونـەوەی ڤایرۆسـەكەش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ گـەرم و گـوڕتر دەبـوو، ڤایرۆسـەكەش زۆر بـە خێرایـی بـڵاو دەبـۆوە، بـە چـەند ڕۆژێكی كەمن هەزاران كـەس لـە شـاری وەهـان تووشـی بـوون و سـەدان كەسیش گیانی لە دەست دا. هەروەها ئەم پەتایە شاری قومیشی گرتەوە و لـە ماوەیـەكی كـەم سـەدان كـەس تووشـی ڤایرۆسـەكە بـوون و دەیـان كەسیش بوونە قوربانی.

ئەمە و لە نێو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە کەرەنتینە کرابوون، دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە شاری هەولێر بڵاوبۆوە، بەڵام لە تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیاکان هیچ دەنگی نەبوو.

لە بارودۆخێکی دەروونی زۆر خراپدا بووین، من لە خەمی مردنی خۆم نەبووم، بەڵکو لە خەمی هاوسەر و منداڵەکانم بووم، نەوك لێم بگرنەوە. بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە نەدەبوو تا لەناوچوونی ڤایرۆسەکە بە تەواوەتی، پرسە بۆ مردوو دابنێن، تەنانەت ئەوانەی کە بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەمردن، نەدەبوو جگە لە تیمی پزیشکی کەس لێیان نزیك بێتەوە. هەر بۆیە کە پیاوە ئایینیەکەی شاری سلێمانی بە ڤایرۆسەکە گیانی لەدەست دا، لێنەگەڕان کەسوکارەکەی بینێژن، بەڵکو تیمێکی پزیشکی تەرمەکەیان خستە ناو کیسەیەکی نایلۆن و دوور لە چاوی خەڵك لە شوێنێکی تایبەت بە خاکیان سپارد.

چۆنێتی بە خاك سپاردنی ئەو پیاوە ئاینیە، لە لایەن خانەوادەکەی نارەزایی لێکەوتەوە، سۆشیال میدیاکانیش هەریەك و بە جۆرێك باسیان لێوە دەکرد، هەندێکیان دەیانوت (تەرمەکەیان سووتاندووە، بۆ ئەوەی ڤایرۆسەکە لە ژینگە بڵاونەبێتەوە)، هەندێکی تریشیان دەیانوت (تەرمەکەیان بە شێوەیەکی ئاسایی نەناشتووە، گۆڕەکەیان زۆر قوڵ کردووە نەوەك ڤایرۆسەکە بێتە دەرەوە).

هەرچەند ئەو هوتێلەی کە لێی کەرەنتینە کرابووین، هوتێلێکی پاك و خاوێن بوو، ئەو خواردنەی پێشیان دەداین، خراپ نەبوو، بەڵام لەبەر قسەو قسەلۆك و ئەو پرۆپاگاندانەی کە لە ناو هوتێلەکە بڵاو دەکرانەوە، زۆر خەمبار بووین، لە خەفەتان ڕۆژمان لێنەدەڕۆیشت، شەو ڕۆژ بە دیار تەلەفزیۆن و سۆشیال میدیاوە دادەنیشتین، گوێچکەکانمان قوڵاخ کردبوو، چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشمان دەکرد، کەچی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەواڵەکان خراپتر دەبوون.

هەندێك لەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمە کەرەنتینە کرابوون، دڵی خۆیان بەوە دەدایەوە، کە ئەو ڤایرۆسە لەلایەن ئەمریکاوە دروست کراوە و دەستکاری جیناتەکەی کراوە و تەنها لە سەر چینیەکان و ئێرانیەکان کار دەکات، کەچی هێندەی نەبرد، ڤایرۆسەکە گەیشتە ئیتاڵیا و ئسپانیاو لەوێشەوە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە. بە ماوەیەکی کەم ژمارەی بەرکەوتووان و قوربانیانی ئەو وڵاتانە لە چین ئێرانی ڕەت کرد.

هەندێك کەسیش پێیان وابوو، کە ئەمریکا بەم ڤایرۆسە دەستکردەی، دەیەوێ بە سەر گشت نەیارەکانیدا زاڵ بێت. بەڵام هەر زوو ئەم هەواڵانە بە درۆ خرانەوە، پاش ئەوەی پەتاکە گەیشتە ئەمریکا و شاری نیۆیۆرك و چەند شارێکی تریشی گرتەوە. تەنانەت میدیاکانی ئەمریکا، باسیان لەوە دەکرد، کە دۆناڵد ترامپی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی و هاوسەرەکەی تووشی ڤایرۆسەکە بوونە و چارەسەری پزیشکی وەردەگرن. بەڵام هەر زوو قسەکەری کۆشکی سپی ئەم هەواڵانەی ڕەتکردەوە و وتی: دۆناڵد ترامپ تەندروستی زۆر باشە و تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووە.

ئەمەو دوای چەند ڕۆژێك وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی (سەرۆك دۆناڵد ترامپ بۆ دڵنیابوون لە تەندروستییەکەی، پشکنینی ئەنجام دا، ئەنجامەکەش نێگەتیڤ دەرچوو).

زاناو شارەزایانی بواری پزیشکیش لە ئەمریکا و چین و بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و هەندێك وڵاتی تر، لێکۆڵینەوەیان لە سەر ڤایرۆسەکە دەکرد و بە دوای دۆزینەوەی ڤاکسینێك دەگەڕان بۆ لەناوبردنی ڤایرۆسەکە، بەڵام بێ هودە بوو.

ڤایرۆسەکە زۆر بە خێرایی بڵاو بۆوە، لە ماوەیەکی کەم زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە. بۆیە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕایگەیاند کە ئەم ڤایرۆسە بۆتە هەڕەشە لە سەر

مرۆڤایەتی، ئەگەر زوو چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، ژیانی مرۆڤ وێران دەکات.

بە هەرحاڵ، بۆ جاری دووەمیش ئەنجامی پشکنینەکانمان نێگەتیڤ دەرچوون، بۆیە ئێمەیان ئیزن دا، بەو مەرجە کە تا ماوەیەکی تریش لە خۆمان لە خانەوادەکەمان و کەسانی تر بە دوور بگرین، نەوەک هەڵگری ڤایرۆسەکە بین و نیشانەکانی دەرنەکەوێ.

هەرچەند لە کەرەنتینە ڕزگارمان بوو، بەلاّم هێشتان هەر دوودڵ بووین، زەینمان هەر لای ڤایرۆسەکە بوو، بیرو بۆچوونی زانایانیش لەبارەیەوە جیاواز بوو، هەندێك پێیان وابوو، دوای تێپەڕبوونی مانگێك ئەگەری دەرکەوتنی نیشانەکانی لە مرۆڤ هەیە، بەمەش هەموو ئەو کەسانەی وەکو ئێمە سەردانی ئەو وڵاتانەیان کردبوو، کە ڤایرۆسەکەی لێبڵاو ببۆوە، لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوام دەژیان.

هێندەی نەبرد (بۆریس جۆنسۆن) ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش تووشی ڤایرۆسەکە بوو. لە ٦/ئازاری ٢٠٢٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی (CNN ) لە هەواڵێکی بە پەلەدا وتی ( پاش ئەوەی نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆڕۆنای لێبەدیار کەوت، لە ڕۆژی یەکشەممەوە سەرۆك وەزیران خراوەتە ژێر چاودێری چڕی پزیشکییەوە و تەندروستی زۆر خراپە).

ئەمەو هێندەی نەبرد، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم دام ودەزگا فەرمییەکانی کردی بە پشوو، دوا بە دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك قەدەغەی هاتوچۆی کرد و بڕیاریدا گشت هاوڵاتیان لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە تا ئەو کاتەی بە سەر ڤایرۆسەکە زاڵ دەبن و بە تەواوەتی لەناو دەچێت.

**چیرۆك نووس و رۆمان نووس (كەمال سەعدی) :**

= لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لەدایك بووە.

= بڕوانامەی بەكالۆریۆس و ماستەر و دكتۆرای لە یاسا هەیە.

= دەیان كتێبی چاپكراوی لە بواری یاسا و ئەدەب و ڕۆشنبیری هەیە.

= دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و یاسایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەكان بڵاو كردۆتەوە.

= ئەنـدامی یـەكێتی نووسـەرانی كـورد و سـەندیكای ڕۆژنامەنووسـانی كوردستانە.

**ئەو كتێبانەی نووسەر چاپیكردوون لە بواری چیرۆك و رۆماندا:**

– شەش كورتە چیرۆكی كوردی – هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشـید، سـاڵی ١٩٧٦.

– ون بوون – كۆمەڵە چیرۆك، ساڵی ١٩٨٤.

– دەرگا – كۆمەڵە چیرۆك، ساڵی ١٩٩٠.

– ترحێو – كۆمەڵە چیرۆك، ساڵی ٢٠٠٠.

– فەنتازیا – كۆمەڵە چیرۆك، ساڵی ٢٠١٠.

– سەعید زەبۆكی لای خۆمان – رۆمان، چاپی یەكەم ساڵی ١٩٩٧.

– مەملەكەتی ڕۆبۆتەكان – ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٧.

– بیرەوەریی جەنگاوەرێك – ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٨.

– حەج و عومرە – رۆمان، ساڵی ٢٠١٩.

– خانمباز – رۆمان، ساڵی ٢٠١٩.

– رۆمانی ڕۆژگارە تاریك و دژوارەكان – رۆمان، ساڵی ٢٠١٩.

– شەوانی باكۆ – رۆمان، ساڵی ٢٠٢٠.